
# چیرۆکەکانی ئیزۆپ

## یان

## لەناو گیانداران دا




عەزیز گەردی، لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی

عمادة مكتبة الآداب

# چیرۆکەکانی ئیزۆپ

## یان

## لەناو گیانداران دا

ئەم هەڤایەتانە ۲٥۰۰ ساڵ پێش ئێستا لە زمانی ئیزۆپ
پەرت بووین و لە یۆنانەوە بە دونیادا بڵاو بوونەتەوە ٠


## عەزیز گەردی

لە ئینگلیزی یەوە کردوویە بە کوردی



ئەمانەتی گشتی رۆشنبیری و لاوان یارمەتی داوە

---

چاپخانەی .. الحوادث ..

بەغدا ـ ۱۹۸۲


Scanned with CamScanner

# حكايات ايزوب
# او مع الحيوانات

ترجمه من الانكليزية الى الكردية

**عزيز گەردی**

★ ★ ★

FABLES OF AESOP

Translated from English into Kurdish

By :

AZIZ GARDI

Scanned with CamScanner

# سەرەتا

**خوێنەری خۆشەویست !**

ئێمە هەموومان هەر لە منداڵی‌یەوە سەدان بگرە هەزاران هەقایەتی گیاندارانمان لە پیروبێشینانی کوردەواری خۆمان بیستوە • ئەم هەقایەتانە هەموو کورت‌و پڕ مانان‌و هەر یەکە مەبەستێکی تایبەتی تێدایە ؛ جا ئامۆژگاری بێ ، هوشیارکردنەوە بێ لە مەترسی ، پەندو عیبرەت بێ ، سوود وەرگرتن بێ لە زیان‌و بەدبەختی خەڵك ، هەرچی هەبێ •

ئێستا کە ئەم هەقایەتانەی مام ئیزۆب دەخوێنینەوە ، دەبینین زۆربەی هەرە زۆریان لە کوردەواری خۆمان هەن‌و نەوە بە نەوە لە گوێ ئاگردان بۆ یەکتری دەگێڕنەوە • بەڵام ئەم ڕێکەوتە چۆن هاتوە ؟

ئایا مام ئیزۆب هەقایەتەکانی لە کوردەواری وەرگرتوە ؟ یان کورد هەر لە کۆنەوە هەقایەتەکانی مام ئیزۆبیان وەرگرتوە ؟ ئەم مەسەلە قووڵ‌و ئاڵۆزەیە بە گەمان یەك لا ناکرێتەوە ؛ چونکە بۆ هیچ کامێکیان بەڵگەی هێندە پتەومان بە دەستەوە نی‌یە کە دڵمان پێ‌دابکەوێ • بەڵام دەتوانین بڵێین ئەم هەقایەتانە بەرهەمی بیری



Scanned with CamScanner

هەموو مرۆڤایەتین و لای هەموو نەتەوەو میللەتێک هەن ، هەموو لا بەشداری داهێنان و پەرەپێدانی ئەم هەقایەتانەیان کردووە ؛ چونکە ئاشکرایە ئەم هەقایەتانە بەرهەمی بیرو لێکدانەوەی بنیادەمی کۆن و سەرەتایین و لە بەر ئەوەی بنیادەمی کۆن زۆر لە گیانداری کەوی و کێوی نزیک بوو ، هاتوە هەقایەتی بە زمانی ئەم گیاندارانە هەڵبەستوەو کول و کۆڤان و کەسەری دڵی خۆی پێ دەربڕیوەو زۆر ڕەخنەی گرتوەو گەلێ پلاری هاویشتوە ، کە ئەگەر بهاتایە ڕاست و ڕاست دەری ببڕیبوایە لەوانەبوو تووشی کێشەو قەرقەش بێ .

بۆیە من وای بۆ دەچم کە ئەم هەقایەتانەو هەقایەتی تری وایش زادەی بیری هەموو میللەتێکن و فۆلکلۆرو کەلەپووری هەموو میللەتێک سەدان هەقایەتی وەکو ئەمانەیان تێدایە ، ئەوەندە هەیە لەبەر ئەوەی یۆنانەکان لە خوێندەواری پێشکەوتوو بوون و دەستێکی باڵایان لە زانست و هونەرو یاساو هەموو لکەکانی تری بەرهەمی بیری مرۆڤایەتی هەبوو ، توانیان دەستپێشخەری بکەن و ئەم هەقایەتانە بخەنە سەر قاقەزو بەناوی خۆیانەوە بیخەنە ناو گەنجینەی مێژووەوە .

**ئیزۆپ :**

لە دوا دوای سەدەی پێنجەمی پێش زایین ناوی ئیزۆپ لە یۆنان بوو بە ویردی سەر زاری هەموو کەسێک . ڕاستی ،



Scanned with CamScanner

ژیانی ئەم کابرایە زۆر ئاڵۆزو شراوەیە ، تا ئێستا ژیانی بە تەواوی ڕون نەبۆتەوەو پەردەی گومانی لەسەر لانەدراوە بگرە هەندێ لەوانەی باسی ئیزۆپیان کردوە وای بۆ چووین کە هیچ کەسێکی ڕاستەقینە نەبوە ناوی ئیزۆپ بێ‌و هەقایەتی بە زمانی گیانداران هەڵبەستبێ بەڵکو ئیزۆپ ڕەمزێ بوە بۆ داهێنەرێکی خەیاڵی ئەم هەقایەتانە کە ڕەنگە بە کردوکۆشی دەیان کەس هاتبێتە کایەوە ؛ چونکە گریکەکان ئەم عادەتەیان هەبوو هەر جۆرە بەرهەمێکی ئەدەبی‌یان دەدایە پاڵ کەڵە نووسەرێك ؛ بەڵام هەندێ مێژونووس لەو بڕوایە دان کە ئیزۆپ هەبوەو بۆ پەندو عیبرەت‌و ئامۆژگاری‌و ڕاوێژکاری ئەم هەقایەتانەی داناوەو بەناو خەڵکدا بڵاوی کردوونەتەوە . ئەوەتا (هیرۆدۆتس) لە مێژووەکەی‌دا باس دەکا کە ئیزۆپ هەبوەو داهێنەری هەقایەتی گیاندارانەو لە ناوەڕاستی سەدەی شەشەمی پێش زایین ژیاوەو خەڵکی دوورگەی ( سامۆس ) بوەو خۆی کۆیلە بوەو لە ئاخروئۆخری ژیانی بە دەستی خەڵکی (دەلفی) کوژراوە . نووسەرەکانی پاشتریش باسی ئیزۆپیان کردوە بەڵام قسەی ئەوان جێی متمانە نی‌یە چونکە بەڵگەی پتەویان نی‌یە ، ئەوەندە هەیە لە بارەی کوژرانی ئیزۆپ بە دەستی دەلفی‌یەکان قسەی هەموویان تێك دەکاتەوە .

پاش سەدەی پێنجەمی پێش زایین هەقایەتەکانی ئیزۆپ کەوتنە ناو خەڵك‌و بە تەواوی بڵاوبوونەوە ، زۆر نووسەری گەورە باسی ئیزۆپ‌و هەقایەتەکانیان کردوە وەکو : ئەرەستۆفان، زینەفون،



Scanned with CamScanner

ئەفلاتون ، ئەرەستۆ ••• ئەوەش دیار نی‌یەو ساغ نەبۆتەوە داخۆ دەقی ئەم هەقایەتانە ئیزۆپ خۆی نووسیویە یان هاوچەرخێکی خۆی دایڕشتونەتەوە ، یان پاشان کۆکراونەتەوەو نووسراونەتەوەو بڵاوکراونەتەوە ؟ بەڵام ئەوەندە هەر دەمێنێتەوە کە ئەم هەقایەتانە بوونەتە مولکی ئیزۆپ‌و بە ناوی ئەوەوە بڵاوبوونەتەوە •

## هەقایەتی گیانداران پێش ئیزۆپ :

ئەگەر لە بەرهەمی کۆنی یۆنانی بکۆڵینەوە دەبینین هەندێ هەقایەتی گیانداران لە سەدەی حەفتەم‌و هەشتەمی پێش زایین لە شیعری یۆنانی‌دا هەن بەڵام لە شیعری (هۆمەر)ی بابەگەورەی داستانی یۆنانی‌و جیهانی‌دا هیچ هەقایەتی گیانداران نابینین • (هزیۆد) هەقایەتی (پەپووو ڕێوی‌مێیە) و (ڕێوی‌و مەیموون) ی کردوە •

ئەوەشمان لە بیر نەچێ هەر لە کۆنەوە پەیوەندی لە نێوان ئەدەبی هیندی‌و گریکی هەبووەو کاتی خۆی کۆمەڵە هەقایەتێکی گیاندارانی هیندی کراوەتەوە گریکی‌و هەندێ کەس وای بۆ دەچن کە ئەم هەقایەتە هیندی‌یانە سەرمەشق بووین بۆ ئیزۆپ‌و هەقایەتنووسەکانی‌تری گریکی ، بەڵام ئەم هەقایەتە هیندی‌یانە لە سەدەی چوارەمی پێش زایین کۆنتر نین ، بۆیە ئەم ڕایە ڕێی گومانی تێدایە ، بەڵام لەگەڵ ئەمەش‌دا هەقایەتی هیندی‌و گریکی زۆر لێك نزیکن‌و هەر لە کۆنەوە کاریان لە یەك کردووەو



Scanned with CamScanner

سوودیان لەیەك بینیوە • بێجگە لە هەقایەتی هیندی ڕەنگە هەقایەتی میسری و ئاسووریش کەوتبنە ناو یۆنان و ڕێیان بۆ ئەم جۆرە ئەدەبە خۆش کردبێ بەڵام لەبەر ئەوەی بەڵگەی پتەومان بە دەسەوە نی‌یە ئەوەش هەر وەك فەرز دەمێنێتەوە • سەباری ئەم هەموو بۆچوونانەش ئەوە هەر دەمێنێتەوە کە گریکەکان داهێنەرو چەسپێنەری بناغەی هەقایەتی گیانداران و ئەم جۆرە ئەدەبی‌یەش وەکو هەموو لکەکانی تری بەرهەمی بیری مرۆڤایەتی لەوێوە گەیشتۆتە ڕۆپەو تەقیوەتەوە بە دونیادا وەربووە هەموو خاك و زەوی‌یەکی پاراو کردۆتەوە •

## هەقایەتی گیانداران پاش ئیزۆپ :

لەبەر ئەوەی ئیزۆپ زۆر بە ناوبانگ بوو پاش ئەویش هەندێ هەقایەت کە تازە دادەندران هەر دەدرانە پاڵ ئەو بگرە ئیزۆپ و هەقایەتی گیانداران هێند پێکەوە لکابوون هەندێ نووسەر سەرچێخ چووین و هەقایەتی پێش ئیزۆپیشیان داوەتە پاڵ ئیزۆپ • ئەرەسنۆفان هەقایەتی ( هەڵۆو ڕێوی‌مێ‌یە ) بۆ ئیزۆپ دەباتەوە کە ڕاستی‌یەکەی ئارکیلۆز نووسیویە کە سەدەو نیوێك پێش ئیزۆپ ژیاوە • دیمیتروس ساڵی ٣٠٠ پ • ز کۆمەڵە هەقایەتێکی گیاندارانی ڕێك‌خست و بە بە پوختەو ڕوختەیی لە ئەسینا بڵاوی کردەوە • لە سەدەی یەکەم و دووەم هەندێ هەقایەتی گریکی و لاتینی بڵاوبوونەوەو هۆراس سێ چیرۆکی ( ١ ، ٤١ ، ٤٦ ) بە کورتی بڵاوکردەوە • فایدرۆس



Scanned with CamScanner

کۆمەڵە هەقایەتێکی بە لاتینیو بە شیعر بڵاوکردەوە • دەوروبەری ٤٠٠ ز بابریۆس کۆمەڵە هەقایەتێکی بە گریکی بڵاوکردەوە ، ئەڤیانوسی ڕۆمانی ٤٢ هەقایەتی بە شیعر داڕشتو بە لاتینی بڵاوی کردنەوە • پاش سەدەی پێنجەمی زایینی زۆر هەقایەت لە فایدرۆسو ئەڤیانوس وەرگیرانو بڵاوکرانەوە • لە سەدەی دەیەمی زایینی کۆمەڵە هەقایەتێکی گیانداران بە فەڕەنسی بڵاوبووەوە ، پاشانیش لە سەدەی حەڤدەم لافۆنتێن دوازدە نامیلکەی لەم هەقایەتانە بڵاوکردەوە • لە ئینگلیزیش یەکەم کۆمەڵە هەقایەتی لەم بابەتە لە سەدەی پازدەهەم بڵاوکرایەوە • ئەم هەقایەتە فەڕەنسیو ئینگلیزییانە هەرچەندە شتی ڕەسەنو خۆییان تێدایە بەڵام بە گشتی هەر لە هەقایەتەکانی گریكو بگرە ئیزۆپ وەرگیراون •

لەسەردەمی نوێشدا ئەم هەقایەتانە بایەخێکی زیاتریان پێدراوەو هەموو نەتەوەو میللەتێك وەریان گرتوونو بە زمانی نەتەوایەتی خۆیان بڵاویان کردوونەتەوەو سوودیان لێوەرگرتوون بەڵام تا ئێستا ئەم هەقایەتانە بە تەواویو بە یەك جێ نەکراونەتە کوردیو نەخراونەتە بەر دەستی خوێنەرانی کوردەوە ؛ بۆیە من بە پێویستم زانی ئەم هەقایەتانە بکەمە کوردیو بیانخەمە بەردەستی خوێندەوارانی کورد بەتایبەتی منداڵە ئازیزەکانمان بۆ ئەوەی مێشكو دڵیان پێزاخاو بدرێتەوەو سوودی لێوەربگرن •

**عەزیز گەردی**
**بەحرکە**
**٢٩-١-١٩٨٢**



Scanned with CamScanner

# ١ ـ بەڵگەی ئارام

ڕێوی‌یەکی نیمچە برسی هەندێ نان‌و گۆشتی شوانانی لە کلۆرایی داربەڕوویەك دی ، خزی‌یە ناو کلۆرایی‌یەکەو نان‌و گۆشتەکەی خوارد ، هێندەی خوارد سکی هەڵدەڤ‌و نەیتوانی بێتە دەرەوە • ڕێوی‌یەکی‌دی بەوێدا هات‌و گوێی لە هاوارو فیغانی ڕێوی‌یەکە بوو ، چوە لایەوەو کە لە مەسەلەکە گەیشت گوتی : « دە باشە ، لەوێ بە تا برسی دەبی‌و وەکو جاران باریك دەبیەوە ، هەنگی بە ئاسانی دەتوانی بێیتە دەرەوە • »

★ لەم هەقایەتەدا دیارە چۆن ڕۆژگار چارەسەری گیروگرفتی سەخت‌و دژوار دەکا •



Scanned with CamScanner

## ٢ ـ دۆست یان دوژمن ؟

ڕێوی‌یەك بە دیوارێك هەڵگەڕا ، خلیسکی بردو خۆی بـە پرچکێك گرتەوە • دڕکێکی لە چڕنووك ڕاچووو برینداری کرد، ڕێوی لەبەر ئازاری خۆی هاواری کرد : « چاوەکەم ، من بۆیە مانام هێنایە بەر تۆ تا یارمەتیم بدەی کەچی خراپترت بەسەر هێنام•» پرچکەکە گوتی : « ڕاستە ، برام • بەڵام سەهووبووی کە ویستت خۆت بە من بـگریتەوە چونـکە دەبینی من خـۆم بـە خەڵـكدا شۆڕکردۆتەوە • »

★ ئەم بەسەرهاتە گەوجایەتی ئەو کەسانە دەردەخا کە داوای یارمەتی لە هی وا دەکەن کە هەر بە سروشت حەزیان لـە خراپەیە نەك چاکە •



Scanned with CamScanner

## ٣ - تریێی ترش

ڕێوی‌یەکی برسی هەندێ هێشوە تریێی بە دارمێوێنکەوە دی کە بە درەختێکی بەرز هەڵگەڕا بوو • ویستی بیخوا بەڵام بەرز بوو دەمی نەگەیشتێ • ناچار ملی شۆڕکردو ڕۆیشت • دڵی خۆی بەوە دایەوە گوتی : « ئەم تریێیە ترشە ، هێشتا نەگەییوە ، ناخورێ • »

★ هەرواش ، هەندێ کەس کە لە بێدەسەڵاتی خۆیان هیچیان پێناکرێ گزاندە لە زروفو زەمانە دەکەن •



Scanned with CamScanner

# ٤ ـ کردەوە لە قسە گرنگترە

ڕێوی‌یەك ڕاوکەری بەدواوەبوون ، دارکەرێکی دی ، لێ‌ی‌پاڕایەوە بەڵکو داڵدەی بداو لە ڕاوکەرانی بشارێتەوە • دارکەرەکە گوتی : « بڕۆ ناو زنجەکەم ، کەس شکت ناکا ، زۆری نەبرد ڕاوکەر هاتن‌و سۆراغی ڕێوی‌یان لە دارکەرەکە پرسی • دارکەر وەڵامی دانەوە « نەخێر » بەڵام کە وای گوت پەنجەی بۆ جێگای ڕێوی‌یەکە درێژ کرد • ڕاوکەرەکان پێ‌یان‌بڕوا کردو گوێ‌یان بە ئیشارەتەکەی نەدا • کە ڕاوکەرەکان ڕۆیشتن ڕێوی هاتە دەرەوە بە بێ دەنگی ڕۆیشت • دارکەرەکە لۆمەی کردو گوتی : « لە مردن ڕزگارم کردی ، هەر سوپاسیشم ناکەی ! »

ڕێوی وەڵامی دایەوە : « ئەگەر قسەو کردەوەت یەك بوایە زۆر سوپاسم دەکردی • »

★ ئەم هەقایەتە لەسەر ئەو کەسانەیە کە بە قسە چ لە خۆیان ناهێڵنەوەو بە ڕەفتاریش خراپن •

## ٥ ـ گەوج لە بێ ئەقڵی تێ دەچێ

مەیموونێك لە کۆبوونەوەی گیانداران بە جۆرێکی وا هەڵپەڕی دڵی لە هەموویان سەندو کردیانە پاشای خۆیان • ڕێوی چاوی بێ هەڵنەهات • تەڵەیەکی دۆزی‌یەوە پەلە گۆشتێکی نەرمکی پێوە بوو ، چوو مەیموونەکەی بردە سەرێ‌و گوتی : « پاشام خۆش بێ ، ئەم خواردنە زەریفەم پەیدا کردوە بەڵام دڵم نەهاتوە بیخۆم • بۆ زیافەتی دەرباری شاهانە باشە ، فەرموو بیبە ! » مەیموونەکە بەسەربەستی چوە لای گوشتنەکەو بەتەڵەوە بوو ، ئیدی سەرکۆنەی ڕێوی کرد کە بۆچی تەڵەی لێ داناوەتەوە • ڕێوی گوتی : « کاکی مەیموون ، نەختێ مێشکت هەبێ ، گەوجێکی وەك تۆ ببێتە پشای گیانداران چ دەبێ ! »

★ ئەوەی بێ لێکدانەوە هەوڵی شتێ بدا سەرناکەوێ‌و دەبێتە قەشمەرجارپیش •



Scanned with CamScanner

## ٦ ـ مردوو به دەنگ نایەن

ڕێوی‌و مەیموون پێکەوە چوونە سەفەر • لە ڕێگادا لەسەر ماقوولی‌و خانەدانی لێیان بووە مشت‌ومڕ • کە گەیشتنە شوێنێ کت‌و پڕ مەیموون لە شوێنەکە مووڕ بوەوەو کەوتە ویقەویق • ڕێوی گوتی : چ قەوما ؟ بۆ وا دەکەی ؟ مەیموون ئیشارەتی بۆ هەندێ گۆڕی دەم ڕێگا کردو گوتی : « کە گۆڕی باب‌و باپیرە ئازادەکانم دەبینم چۆن گریانم ڕادەوەستێ • » ڕێوی وەڵامی دایەوە : « بۆ خۆت وا بڵێ ، کەسیان لە گۆڕ ڕاست نابێتەوە درۆت لێ‌ سپی بکاتەوە • • »

★ پیاوی تەلەکەبازیش وایە • کە کەس نەبێ ڕسوای بکا پڕ بەدەم خۆی هەڵدەکێشێ •



Scanned with CamScanner

## ٧ ـ تەماشای پێش خۆت بکە ئینجا شەقاو باوێ

ڕێوی‌یەك کەوتە ناو تەنکی‌یە ئاوێك‌و نەیتوانی بێتە دەرەوە . بزنێکی تینوو بەوێدا هات ، لە ڕێوی پرسی داخۆ ئاوەکە خۆشە ! ڕێوی لە خەنی خۆشیان شاگەشکە بوو ، بە زمانی لووسی خۆی زۆری بە ئاوەکە هەڵگوت‌و بزنی تیخ‌تیخە دا بچێتە ناو تەنکی‌یەکە. بزن لە تینوێتی‌یان لاکەی لێوە دەهات ئیدی بێ بیرکردنەوە چوە ناو تەنکی‌یەکەو تا مڕ بوو ئاوی خواردەوە . کە ویستی بێتە دەرەوە تەماشای کرد تەنکی‌یەکە قووڵەو ناتوانێ سەرکەوێتەوە . ڕێوی گوتی : « ئەمن تەگبیرێکی باش دەزانم ئەگەر بە قسەم بکەی هەردووکمان دەرباز دەبین . وەرە دەستت لە دیوار بکە ڕکەو شاخەکانت قیت ڕاگرە . من بەسەر پشتت دەکەوم‌و دەچمە دەرەوەو لەسەرەوە دەستت ڕادەکێشم‌و دەرت دێنم . » بزن تەگبیرەکەی زۆر بە دڵ بوو . ڕێوی بەسەر قونداو‌و شان‌و شاخی بزن کەوت‌و گەیشتە لێوی تەنکی‌یەکەو بازی‌دا دەرەوەو رای‌کرد . بزن بانگی‌کردو گوتی ئێمە قەول‌و بڕیەمان چۆن بوو ، تۆ چۆن بەڵێنەکەت دەشکێنی . بەڵام ڕێوی هەر هێندە گەڕایەوە سەری کە گوتی : « هاوڕێ ! تۆ مێشکی کاپێلت هێندەی مووی ڕدێنت نابێ ، ئەگەرنا تا تەگبیری هاتنە دەرەوەت نەکردبایە نەدەچوویتە ناو ئاوەکە . »

★ پیاوی ژیر تا ڕێی خۆی لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە چاکی نەبینێ دەست ناداتە هیچ کارو پرۆژەیەك .

## ٨ ــ کلکتان ببڕن تا من شەرمەزار نەبم

ڕێوی‌یەك کلکی کەوتە بەر تەلەو لە کلێنجەڕا قوت بوو • لەبەر بێ‌کلکی هێندەی شــەرم لە خــۆی دەکردەوە ژیانی لێ تاڵ بوو • بڕیاری دا هەموو ڕێوی دونیا قایل بکا بەم جۆرە کلکی خۆیان قوت بکەن‌و خۆیان هەتك بکەن ؛ چونکە وای دەزانی ئەگەر ئەوانیش وا بکەن ئەو عەیبەکەی بزر دەبێ‌و کەس تیزی پێ‌ناکا • ئیدی ڕێوی‌یەکانی کۆکردەوەو ئامۆژگاری کردن بۆ ئەوەی تــا زووە کلکی خۆیان لێ‌بکەنەوە ، گوتی : « کلك شتێکی زیادەیە ، دیمەنەکەی ناشیرینەو هەلگرتنیشی بارگرانی‌یە • » • یەکێ لــە ڕێوی‌یەکان بە نەرمی وەڵامی دایەوە : برام ، بەخوا بۆیە دەتەوێ کلکمان ببڕین‌و خۆمان هەتك بکەین ؛ چونــکە خۆت بێ‌کلــکی‌و دەتەوێ عەیبی خۆت بە ئێمە داپۆشی ! »

★ ئەم هەقایەتە گاڵتە بەوانە دەکا کە نەك بۆ خێرو چاکە بەڵکو بۆ بەرژەوەندی تەسك‌و تایبەتی خۆیان ئامۆژگاری برادەران دەکەن •

# ٩ ـ ڕێوی‌و دەمامك (١)

ڕێوی‌یەك چوە ماڵی ئەکتەرێك‌و هەموو کەل‌وپەلەکانی پشکنی٠ دەمامکێکی دۆزی‌یەوە بریتی بوو لە دەم‌و چاوی دێوێك‌و دەستکردی هونەرمەندێکی بەهرەوەر بوو ٠ دەمامکەکەی بە چەپۆکی بەرزکردەوەو گوتی : « سەرێکی جوانە ، بەداخەوە مێشکی تێدا نی‌یە ٠ ٠ »

★ ئەم هەڤایەتە بۆ ئەوەیە هەندێ کەس هەن ئەدگاریان جوان‌و کۆکە بەڵام زیرەك نین ٠

---

(١) دەمامك : بۆ قناع ـ Mask ـ بەکارهاتوە ٠



Scanned with CamScanner

## ١٠ ـ وانەیەك بۆ گەوجان

قەلێك دەنووكی لە پارچە گۆشتێكداو فڕاندی ، چوو لەسەر درەختێك هەڵنیشت • ڕێوی‌یەك چاوی پێ کەوتو بڕیاری‌دا گۆشتەکەی لی‌بسەنێ • چوە ژێر درەختەکەو دەستی‌پێ‌کرد بە قەلەکەی هەڵگوت کە باڵندەیەکی هەندە هەندە جوانەو هەق وایە شای باڵندان بێو گوتی ئەگەر دەنگت خۆش بوایە هەڵبەت دەبوویتە پاشا • قەلەکە سەری گەرم بوو ، ویستی بۆ ڕێوی بسەلمێنێ کە دەنگی خۆشە ، ئیدی تا هێزی تێدا بوو قیڕاندی‌و گۆشتەکەی لێ‌بەربووەوە • ڕێوی خۆی هەڵداو گۆشتەکەی لە حەوای قۆزتەوەو گوتی :

« ئەگەر لەگەڵ بەهرەکانی‌تر مێشکیشت هەبوایە ، دەبوویتە پاشایەکی نموونەیی • »



Scanned with CamScanner

# ١١ ـ چوونی بێ‌هاتنەوە

شێرێکی پیرو کەترە هێزی ڕاوو شکاری نەما بوو • جا بڕیاری دا بە ئەقڵ نێچیر پەیدا بکا • لە ئەشکەوتێك پاڵی دایەوەو خۆی نەساغ کرد • هەر گیاندارێ بهاتبوایە سەردانی دەیگرت‌و تێکی‌دەشکاندو دەیخوارد • زۆر گیانداری بەم جۆرە خوارد • ڕۆژێکیان ڕێوی فێلزان هات‌و لە دوورەوەی ئەشکەوتەکە ڕاوەستاو لە ساغ‌و سەلامەتی شێرەکەی پرسی • شێر گوتی : « زۆر شرم بۆ نایەیتە ژوورەوە ؟! » ڕێوی گوتی : « دەهاتمە ژوورەوە بەلام دەبینم زۆر ڕێ هەن بۆ ژوورەوە کەچی هیچ ڕێگا نی‌یە بۆ هاتنەوە دەرەوە • »

● پیاوی تێگەیشتوو لە وەختی خۆیدا هەست بە مەترسی دەکات‌و خۆی لێ‌لادەدا •



Scanned with CamScanner

## ١٢ ـ بەرهەمی بێماندووبوون

شێرێك و وورچێك كرمامزێكیان دۆزی‌یەوەو لەسەری پێ‌ك نەهاتن ، لێ‌یان بوو بە شەڕو هێندە خراپ كەوتنە گیانی یەكتر تا هەردووكیان لەخۆ چوون و بە نیوەمری لەو ساكە گۆڕە ڕاكشان . ڕێوی‌یەك بەوێ‌دا تێپەڕی و كە دیتی هەردووكیان شرار بووین و شەنگیان لەبەر بڕاوە لە كارمامزەكە ڕووهات و لەبەر چاوی ئەوانەوە بردی و ڕۆیشت . ئەوانیش كە تاقەتی قیت‌بوونەوەیان نەما بـوو ، لەبەر خۆیانەوە گوتیان : « بەخوا برا ئێمەش بەدبەختین ! ئەم هەموو كێشەو ئازارەمان بۆ ڕێوی كێشا . »

● خەڵك كە بەری ڕەنج و تەقەللایان بكەوێتە گیرفانی خەڵكی‌تر هەقیانە پەست و غەمبار بن .

## ١٣ ـ بە ئەزموون فێر بوو

شێرو کەرو ڕێوی بوونە هاوڕێو پێکەوە چوونە ڕاو • هەندێ نێچیریان گرت • شێر ڕووی لە کەر نا نێچیرەکان بەش بکات • کەر نێچیرەکانی کردە سێ بەشی وەکو یەکو بە شێری گوت : فەرموو تۆ سەرپشك بکە • شێر کە ئەمەی دی هەڵمەتی بۆ بردو تێکیشکاند • ئینجا بە ڕێوی گوت نێچیرەکان بەش بکا • ڕێوی بەشی هەرە زۆری نێچیرەکانی لەسەر یەك کەڵەکەکردو کەمێکی کەمی بۆ خۆی هێشتەوەو بە شێری گوت فەرموو بەشی خۆت بخۆ • شێر گوتی : « ڕێوی ! کێ فێری ئەم دابەشکردنەی کردی ؟ » ڕێوی گوتی : « بەسەرهاتی کەر • »

● دەبێ ئەقڵ لە بەسەرهاتی ناخۆشی خەڵك وەربگرین •



Scanned with CamScanner

# ١٤ – ڕێوی ناڕێوی

کەرو ڕێوی بوونە هاوڕێو چوونە ڕاو • لە ڕێگادا شێرێکیان لێ ڕاست هات • ڕێوی زانی مەترسی یەکی گەورەیە چووە بن هەنگڵی شێرەکەو گوتی : ئەگەر ئەمن نەخۆی کەرت دەرخوارد دەدەم • » شێر گفتی پێدا نەیخوات و ڕێوی چوو کەری بەتەڵەوە کرد • کە شێر دیتی تازە کەر وەگیر کەوت ، جارێ زوو پەلاماری ڕێوی داو هەڵی دڕی ، ئینجا بەکاوەخۆ چووە سەر کەرەکە •

ئەوەی داو لە برادەری خۆی دابنێتەوە ، بەزۆری هەر خۆی پێوە دەبێ و سەری تێ دەچێ •

## ١٥ ـ خوێنمژ

ئیزۆپ لە کۆبوونەوەیەکی گشتیی «سامۆس» کە خەریک بوون لەسەری دەوڵەمەندێکی دز بدەن گوتی :

« ڕێوی‌یەك خەریك بوو لە ڕووبار بپەڕێتەوە کەوتە کەندڕێك‌و چەندی هەوڵی‌دا نەیتوانی بێتەدەرەوە • سەرباری هەموو ترس‌و ئازارێك کۆمەڵێ قڕنەی پێوە نووسا بوو خوێنیان دەمژی • ژووژکێك ڕێی کەوتە ئەو ناوەو کە ڕێوی‌یەکەی دی سکی پێ‌سووتاو ویستی قڕنەکانی لێ‌بکاتەوە • ڕێوی گوتی : « نا ، نا ، شتی وا نەکەی » ژووژك گوتی : « بۆ ؟ » ڕێوی گوتی :« چونکە ئێستا ئەم قڕنانە تێربووین‌و چیتر خوێنم نامژن • ئەگەر لایان بدەی کۆمەڵە قڕنەیەکی تری برسیم تێ‌وەردێ‌و هەرچی خوێنم لەلەشدا ماوە هەمووی دەمژن • »

ئینجا ئیزوپ گوتی : « سامۆس ـ ینە ـ ئێوەش وان • ئەم کابرایە تازە دەوڵەمەند بوەو چیترتان لێ‌ناخوا بەڵام ئەگەر بیکوژن هی برسی‌تر دێن‌و دەکەونە دزی‌و فزی‌و گەنجینەتان بەتاڵ دەکەن • »



Scanned with CamScanner

## ١٦ ـ مرۆڤ و شێر

جارێکیان شێرو مرۆڤ پێکەوە چوونە سەفەر • هەر کەسە لافی لێ‌دەداو خۆی هەڵدەکێشا • بەردێك لەدەم ڕێگا بوو وێنەی مرۆڤێکی لەسەر کرابوو دەستی لە خنخنۆکی شێرێك نابوو • کابرا پەنجەی بۆ وێنەکە درێژ کردو بە شێری گوت : « تەماشاکە ئێمەی بنیادەم چەند لە ئێوە بەهێزترین ! » • شێر زەردەی هاتێ‌و گوتی : « ئەگەر شێر وێنەکیش بوونایە دەتدی هەر شێرەو سواری ملی بنیادەم بوە • »

● زۆر کەس کە لافی نەبەردی‌و دلێری لێ‌دەدەن بە تاقی کردنەوەی سەخت فش دەبنەوە •



Scanned with CamScanner

## ١٧ ـ جۆر هەوە زۆر هەو نی‌یە

ڕێوی‌یەکی مێ‌یە گاڵتەی بە دەڵەشێرێك کردو گوتی تو لەیەك بەچکە زیاترت نابێ ۰ دەڵەشێر وەڵامی دایەوە : « ڕاستە من تەنیا یەك بەچکە دێنم ، بەڵام بەچکەشێرە ۰ »

## ١٨ ــ بێ چەك

شێرێك حەزی لە کچەجوتیارێك کردو چوە داخـوازی •
جوتیار نەیدەویست کچی خۆی بداتە ئەم دڕندەیەو نەیشیدەوێـرا
بڵێ ناتدەمێ • جا بۆ ئەوەی خۆی لەم تەنگانەیە دەرباز بکا بـــە
شێری گوت : « زۆر پێ سەربڵندم کچی خۆمت بدەمێ ، بەڵام
کچەکەم لە کەڵبەو چرنۆکت دەترسێو تا کەڵبەکانت دەرنەکێشی‌و
چرنۆکەکانت نەبڕی‌یەوە کچی خۆمت نادەمێ • » شێرەکە ئەوەندە
ئەشقی کچەکە بوو هەر زوو کەڵبەو چرنۆکەکانی کردە قوربانی،
بەڵام کە جاری پاشتر هاتەوە جوتیارەکە تیزی پێ کردو بە تۆپزان
وەدەری نا •

● هەرچی داوایان لێ کردی خێرا مەیکە • ئەگەر لە بنەڕەتەوە شتێکت لە خەڵك زیاد بـوو مەیفەوتێنە بـا نەبیە نێچـیری زگرەشان •



Scanned with CamScanner

## ١٩ ـ قازانجی تاقمی سێیەم

ڕۆژێکی گەرمو ووشکی هاوین شێرو وورچ چوونە سەر کانی‌یەکی بچووك ئاو بخۆنەوە • لێیان بوو بە کێشە کامەیان پێشتر بخواتەوە • لێکیان توند کردو کەوتنە جەنگ • نەختێ وەستان هەناسەیەك بدەن تەماشایان کرد دیتیان هەندێ خەرتەل ڕاوەستابوون چاوەڕێ‌بوون یەکێ بکوژرێو بچن بیخۆن • شێرو وورچ کە ئەمەیان دی شەڕیان بەتاڵ کردو گوتیان: « برادەر بین چاکترە نەك قەلو خەرتەل بمانخۆن • »

● شەڕو دووبەرەکی خراپە • ئەگەر زوو پێك نەیەنەوە زەرەری هەموو لایەکی تێدایە •



Scanned with CamScanner

## ٢٠ – تەیرێکی ناودەست

شێر کەرویشکێکی دۆزی‌یەوە نووستبوو هەڵی‌کوتایە سەرو ویستی هەڵی‌بدڕێ لەم کاتەدا مامزێك بەوێدا هات • شێر وازی لە کەروێشکەکە هێناو بەری‌دا دوو مامزەکە • لەم ڕمبەر هەرایە کەروێشك واگا هاتو هەڵات• شێر پاش ڕەتانو ماندووبوونێکی زۆر زانی مامزی پێ‌ناگیرێ ئیدی وازی لێ‌هێناو بایداوە لای کەرویشکەکە بەڵام تا چوو ئەویش نەما بوو • کە ئەمەی بینی گوتی : « دەبا هەقەمستم بێ ، خواردنم لەناو دەست بوو ، لە تەماعی خواردنی باشتر ، لە دەستە خۆمم‌دا • »

● هەندێ جار بنیادەم وەکو ئەم شێرە وایە • قەناعەت بە بەشی خۆی ناکا ، چاوی لە زیاترەو ئیدی ئەنجام ، ئەوەی هەیشیەتی دەڕوا •

## ٢١ ـ بەشی شێر

شێرو کەری‌کێوی پێکەوە چوونە ڕاو • شێر چەکی هێزو توانا بوو ، کەر چەکی چاپووکی‌و لەش سووکی بوو • هەندێ نێچیریان گرت‌و شێرەکە هەمووی کردە سێ‌بەش‌و گوتی : «بەشی یەکەم بۆ منە بەو ناوەی کە پاشام ، بەشی دووەمیش هەر بۆ منە بەو ناوەی کە هاوبەشی تۆم ، بەشی سێیەمیش ئەگەر تۆ تەنیا قیچەکی نەبەی‌و بەس ، تووشی بەڵایەکی گەورەت دەکا • »

- پیاو هەر ئیشێک بکا دەبێ نرخی خۆی‌و تواناو دەسەڵاتی خۆی بزانێ • نابێ خۆی لە پیاوی زۆر لە خۆی گەورەتر بەستێتەوە •



Scanned with CamScanner

## ٢٢ـ هاوڕێی ترسان

شێر هەمیشە گازاندەی مە پرۆمیتۆس دەکرد • ڕاستە ، پرۆمیتۆس کە دروستی کردبوو لەشێکی زل‌و ئەدگارێکی کۆکی پێدابوو ، کەڵبەی لە شەویلاك‌و چڕنۆکی لە پەلان نابوو ، لە هەموو گیاندارێ زیاتر هێزی پێ‌بەخشی بوو بەڵام سەربازی ئەم هەموو بەخشیشەش شێر گلەیی هەبوو چونکە لە دڵەوە لە کەڵەشێر دەترسا • پرۆمیتۆس پێی‌گوت : « هەقت نی‌یە گازاندە لەمن بکەی ، من هەرچیم لە دەست هاتبێ پێم بەخشیوی ، هەموو بەهرەو توانای خۆم لێ‌خەرج کردووی • ئەو عەیبەی لێ‌ی بەگازاندەی نە گیانی خۆت دایە • »

لێرەدا ، شێر خەم دایگرت‌و هەمیشە تانەو تەشەری ترسنۆکی لە خۆی دەدا تا وای لێ هات ویستی‌و لە داخان خۆی بکوژێ• لەم بیرکردنەوەیەدا بوو تووشی فیل هات ، سڵاوی لێ‌کردو کەوتنە قسان • شێر تەماشای کرد دیتی فیل کە قسە دەکا گوێلاك بادەدا ، گوتی : فیلە ، ئەوە چیتە ؟ بۆ گوێلاك بادەدەی ؟ ناتوانی گوێت ڕابگری ؟ » • پێشکەیەك لەسەر سەری فیلەکە دەسووڕایەوە، فیل گوتی : « ئەم شتە بچووکە دەبینی گزەگز دەکا ، ئەوە ئەگەر بچێتە ناو گوێم سەرم دەخوا • » شێر لە دڵی خۆی‌دا گوتی : « کەوا بوو بۆ خۆم بکوژم • من گەورەو بەهێزم • لە فیلیش بەختەوەرترم • پیاو هێشتا لە کەڵەشێر بترسێ باشترە نەك لە پێشکە • »



Scanned with CamScanner

## ٢٣ - لێکەوتنی پیاوی گەورە

یەکێ ڕێزو پایەیەکی هەبووبێو پاشان لێ کەوتبێ ، لە بەدبەختی خۆی دەبێ بە قەشمەرجاڕی ترسنۆکان • شێرێك لەبەر پیری و بێهێزی بێعدوور بوو ، کەوتە گیانەلا • یەکەمجار یەکانەیەك هات و لە تۆڵەی برینێکی کۆنی کەڵبەیەکی تێهەڵدا ، ئینجا گایەك هات و شاخێکی لە وورگی دا ، کەریش کە دیتی ئەمانە بێسزاو لێپرسینەوە کاوی خۆیان لە دوژمن گرت ، نێوچەوانی شێری دا بەر لووشکان • شێر لەبەر ئاوزینگاندا بوو گوتی :

« کە ئەم گیاندارە مەردانە تۆڵەی خۆیان لێ کردمەوە پێم ناخۆش بوو بەڵام بەرگەشم گرت ، کەچی هەی کەری بێچاووڕوو کە تۆ بە مەرگم شادو بەختەوەر بی بۆ من وەکو ئەوە وایە کە دوو جار بمرم • »



Scanned with CamScanner

# ٢٤ - ڕیزی خەڵك

شێرێك گایەکی خستبوو کەوتبوە سەری دەیخوارد . ڕێگرێك بەویێدا هات و داوای لە شێرەکە کرد بەشی بدا . شێر گوتی : ئەگەر تۆ خۆت جەردەو ڕێگر نەبای بەشم دەدای . » ڕاوی کابرای ناو هەڵیبڕی زۆری پێنەچوو ڕێبوارێکی بێزەڕ بەویێدا هات و کە چاوی بە شێری دڕندە کەوت بە کرو بێدەنگی کشایەوە بەڵام شێرەکە زۆر میهرەبان بووە بانگی کابرای کردو گوتی: « لەبەر ئەوەی تۆ پیاوی چاکی و چاوچنۆك نی ، شەرت بێ بەشت بدەم ، فەرموو وەرە بەشی خۆت ببە . » کەلەشەکەی بەش کردو خۆی چووەوە ناو دارستان بۆ ئەوەی کابرای ڕێبوار بێترس بەشی خۆی ببات .

- ئەمە نموونەیەکی زۆر بەرزە . پیاوی قرچۆك و چاوچنۆك دەوڵەمەند دەبێ کەچی پیاوی بەدڵ و چاوتێر هەر دەست کورتە .



Scanned with CamScanner

## ٢٥ ـ داواکردن له هه‌ڵوێستی بێهێزی‌یه‌وه

له‌کۆبوونه‌وه‌یه‌کی گشتی گیاندارانْدا که‌ڕوێشك داوای کرد که هه‌موو لا وه‌کویه‌ك به‌شی باش وه‌ربگرن • شێر وه‌ڵامی دایه‌وه :

«پێ‌به‌کورك ، قسه‌که‌ت خۆشه به‌ڵام که‌ڵبه‌و چرنوکی ئێمه مانانی که‌مه •»



Scanned with CamScanner

## ٢٦ - پیلانگێڕی بە پیلانان چوو

پیرە شێرێك نەخۆش کەوت‌و لە ئەشکەوتێك پاڵی دایەوە • ڕێوی نەبێ ، هەموو گیاندارەکانی‌تر چوونە سەردانی • گورگ ئەم دەرفەتەی بە هەل زانی‌و کەوتە دووزمانی‌و لە حزوور شێر قسەی خراپی دەرهەق بە ڕێـوی کرد ، گوتی : « ڕێوی ڕێزی گـەورەو سەرداران ناگرێ ، بە چت نازانێ بۆیە نەهاتۆتە سەردانت • » لەم قسانەدا بوو ، ڕێوی بەسەردا هات‌و گوێی لێ بوو •

شێر کە چاوی بە ڕێوی کەوت نەڕاندی‌و هەڕوگیفی لێ‌کرد• ڕێوی پاڕایەوە مۆڵەتی بدا تا قسەی خۆی بکات‌و هۆی دواکەوتنی ڕون بکاتەوە • ئینجا گوتی : « گەورەم ، ئەم گیاندارانـەی دەبینی دەوریان داوی‌و زوو هاتوونەتە سەردانت هیـچ کامێـکیان لە من دڵسۆزتر نی‌یەو وەکو من خەمی تۆی لەبەر نەبوە • ئـەگەر دەڵێی ئەو ماوەیە دیار بەبووم ، ڕاستە ، بۆیە دیار نەبووم چووم دنیـام پشکنی بەڵکو دختۆرێك بدۆزمەوە چارەی دەردەکەت بکا • چا بوو ماندووبوونەکەم خۆڕا نەچوو ، دختۆرێکی باشم دۆزی‌یەوە • »

شێر پرسی : « باشە ، دختورەکە چ دەرمانی بۆ دانام ؟ » ڕێوی وەڵامی دایەوە : « گورگێك بە زیندوویی کەوڵ بکەو پێستەکەی بە گەرمی لە خۆت بگرە چ بەڵات لێ‌نامێنێ • »

هێندەی بڵێی یەك‌و دوو گورگ خەڵتانی خوێن‌بوو • ڕێوی بە پێکەنینەوە گوتی : « پیاو نابێ پیاوی گەورە بۆ ئیشی خراپ‌هـان بدا ، دەبێ هەر هانی بدا ئیشی چاك بکا • »

● ئەوەی پیلان لە خەڵك دابنێتەوە خۆی پێوە دەبێ‌و سـەری تێ‌دەچێ •

## ٢٧ ـ سزای ناپاکی

جارێکیان ، گورگ بە سەگانیان گوت : « ئێوە کتومت وەکو ئێمە وان ، بۆ نایەن وەکو برایان تێمان بگەن ؟ تەنیا بیرکردنەوەمان جودایە • ئێمە بە ئازادی دەژین کەچی ئێوە کۆیلەی بنیادەمن : لێتان‌دەدەن ، ڕستتان‌دەکەن ، سەرباری ئەمەش ئێوە ڕانیان بـۆ پاس دەکەن • کە خواردن دەخۆن تەنیا ئێسك داوێنە بەر ئێوە ، پیاوی چا بن ، وەرن بەگوێمان بکەن ، هەموو ڕانەکان بدەنە دەستی ئێمەو هەردوولا لە ناوەخۆمان بەشیان دەکەین‌و خـەنی دەبین • » سەگەکان بە گوێیان کردن ؛ بەڵام هەر هێندە گورگان گەیشـتنە ناو هۆری مەڕان ، جارێ زوو کەوتنە گیانی سەگەکان‌و هەموویان تۆپانـدن •

● خایەن‌و ناپاکیش ئاوها پاداشتی وولاتەکەی دەداتەوە •



Scanned with CamScanner

## ٢٨ ـ بە هەموو جۆرێك هەر تاوانبارە

گورگ دیتی بەرخێك ئاوی لە ڕووبار دەخواردەوە ، ویستی بەڵپێکی پێبگرێو بیخوا • چوو لە هەورازی لەسەر ڕووبارەکە ڕاوەستاو بیانووی بە بەرخەکە گرت ، گوتی تۆ بە ئەنقەست ئاوم لێ شێلو دەکەی تا پێم نەخورێتەوە • بەرخەکە گوتی : « من بە سەری زمان ئاو دەخۆمەوەو لە نشێو وەستاوم چۆن ئاوی هەورازم پێ شێلو دەبێ ؟ »

گورگ ، کە ئەم هەنجەتەی نەچووە سەر ، گوتی : « باشە ، ئەدی بۆچی پار جوێنت بە باوکم دا ؟ » • بەرخەکە وەڵامی دایەوە : « ببوورە ، پار هێشتا هەر نەهاتبوومە دونیاش • » گورگ گوتی : « مەکرۆی ، وەڵامی خۆت پێدەدرێتەوە ؟ بەڵام هەر دەشتخۆم • »

- کە یەکێ بڕیاری دابێ چەقۆ لە وورگی یەکێ ڕابکا گوێ ناداتە هیچ بەرگری و پاکانەیەك با ڕاستیش بێ •

## ٢٩ ـ چاکەی بێ پاداشت

گورگ ئێسکێکی لە گەروو عاسێ بوو ، گەڕا یەکێ بدۆزێتەوە بۆی دەربێنێ • تووشی شینەشاهۆ بوو • گوتی : « شینەشاهۆ ، وەرە ئەم ئێسکەی ناو گەرووم دەربێنە ، چت دەتەوێ دەتدەمێ •» شینەشاهۆ سەری بردە ناو دەمی گورگ‌و دەنووکی گەیاندە ئێسکەکەو دەری هێنا • پاشان کە داوای کرێی لە گورگ کرد گورگ پێی گوت : « برام مەمنوون نی سەرت بە ساغ‌و سەلامەتی لە دەمی گورگ دەرباز بوو هاتووی داوای کرێش دەکەی ؟! »

کە یەکێ چاکە لەگەڵ پیاوی خراپ بکا ، دەبێ هەر بە تەمای ئەوەندە بێ سەرباری بێئەمەکی خراپەی تری لەگەڵ نەکا •

## ٣٠ ـ مەنجەڵ بە کنڵی دەڵێ : ڕەشی

گورگێك مەڕێکی لە مێگەل دابڕانـدو فڕانـدی • لە ڕێـگادا شێرێکی لێ ڕاست هاتو مەڕەکەی لێ سەند •

گورگەکە چوو لە دوورەوە ڕاوەستاو گوتی : « تۆ هیچ هەقت نی یە ماڵی من زەفت بکەی ! » شێر بە پێکەنینەوە گوتی : «هەڵبەت دیارە ئەمە هەق ماڵی خۆتە ! یان برادەرێك پێشکەشی کردووی ؟ »

ئەم هەقایەتە تانە لەو دزو چاچنۆکانە دەدا کە ئەگەر بەختیان نەبێ دەبنە دوژمنی یەك •



Scanned with CamScanner

## ٣١ ـ دکتاتۆری کۆمۆنیست

گورگ بوو بە فەرماندەی هەمـوو گیانـداران‌و یاسـایەکی دەرکرد ، هەر کەسە لە ڕاووشکار چی دەست‌کەوت بیهێنێ بیخاتە ناوکۆمێک‌و بە یەکسانی لەگەڵ ئەوانی‌دی بەشـی بکا تا برسـێتی زۆریان بۆ نەهێنێ‌و ناچار نەبن یەکتر بخـۆن • بـەلام کەر هاتـە پێشەوە ، بڕی هەژاندەوەو ، گوتی : « گورگ یاسـایەکی زۆر باشی داناوە • » ئینجا رووی کردە گورگ‌و گوتی : « بـەلام گورگە ، ئەدی بۆچی ئەو نێچیـرەی دوێنێ گرتت خسـتۆتە نـاو لانەی خۆت ، بۆ نایهێنی بیخەیتە ناو خەزنەی گشتی • » گورگ زۆر لـە خـۆی تـەریق بـووەوە ، نـاچـار بـوو یاسـاکـەی هەڵوەشاندەوە •

● ئەوانەی وا دەردەخەن یاسای دادپەروەرانەیـان دانـاوە ، خۆیان بە پێی یاساکە ناجوولێنەوە •



Scanned with CamScanner

## ٣٢ ـ متمانەی نابەجێ

گورگێك کەوتە شوێن مێگەلێك بەڵام هیچ ئازاری پەزی نەدا . سەرەتا ، شوانەکە بە چاوی دوژمن تەماشای دەکردو لێی خافڵ نەدەبوو ؛ بەڵام کە گورگەکە ماوەیەکی زۆر قەرەبەقەرەیان ڕۆیشتو لە مەڕی نەنا ، شوانەکە گوتی دیارە ئەم گورگە دۆستو پاسەوانە نەك دوژمن . ئیدی کە هەلی چوونە شاری بۆ هەڵکەوت مێگەلی بە تەمای گورگەکە بەجێ‌هێشتو ڕۆیشت . گورگ دەستی خۆی دیت . کەوتە ناو مەڕەکان زۆربەی هەرە زۆری هەڵدڕی . کە شوانەکە گەڕایەوەو دیتی مێگەلەکەی وا بەربادبووە ، گوتی : « نەء ، هەقی خۆم وەرگرت ، مستەهەقم بێ کە چووم مەڕم بە تەمای گورگ بەجێ هێشت . »

● بنیادەمیش وایە . ئەوەی شتی بە نرخ بخاتە بەردەستی دزان جارێکی‌تر چاوی پێ‌ناکەوێتەوە .

## ٣٣ - زۆرداری بەزگماك

شوانێك هەندێ تیژکە گورگی دۆزییەوەو بردی بەخێوی کردن • بەتەما بوو ئەم تیژکانە کە گەورە بوون نەك هەر مەڕەکەی بۆ پاس بکەن‌و بەس بەڵکو مەڕی‌تریشی بۆ بڕفێنن • بەڵام کە تیژکەکان گەورە بوون‌و دەرفەتیان بوو مێگەلی شوانەکەیان تەفروتونا کرد • شوانەکە ، کە دیتی تیژکە گورگەکان چییان کردوە ، نەڕاندی : هەقەمستم ، ئەگەر ئەم تیژکانە لە جێی خۆیان بوونایە دەبوایە کە گەورە بوون هەوڵ دەم بیانکوژم ، باشە چۆن بە بچووکی لەسەرم بازدان‌و خۆم بەخێوم کردن ؟ !

● ئەگەر پیاوی خراپ لە مردن ڕزگار بکەی ، با خۆیشت نەزانی - کە دەستی هاتەوە بەر خۆی یەکەم نێچیری تۆی •



Scanned with CamScanner

## ٣٤ - پیاوی خراپ چاکەی لێ ڕەچاو ناکرێ

شوانێك تیژکە گورگێکی دۆزییەوەو بردی لەگەڵ سەگەکانی خۆی بەخێوی کرد تا گەورە بوو • هەر جارێ گورگ لە مەڕی بنایەو مەڕێکی ببردایە ئەم گورگە لەگەڵ سەگەکان ڕاوی دەنا • ئەگەر سەگەکان لە دووی ببوونایەوەش ئەم گورگە لە دووی نەدەبوەوە تا دەیگەیشتێ‌و - جا لەبەر ئەوەی خۆی گورگ بوو - لەگەڵ گورگەکە دەکەوتە سەر لاشەکەو تێری دەخوارد • ئەگەر ماوەیەکی زۆریش گورگ لەمەڕی نەنابوایە ئەم گورگە بە دزی خۆی مەڕێکی دەدڕاندو لەگەڵ سەگەکان پێکەوە دەیانخوارد تا لە ئەنجامدا شوانەکە پێی‌زانی‌و گورگەکەی تۆپاند •

● یەکێ بە سروشت خراپ بێ قەت نابێتە پیاوی چاك •



Scanned with CamScanner

## ٣٥ ـ تەفرەخواردن

گورگ ، بەرەبەری ڕۆژاوا ، لە چۆلەوانییەك پیاسەی دەکرد • تەماشای سێبەری خۆی کرد ، سێبەری زۆر گەورە بوو ، لە دڵی خۆیدا گوتی : « بزانە چەند گەورەم ، هەر هیچ نەبێ بەژنم (٣٠) یارد دەبێ ، توخوا عەیب نییە ئەم کەلەشە گەورەم هەبێو لە شێر بترسم ؟! نەء ، وا چاکە خۆم بکەمە پاشاو حوکمی هەموو گیانداران بگێرم • »

لەم خەیاڵە مەستو شانازیکردنەدا بوو کە شێر پڕی دایەو هەڵیلووشی • لە سەرەمەرگدا بوو کە پەشیمانی کێشاو گوتی : « تەفرەخواردن تەفروتووناى کردم • »



Scanned with CamScanner

## ٣٦ – خۆگۆڕین

گورگێك ئەقڵی وای بڕی ئەگەر بێتو خۆی بگۆڕێ زۆری خواردن دەست دەکەوێ • چوو پێستی مەڕێکی لەبەر خۆی هەڵکێشا بۆ ئەوەی شوانان هەڵبخەڵەتێنێ • چوو لە پاوانان خۆی گەیاندە مێگەلە مەڕێك‌و لەناو مەڕەکان بزر بوو ، کەسیش پێی نەزانی •

شەو ، شوان مێگەلی داکردە ناو هۆرو دەرگای کلیل دا • لەمێژ بوو گۆشتی نەخوارد بوو ، تامەزرۆ بوو ، چەقۆی سوی‌و ملی مەڕێکی گرت‌و سەری بڕی • بۆ لە زێدە ئەو هەموو مەڕانە گورگ بەرنەکەوت ! بەم جۆرە گورگ سەری تێچوو •

ئەوەی ڕەنگ‌و ڕەوشتی دوژمن هەڵگرێ سەری تێدەچێ •



Scanned with CamScanner

## ٣٧ ـ تەگبیری پاشان

جارێکیان ، کەروێشك کۆبوونەوەو کردیانە دادوفیغان لـە ترس‌و بێ‌ئۆقرەیی چـونکە نێچیری بنیـادەم‌و سـەگ‌و هـەڵۆو گیانداری‌ترن ، گوتیان : « بمرین‌و لە هەوکێ بینەوە باشترە نەك هەموو ژیانمان بە ترس‌و لەرز بەرینە سـەر » • قسـەیان کردە یەك‌و پێکەوە چوونە سەر گۆمێك بۆ ئەوەی خۆیان بخنـکێنن • هەندێ بۆق لە لێواری گۆمەکە هەڵکورما بـوون کە گوێیان لـە ترپەی پێی کەروێشکەکان بوو لەترسان پێکەوە خۆیان بە ئاو دادا • لەم کاتەدا ، کەروێشکێکیان کە دیار بوو لەوانەی‌دی هۆشـمەندتر بوو گوتی : « براینە ، ڕاوەستن ، ئیشی بێ‌لێکدانەوە مەکەن ، ئەوا دەبینن گیانداری‌تریش هەن بە دەست ترسەوە دەناڵێنن ، ئێمە بۆ خۆمان بکوژین ؟ »

● پیاوی ئازاردیدە کە هی لە خۆی بەئازارتر ببینێ نـەختێ دڵی دەکرێتەوە •



Scanned with CamScanner

## ٣٨ ـ لەسەرپێ

یەکانەیەك لە ژێر درەختێك وەستا بوو کەڵبەی خۆی تیژ دەکردەوە • ڕێوی لێی پرسی : « مادام ڕاوکەرت بەدواوە نیە‌وە لە مەترسی دانیت بۆچی خۆڕا کەڵبەت تیژدەکەیتەوە ؟ » یەکانەکە وەڵامی دایەوە : « هەقمە وا بکەم چونکە کە مەترسیم گەیشتە سەر ماوەی کەڵبە تیژکردنم نابێ بەڵام کە ئێستا کەڵبەم تیژ بکەم هەمیشە حازرو لەسەر پێم • »

● ڕامەوەستە تا مەترسیت دەگاتە سەر ئەو کاتە خۆتی بۆ ئامادە بکەی • پێشتر ئامادە بە •



Scanned with CamScanner

## ٣٩ ـ ساحێبی قسەی خۆی

مشکێك بەسەر شێرێکی نووستوو کەوت • شێر بەخەبەر هاتو مشکەکەی گرتو ویستی بیخوا • مشك لێی پاڕایەوە بۆ ئەوەی بەری بداو پەیمانی دا هەر کاتێ شێر پێویستی پێبوو یارمەتی بدا • شێر پێکەنینی بە قسەی مشکەکە هاتو بەرەڵلای کرد • زۆری نەبرد مشکەکە چاکەی شێری دایەوەو لە مردن ڕزگاری کرد •

ڕاوکەر شێرەکەیان گرتو بە پەتێك لە درەختێکیان بەستەوە• مشك گوێی لە نەڕەی شێرەکە بوو ، زانی لێی قەوماوە ، رای کرد پەتەکەی قرتاندو شێرەکەی ڕەها کردو گوتی : « لە بیرتە ئەو ڕۆژە پێم پێکەنی چونکە بڕوات نەدەکرد بتوانم چاکەت بدەمەوە ، ئێستا بۆت دەرکەوت کە هەتا مشکیش بە بەقاو متمانەن • »

● کە بەخت نەما بەهێزترین کەس پێویستی بە بێهێزترین کەس دەبێ •



Scanned with CamScanner

## ٤٠ ــ شانازی پووچ بێ مایەیە

مشک ، کە لەگەڵ جورجان دوژمنداری‌یان بوو ، هەموو جارێ تێدەکەوتن • کۆبوونەوەیەکیان کردو گەیشتنە ئەو ئەنجامە کـە هۆی تێکەوتنیـان ئەوەیە بێسـەرکردەن • هەندێـکیان لەناوەخـۆ هەڵبژاردو کردیاننە سوپاسالار • ئەم سوپاسالارانە بۆ ئەوەی لەناو ئەوانەی‌دی دیار بن قۆچیان بۆ خۆیان دروست‌کرد • ئەمجارەیان کە چوونە شەڕ دیسان بەزینو هـەڵاتن • هەمـوو بە سـەلامەتی گەیشتنەوە کونی خۆیان تەنیا سوپاسالارەکان مانەوە لەبەر قۆچەکان نەیانتوانی بچنەوە ناو کونو دەزگیر بوونو خوران •

● پایەو مەرتەبەی پووچ بەدبەختی بەدواوەیە •



Scanned with CamScanner

## ٤١ ــ مشکی شارو مشکی دەشت

مشکی دەشتێ مشکی شاری داوەت کرد بۆ ئەوەی نانی ئێوارەی لە کن بخوا ، ئەویش بە شادومانی‌یەوە قبووڵی کردو چوو بەڵام کە تەماشای کرد زیاقەتەکە تەنیا جۆو دانەوێلەی‌ترە ، بە خانەخوێی گوت : « برام ، ژیانی تۆ وەکو ژینی مێرووڵە وایە ، من خواردنی خۆشم لەبڕانە • حەزدەکەم واز لەم ژیانە ناخۆشە بێنی‌و بێیتە لای من ، چی هەبوو وەکو برایان بەشی دەکەین • »

مشکی دەشت ڕازی بوو ، هەردووکیان چوونە شارو لەوێ کە مشکی شار پاقلەو لۆبیاو نانو خورماو پەنیرو هەنگوین‌و میوەی پێشانی مشکی دەشت دا ، مشکی دەشت شاش‌ماو لە ناخەوە پیرۆزبایی لێ‌کردو تووکو نەفرەتی لە بەشی خۆی کرد • هاتن دەست بە خواردن بکەن لەنکاوڕا دەرگا کرایەوەو مشکەکان لە ترسان خۆیان کوتایە ناو دەرەزێك • پاشان هاتنە دەرەوەو خەریك بوون لمووز بۆ هەندێ لەتکە هەنجیر ببەن کە یەکێ هاتە ژوورەوە شتێ بباتو دیسان دەرپەڕین‌و خۆیان لە کونێك شاردەوە •

مشکی دەشت کە ئەم بەزمەی بینی بەرگەی نەگرت‌و بڕیاری‌دا بە سکی برسی بڕواتەوەو بە داخەوە بە مشکی شاری گوت : « برام ، ئەو ماڵە هەر ئاوەدان بێ ، پیرۆزی ساحیبی بێ ، تۆ بۆ خۆت تا مرد دەبێ بخۆو خۆت شاد کە بەڵام

خواردن‌و شادی‌یه‌کەت ترس‌و لەرزێکی زۆری تێدایە • من جۆو دانەوێڵەی خۆم بخۆم باشترە لەوەی کە بەترس‌و لەرز بژیم‌و تی‌یە چاوێکم هەر لە خەڵك بێ •

پیاو بە سادەو هێمنی بژی باشترە نەك خواردنی خۆش بێ‌و لە ترسان حەحمانی نەبێ •

## ٤٢ – پاشایش لە خۆمان دەوەشێتەوە

بۆق لە بێسەرکردەیی وەڕس بوون ، وەفدێکیان پێکهێناو ناردیانە لای زیۆس بۆ ئەوەی داوای پاشایەکی لێبکەن • کە زیۆس دیتی ئەم بۆقانە هێندە ساویلکەن یەکەمجار تەختەدارێکی بەردایەوە ناو گۆمو بۆقەکان زراویان لە شڵپەی چوو ، هەموو خۆیان لە ئاو نقووم کرد ، پاشان کە دەنگەکە نەماو دارەکە کپ بوو هەموو سەرکەوتنەوەو هێدی هێدی لە دارەکە ڕاهاتن‌و چوونە سەری • بۆقەکان بیریان کردەوە کە سووکایەتییە بۆ ئەوان شتی وا بێهەست‌و خوست پاشایان بێ ؟ چوونەوە لای زیۆس‌و داوایان لێکرد ئەو پاشایەیان بگۆڕێ ، گوتیان : « ئەم پاشایەمان دەمچەفت‌و منۆخە ، چی لە دەست نایە ، حەز دەکەین بیگۆڕی • » زیۆس کامی کرد لە دەست بۆقان‌و لە ڕکان مارێکی ئاویەی ناردە سەریان‌و مار کەوتە ناویان‌و هەرچی کەوتە بەر هەڵمەتی هەڵیلووشی •

● ئەم هەقایەتە دەڵێ پاشای گێل‌و بێزەڕمان هەبێ باشترە نەك پاشای زۆردارو بەدکار •



Scanned with CamScanner

## ٤٣ – یەك زۆریشمە

ڕۆژێکی گەرمی هاوین زەماوەندی (ڕۆژ) بوو ، هەموو گیاندارەکان بە کەیفو سەیف بوونو هەڵدەپەڕین • بۆقیش تەبای ئەوان کەوتبوونە بەزمو هەرا • لەناکاو بۆقێك ڕاست بووەوە گوتی : « هەی گێلو وێلینە ، ئێوە ئەم ئاهەنگو بەزمەتان لەچییە ؟ (ڕۆژ) کە ئێستا یەکتەنێیە هەموو گۆمەکانمان ووشك دەکا ، ئەدی ئەگەر بێتو ژن بێنێو بەچکەیەکی وەکو خۆی ببێ دەبێ چیمان لێبکاتو حاڵمان چەند شڕو شپرزە بێ •

● زۆر کەسی بێمێشك هەن هەوەستیان بە شتی خراپ دێ •



Scanned with CamScanner

## ٤٤ ـ دەنگ و هیچی تر نـا

قیرەقیری بۆق سەرنجی شێری ڕاکێشا • شێر لە دڵـی خۆیدا گوتی : « ئەم دەنگە دەبێ دەنگی گیانداریکی زۆر زل و زەبەللاح بێ • » نەختێ ڕاوەستا دیتی بۆق لەناو گۆم هاتە دەرەوە• هەلمەتی بۆ بردو پانی کردەوەو نەڕاندی : « بزانە شتێکی بچووکی هێندەی تۆ ئەم قیرەقیرە زلە بکات • »

● ئەم هەقایەتە ئەو کەسانە ڕسوا دەکا کە زمانیان دەخورێ و لە قسە زیاتر هیچیان نی یە •



Scanned with CamScanner

## ٤٥ ـ سزای بەقەدەر تاوان

مشکێکی دەشت کەوتە ڕۆژگارێکی شووم‌و بوو بە برادەری بۆق‌و بۆق نیاڵێکی گەورەی لێ کرد • پێی مشکەکەی لە پێی خۆی بەستەوە • چوونە دەشت‌و دەر خواردنێك بۆ خۆیان پەیدا بکەن بەڵام کە گەیشتنە دەم گۆمێك بۆقەکە خۆی بە ئاوەکە داداو نقووم بوو ، لە بنی گۆمەکە خۆی مات کردو کەوتە قیڕەقیڕ • مشکی کلۆڵیش سکی پڕ ئاو بووو خنکا ، کەلەشی لەسەر ئاوەکە دەگەڕا بەڵام هەر بە پێی بۆقەکەوە بەسترابووەوە • کۆلارەیەك چاوی بە مشکەکە کەوت تێی ڕووهات‌و بردی ؛ بۆق پێی‌نەکرا داوەکە لە پێی خۆی بکاتەوە ، ئەویش لەگەڵ بۆقەکە کەوتە حەواو کۆلارەکە ئەویشی خوارد •

- پیاو بە مردوویش دەتوانێ تۆڵەی خۆی لە دوژمن بکاتەوە • هیچ شتێ لە کن خوا بزر نابێ • خوا تاوان دەخاتە بەر تەرازووو سزای خۆی بۆ دادەنێ •

## ٤٦ ـ لە پێستی خۆی دەچێتە دەرەوە

کە بێ‌هێز لاسای بەهێز بکاتەوە ، دیارە دەیەوێ خۆی بە فەتارەت بدا •

جارێکیان ، بۆقێك گایەکی لە مێرگێك‌دا بینی‌و بەخیلی بە کەلەشی گەورەی برد • خۆی پف کرد تا هەموو لۆچەکانی سەر پێستەی بزر بوون ، بە بێچووەکانی گوت داخۆ بەقەد گای لێ‌نەهاتوە، گوتیان : نەء • بۆقەکە پتر خۆی پف کردو هەڵدەفا ، دیسان پرسی : «ئێستا کامەمان زلترین ؟ » وەڵامیان دایەوە : « گا • »

ئیدی بۆقەکە نووڕە بوو ، تا هێزی تێدا بوو خۆی فوو کردو تەقی‌و مرد •



Scanned with CamScanner

# ٤٧ ـ بە درەنگەوە دەرزی وەرگرت

باڵدارێك لە ڕكەودا بوو ٠ كە شەو دادەهات لەسەر لێوی پەنجەرە دەیخوێند ٠ شەمشەكوێـر گوێی لە دەنگی بـوو ، هاتـە لایەوەو لێی پرسی : « ئەوە بۆچی قەت بە ڕۆژ ناخوێنی ، هەر بەشەو دەخوێنی ؟ » باڵدارەكە گوتی : « هۆی خۆی هەیە ، كاتی خۆی بۆیە گیرام چونكە بە ڕۆژ دەمخوێند، ئیتر دەرزم وەرگرتو لەو ساوە بە ڕۆژ ناخوێنم ٠ » شەمشەكوێر گوتی : « تازە كـــار لە كار ترازاوە ، تەقیە كردن بێسوودە ، هەق وا بوو پێش ئەوەی بگیرێی ئاگات لە خۆت بێ ٠ »

⊛ كاكڵەكەی ئەوەیە كە هەڵەیەكت كرد تازە كەڵكی نی‌یە خەمی بۆ بخۆی ٠



Scanned with CamScanner

## ٤٨ ـ دوو قات کەترە

جورجەکوێرەیەك بە دایکی گوت : « دایە ئەمن چـاوم دەبینی » ، لە بیرمان نەچێ جورجەکوێرە چاوی نابینێ ، دایکیشی بۆ ئەوەی تاقی بکاتەوە بخوورێکی داگیرساندو دایە دەستیو گوتی « باشە ، ئەمە چی‌یە ؟ » جورجەکوێرە وەڵامی دایەوە : «بەردە!» دایکی گوتی : ! ڕۆڵە تۆ نەك هەر لە چاوان کوێری ، بگرە هەستی بۆنیشت نەماوە • »

● یەکێ بڵێ شتی ئەستەمم لەدەست دێ ، بە تاقی کردنەوەیەکی بچووك دەردەکەوێ کە خۆی هەر هیچ نی‌یە •



Scanned with CamScanner

## ٤٩ – بەهرەی لاسایی

مەیمونێك لەسەر دارێکی بڵند بوو ، دیتی ماسیگر تۆڕ داوێنە ناو ڕوبار • زۆر باش زەینی خۆی دانێ • کە ماسیگرەکان تۆڕەکەیان بەجێ هێشت‌و بۆ نان‌خواردن نەختێ دوورکەوتنەوە ، مەیموونەکە لەسەر دارێ هاتە خوارەوەو ویستی لاسایان بکاتەوە • – دەڵێن مەیموون لاسای هەموو کەس دەکاتەوە – بەڵام هەر هێندە دەستی بە تۆڕەکە کەوت گیری خواردو وەخت بوو بخنکێ • لە دڵی خۆیدا گوتی : « سزای خۆمە با بیخۆم ؟ چونکە ڕاوەماسیم نەدەزانی‌و چووم خۆم تێ‌هەڵقورتاند • »

- شتێ پەیوەندی بە تۆوە نەبێ‌و خۆی تێ‌هەڵبقوتێی ، بێجگە لەوەی کە هیچت دەست ناکەوێ ، پەشیمانیش دەکێشی •

## ٥٠ – درۆزنی نابەلەد

ئەوانەی دەچنە سەفەری دەریا بە زۆری سەگ‌و پشیلەو مەیموون لەگەڵ خۆیان دەبەن بۆ ئەوەی وەختی پێ‌ڕابوێرن • کابرایەك لەسەفەر بوو مەیموونێکی پێ‌بوو • کە لە کەناری گریك ، لە (کێپ سانیەم) دەرچوون گەرداوێکی سەخت هەڵی کرد • کەشتی‌یەکەی تێك‌شکاندو هەریەکە کەوتە سەر تەختەدارێـك • مەیموونەکەش ناچار بوو خۆی فڕێداو کەوتـە مەلەوانـی • ماسی‌یـەك چاوی پێ‌کەوت‌و بە زەلامی تێ‌گەیی ، لە پشتی خۆی کردو هەڵی‌گرت‌و بەرەو ووشکاتی بردی • کە گەیشتنە نزیك پیراوس – پیراوس بەندەرێکی ئەسینی‌یە – لە مەیموونی پرسی داخۆ لە ئەسینا لە دایك‌بووە• مەیموون گوتی : بەڵێ لە ئەسینا لە دایك بوویم‌و دایك‌و باوکم هاونیشتمانی ڕەسەنی ئەسینایین • ماسی‌یەکە لێ‌ی‌پرسی : « ئەدی پیراوس ؟ » مەیموون وای زانی پیراوس زەلامەو گوتی : زۆر باشی دەناسم • ڕاستی ، برادەرێکی دڵسۆزمە • ماسی‌یەکە لـەم درۆ زلە زۆر پەست‌و تووڕە بوو ، لە ڕکان مەیموونی بەردایـەوە ناو ئاوو خنکاندی •

● ئەم هەقایەتە ئەوانە ڕسوا دەکا کە خۆیـان ڕاسـت ناکەن‌و دەیانەوێ خەڵکیش بروا بە درۆیان بکا •

## ٥١ ـ مردنی نازیەۆك

دەڵێن مەیموون جمکی دەبێ • کە جمکی بوو زۆر نە بچووکەکە دەخەفتێو بە میهرو سۆزەو خواردنی دەداتێ ، کەچی پشت لە بێچوەکەی دی دەکاتو هێندە ڕووی ناداتێ •

بەکاری خوا ئەو بێچوە بچووکەی هۆگری دەبێو دەیگرێتە باوەشی یەوە دەپسێو دەمرێ کەچی ئەو بێچوەی ڕووی ناداتێو لای لێ ناکاتەوە ، گەورە دەبێو پێدەگا •

چارەنووس بە هیچ ڕەمڵو نوقلانەیەك دەرناکەوێ •



Scanned with CamScanner

## ٥٢ ـ دوژمنی خوێن

مارێك چوو بە كوری كابرایەكی دەشتەكی وەداو كوشتی • باوكە ئاگری لە جەرگی بەربوو • دەستی دا تەورێك و چوو لە دیار كونی مارەكە نۆبەتی گرت بۆ ئەوەی هەر هاتە دەرەوە لێی بداو بیكوژێ • كە مارەكە سەری دەرهێنا كابرا تەورەكەی داوەشاندێ، تەور بە مارەكە نەكەوت بە بەردێك كەوت و شەقی كرد • پاشان كابرا دڵی نەرم بووەوەو بڕیاری دا واز لە تۆڵە بێنێ و چوو داوای لە مارەكە كرد لەگەڵی پێك بێتەوە ، بەڵام مار ڕازی نەبوو ، گوتی : « ئاشت بوونەوە مەحاڵە ، چونكە نە من كە چاوم بەم بەردە دەكەوێ تۆ شەقت كردوە نیازی تۆم لەبیر دەچێ و نە تۆش كە چاوت بە گۆڕی كوڕەكەت دەكەوێ تاوانی منت لەبیر دەچێ •

● شەڕی سەخت و گران بە ئاسانی نابڕێتەوە •



Scanned with CamScanner

# ٥٣ ـ خراپە بەرامبەر بە چاکە

ڕۆژێکی زستان جوتیارێك مارێکی سڕی دۆزیەوە • سکی پێسووتا ، هەڵیگرتەوەو خستییە باخەڵی • کە مارەکە گەرم بوەوە خووی بەدکارانەی زیندوو بوەوەو جوتیارەکەی وەداو کوشتی • جوتیارەکە لەسەرەمەرگدا گوتی : « هەقی خۆم وەرگرت ! مادام بەزەییم بە گیاندارێکی وا بەدکار هاتەوە ، لێ گەڕێ باوام لێ بێ • »

● ئەم هەقایەتە دەری دەخا کە گەورەترین چاکەو میهرەبانیش سروشتی بەدو بەدکاری پێ چاك نابێ •



Scanned with CamScanner

## ٥٤ ـ بەدترین گیاندار

کاتێ کە (زێوس) زەماوەندی گێڕا ، هەموو گیاندارەکان ، هەر بابایە چەندی دیاری بۆ هات بۆی هێنا • ماریش گوڵە باخێکی لێ کردەوەو بەدەمیەوە گرتو بەرەو ئاسمان هەڵکشا ، زیوس ، کە چاوی پێ کەوت ، گوتی : « مارە ، دیاری هەموو کەس قبـــوڵ دەکەم ، بەڵام هیچ شتێ لە دەمی تۆوە وەرناگرم • »

● چاکەبێ‌و لە بەدکارەوەبێ ؟! جێی ترس‌و گومانە •



Scanned with CamScanner

## ٥٥ ـ یەکگرتنی دژی یەك دوژمن

ماریك و پشیلەیەك لەماڵێك بوون ، بەڵام لەباتی ئەوەی بە بێی ڕەوشتی خۆیان خەریکی ڕاوە مشك بن ، لێیان بوو بە شەڕو دەمەقاڵێ . کە مشکەکان بەم جۆرەیان دیتن هەموو لە کونەکانیان هاتنە دەرەوەو بەکەیف و شادی تەماشای ئەم بەزمەیان کرد . مارو پشیلە کە چاویان بە مشکەکان کەوت ، شەڕیان بەتاڵ کردو هەردوو غەنیم پێکەوە هێرشیان بۆ مشکی دوژمنی دێرینیان برد .

● لە ڕامیاریش هەر وایە کە میللەت خۆ بە خۆ بکەونە شەڕی براکوژی ، کاتێك وا دەکەن دوژمن کلکیان کردۆتە یەك و خەریکن بیانفەوتێنن .



Scanned with CamScanner

## ٥٦ ـ دەستوەکەری

مارێك کەوتە بەر پێی خەڵك و هەر کەسێ هات پێیەکی لێ نــاو ئازاری‌دا • ناچار چوە لای زیۆس و شکاتی‌کرد • زیۆس گوتی : « سووچــی خۆتە ، کــە یەکــەم کــەس پــێی لێ‌نــای ئــەگەر دەستوەکەریت بکردایەو پێت وەبدایە کەسی تر نەدەوێرا تۆخنت کەوێ •

ئــەوەی دژی یەکــەم زۆردار ڕاست‌بێتەوە چــاوی هــەموو زۆردارێکی پێ دەشکێنێ •



Scanned with CamScanner

## ٥٧ ـ بە هەر نرخێك بێ تۆڵەی خۆت بکەوە

زەرگەتەیەك چوو لە سەر سەری مارێك نیشتو پێیوەداو سەخڵەتی کردو لێی نەبوەوە • مارەکە لە هەژمەتی ئازاری لەشی شێتو هار بوو نەیزانی چۆن تۆڵەی خۆی لەم دوژمنە بکاتەوە • هیچی پێنەما ، هەستا چوو سەری خۆی خستە ژێر پێچکەی عارەبانەیەك • زەرگەتەو مار هەردووك پێکەوە سەریان تێچوو •

● هەندێ کەس ئەگەر ژیانی خۆیشیان لەسەردانابێ بەوان بێ دوژمنیان لەناو بەرن •



Scanned with CamScanner

## ٥٨ ـ گەززەیەکی بێ سوود

هەر ناکەس بەچەیەك بیەوێ گەززەیەکی لەتوانای خۆی زلتر لە یەکێ بدا بە مەرەدی ئەم هەقایەتەی خوارەوە دەچێ :

مارێك چوە ناو دوکانی ئاسنگرێـك و چاوی لە خواردنێـك گێڕا، مەورەدێکی کەوتە بەرچاوو گەززەیەکی لێدا . مەورەدەکە بە مەردی لێی وەدەنگ هات و گوتی :

« شێتە ، بە تەمای چی ؟ ددانت لە من ختم نابێ . نازانـی ئـەمن تـووشی هـەر پارچـە ئاسنـێ ببـم دەیقرتـێنم و دایدەماڵم .



Scanned with CamScanner

## ٥٩ ـ ململانەی ناڕەوا

لە کۆبوونەوەیەکی گیانداران مەیموون هەستا سەمای کرد ، هەموو گیاندارەکان سەماکەیان بە دڵ بوو و بە گەرمی چەپڵەیان بۆ لێدا • حوشتر کە ئەمەی بینی بەخیلی بە مەیموونەکە بردو خۆی خۆش کرد ئەویش چەپڵەو ئافەرینێکی وەربگرێ • ئیدی هەستایەوەو ویستی وەکو مەیموونەکە بکەوێتە سەما بەڵام خۆی وا کردە قەشمەرجاڕ ، هەموو گیاندارەکان لێی پەستو تووڕە بوونو بە خوتورمان وەدەریان نا •

ئەم هەقایەتە پێشانمان دەدا ، ئەوانەی لەحەسوودییان مل لەبەر ملی پیاوی لەخۆیان زاناتر دەنێن ، چییان لێدێ •



Scanned with CamScanner

## ٦٠ ـ لەلای چاوی کوێرەوە ئەنگاوتیان

مامزێکی یەکچاو بۆ لەوەڕ چوە دەو دەریا • چاوە ساغەکەی خستە لای دەشت بۆ ئەوەی ئەگەر ڕاوکەر هاتن بیانبینێ ، چاوە کوێرەکەیشی خستەلای دەریا چونکە هیچ ترسی لەولا نەبوو • بەڕێکەوت ، هەندێ زەلام ، لەو کەرخەوە ، لە دەریا هاتنە دەرەوەو کە چاویان بە مامزەکە کەوت تەقەیان لێ کردو کوشتیان • مامزەکە لە سەرەمەرگدا بوو ، لە دڵیخۆی دا گوتی : « بە خوا بەرا بەدبەختم ، چاوم لەدەشت بوو دەترسام راوکەر لەولاوە بمپێکن کەچی لەلای دەریاوە ئەنگاوتمیان کە بەخەیاڵم دانەدەهات جێی ترس بێ • »

● زۆر جار مەزەندەو نوقلانە تەفرەمان دەدا • بۆی هەیە ئەو شتەی بەخراپی دەزانین ، بۆمان بەقازانج بگەڕێو ئەوەی ئومێدمان پێ هەیە ، سەرمان بخوا •



Scanned with CamScanner

## ٦١ – پەندی لە جاری یەکەم وەرنەگرت •

شێرێك نەخۆش کەوت و لە ئەشکەوتێك باڵی دایەوە • بانگی ڕێوی هاوڕێی ئازیزی کردو پێی گوت: برام، ئەگەر حەزدەکەی چاك ببمەوە، بڕۆ بە زمان لووسی خۆت ئەو مامزە زلەی نــاو دارستانم بۆ هەڵخەڵەتێنەو بیگەیەنە بەر لەپم، بە ڕاستی تامەزرۆم بۆ جەرگ و ناوی •» ڕێوی چوە ناو دارستان و لەدوورەوە دیتی مامزەکە هەڵبەزو دابەزی بوو، چوە لایەوەو لە گەڵی کەوتە یاری و باش چاك و چۆنی گوتی « خەبەرێکی خۆشم بۆ هاوردووی، خۆت دەزانی شێری شای دڕندان دراوسێی منە • ئێستا نەخۆشەو حاڵی زۆر شڕە • خەریکە یەکێك دوای خۆی بکاتە پاشا، دەڵێ: «بەراز کێوی یەکی بێ مێشکە، وورچ تەمبەڵ و تەوەزەلە، بەور بەدخوە، پڵنگ کەپووی بڵندە، مامز لە هەموو گیانداران زیاتر لە عەرشی پاشایەتی دەوەشێتەوە؟ چونکە بەژن و باڵای ڕێکە، تەمەنی درێژە، مار لە شاخی دەترسن • جا سەرت نەیەشێنم، تۆ ناوت دراوە ببی بە پاشا • چ مزگێنیم دەدەیتێ کە پێش هەموو کەس ئەم خەبەرە خۆشەم بۆ هێنای؟ زووبە پێم بڵێ، تەنگاوم، شێر بەبێ پرسـی من هیچ ئیشێ ناکا، ئێستا چاوەڕێی من دەکا، بەتەمایــە زوو بچمەوە ••• خاتو مامز، ئەگەر بە گوێی پیرە ڕێوی دەکەی وەرە بچینە خزمەت شێرو تا دەمری لەسەرینگێی دانیشە •» مامز مێشکی بەم قسانە پڕبوو و تەفرەی خواردو بەبێ دوودڵی چوە ئەشکەوتی



Scanned with CamScanner

شێرەکە • شێر کەچاوی پێ کەوت بە پەرۆشەوە هەڵمەتی بۆبردو چەپۆکی داوەشاندێ بەڵام مامز سووکبوو خۆی کێشایەوە ، تەنیا گوێچکەی بەرکەوت ، ئیدی هەڵاتو بۆدارستان تێی تەقاند •

ڕێوی لە داخان چەپۆکی پێك دادا کە ئەو هەموو ماندوو بوونەی بەفیرۆ چوو • شێریش لە ڕکانو لە برسان کەوتە نرکەو ناڵە • دووبارە تکای لەڕێوی کرد بۆ ئەوەی ئەم جارەش بچێ هەوڵێك بدا بەڵکو مامزەکە بێنێتەوە • ڕێوی وەڵامی دایەوە : « تۆ ئیشی زۆر سەختو ترسناك بەمن دەسپێری بەڵام بۆیشت دەکەم•» ڕێوی دەزگای فێڵی خستە کارو وەك تاژی شوێنی مامزەکەی هەڵگرتو لە شوانانی پرسی داخۆ چ مامزی برینداریان نەدیوە • شوان جێگەی مامزەکەیان پێشان دا • ڕێوی چوو ، دیتی مامزەکە لە ڕاکردن ماندوو بوو بوو وەستابوو ماندووی خۆی بسێنێتەوە • بەبێ چاوڕوو لێی چوە پێشو ئاخاوتی • مامز لەڕکان مووی زیك بوەوەو گوتی : « هەی خوێڕی ناپاك ، تازە منت پێ ناخەڵەتێ • ئەگەر لێم نزیك بیتەوە هەڵت دەدڕم • بڕۆ یەکێکی وا هەڵخەڵەتێنە کە نەتناسێ ، شێتی کەو بیکە بە پاشا • ڕێوی وەڵامی دایەوە : « هەی لەمنت نەکەوێ ، مامز ، بۆ واترسنۆکی • ئێمە برادەری دڵسۆزی تۆین ، بۆ دڵت لێ پیس کردووین • شێر کە گوێی گرتی بۆ ئەوەی بوو لە سەرەمەرگا هەندێ ئامۆژگاریت بکا لەبارەی پاشایەتی یەوە بەڵام تۆ بەرگەی ئەم گیاندارە نەخۆشەیشت نەگرت• ئێستا وا شێر دڵیشکاوە و لێت عادزە ، پەشێمان بۆتەوە ناتکاتە

پاشا ، دەیەوێ گورگ بکاتە پاشا ؟ خۆیشت دەزانی گورگ پیاوی خراپەو ئەگەر ببێتە پاشا هەموومان زەرەر دەکەین . بەلام مەترسە ، وەرە بچین من دلی شێر چاك دەکەمەوەو ڕازی نابم لە تۆ زیاتر کەس ببێتە پاشا . بەلام خۆت سل نەکەی ، وەك مەڕ نەرمو گوێ ڕایەل بە . سوێندم بە هەموو پەلکەدارو بە هەموو کانیاوێك لێ ناگەڕێم شێر ئازارت بدا . » بەم فرت و فێلە ڕێوی مامزی بەدبەختی فریودا ومامز بەگەلی کەوتە ڕێ ، هەر هێندە گەیشتنە ناو ئەشکەوتەکە شێر هەلمەتی بۆبردو یەکی نەکاندو ئێسكو مۆخو جەرگو ناوی قلووف کرد . ڕێوی وەستا بوو تەماشای دەکرد . دیتی دلی مامزەکە لە کەلەشی جودا بووەوە . ڕێوی بەدزی تێی ڕووهاتو لە پاداشتی ماندوو بوونی خۆی خواردی . شێر زۆر لە دلی مامزەکە گەڕاو هەموو ئێسكو پروسكو چەرمە چەقالتەکانی پشکنی نەیدۆزی‌یەوە . ڕێوی لێی دوورکەوتەوەو گوتی : « گەورەم ، چیتر لە دلی مامزەکە مەگەڕێ، ئەو مامزە دلی نەبوو ، ئەگەر دلی هەبوایە چۆن بە پێی خۆی دوو جار دەهاتە لانەی شێرو خۆی دەخستە بەرچەپۆکی . »

● تاسەی گەورەیی مێشکی پیاو وا قانگ دەدا هیچ ئاگای لە مەترسی پێش خۆی نامێنێ .

## ٦٢ – وەچەی قەلەزراوان

جارێکیان ، کارمامزێ بە پیرە شووری باوکی گوت : « بابە، تۆ لە سەگان زلترو چاپووکتری ، سەرباری ئەمەش شاخی تیژت هەیە خۆت بێ پاس دەکەی ، باشە بۆ وا هەترشت لە سەگان ڕژاوەو لە بەریان هەڵدێی • » پیرە شوور بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە :

« کوڕم ، قسەکەت ڕاستە • خۆیشم نازانم بۆ وایە ، هەر هێندە دەزانم کە گوێم لە حەپەی سەگ دەبێ بەدەستە خۆم نی‌یە هەڵدێم • »

● ئەگەر یەکێ زگماك ترسنۆك بێ ، بە هیچ ئامۆژگاری‌یەك نابێتە پیاوی ئازادو دڵقایم •



Scanned with CamScanner

## ٦٣ ـ گاڵتەی چارە نووس

شوورێکی تینوو چوە سەر کانی‌یەك ، کە لە ئاو خواردنەوە بووەوەو وێنەی خۆی لە ئاودا دی زۆری هەوەس بە شاخە زلو جوانەکانی هات بەڵام زۆری بێز لە لاقە باریکەکانی بووەوە • لەو لێکدانەوەیەدا بوو شێرێکی لێ پەیدا بوو • شوور هەڵات‌و شێر کەوتە دوایەوە • مەودایەکی زۆر شێری بەجێ هێشت ، چونکە هێزی شوور لە لاقی‌دایەو هێزی شێر لە دڵی نەبەردی دایە •

تا دەشتەکە تەخت‌و بەرهەڵدابوو شوورەکە لە پێشی دەدا بەڵام کە کەوتنە ناو دارو درەخت‌و جەنگلستان شوورەکە شاخی لە چلی درەختێك جەڕاو ڕەپ ڕاوەستا نەیتوانی پێ لەبەر پێ بنێ • شێر گەیشتە سەری‌و دایپەڵۆسی • شوورەکە لە دڵی خۆی دا گوتی : پەککو ! ئەو لاقانەی شەرمم پێ بوون دەربازیان کردم کەچی ئەو شاخانەی شانازیم پێوە دەکردن سەریان خواردم • »

● زۆر جار وا دەبێ کە دەکەوینە تەنگاتە ، ئەو برادەرانەی لە دڵسۆزی‌یان دوودڵین بە کەلکمان دێن کەچی ئەوانەی بڕوای کوێرانەمان پێ هەن لە قوڕێمان دەبەنە خواری •

## ٦٤ ـ کیسەڵ ڕەقەی چۆن دەست کەوتوە •

( زیۆس ) کە ئاهەنگی زەماوەندی بۆ خۆی گێڕا لە دوو هەموو گیاندارانی گێڕایەوە • هەموو هاتن تەنیا کیسەڵ نەبێ خۆی لە ماڵەوە گنخاندن • ( زیۆس ) نەیزانی کیسەڵ بۆ نەهاتوە ، ڕۆژی پاشی لێی پرسی بۆ نەهاتۆتە زەماوەند • کیسەڵ وەڵامی دایەوە : « بۆیە نەهاتم چونکە ماڵی خۆمم پێ لە هەموو شوێنێ خۆشترە !» (زیۆس) کە گوێی لەم قسەیە بوو ، زۆر توورە بوو ، لە ڕکان بڕیاریدا کیسەڵ بە هەموو دەمێ ماڵی لە سەرپشت بێ •

● زۆر کەس وایان پێ باشە خواردنێکی سادە لەماڵی خۆیان بخۆن نەك خواردنی چەور لە ماڵی خەڵك بخۆن •



Scanned with CamScanner

## ٦٥ – پشتگوێ خستنی ئامۆژگاری

کیسەڵ داوای لە هەڵۆ کرد فێری فڕینی بکات • هەڵۆ پێی گوت : « کیسەڵ تۆ بنیاد وا دروست نەبووی فێری فڕین ببی ، خۆت ماندوو مەکە ، فێر نابی • » بەڵام کیسەڵ گڕنەگەی داگرتو وازی نەهێنا • ئیدی هەڵۆ چرنۆکی لێ گیرکردو بەرزی کردەوە، زۆری بەرزکردەوە ، لەو بەرزایییەوە بەری دایەوە • کیسەڵ بە گوڕ هاتە خوارەوە ، بە بەردێك کەوتو هەڕوون بە هەڕوون بوو •

ئارەزووی ململانە ، زۆرجار ، وا لە پیاو دەکا گوێ نەداتە ئامۆژگاری پیرو پێشینان ، ئەنجام سەری تێدەچێ •



Scanned with CamScanner

## ٦٦ – بە هێواشی مسۆگەر ترە

کیسەڵو کەروێشك کردیانە پیلەکە داخۆ کامیان بە بەزترە • جێگاو کاتێکی تایبەتی‌یان دیار کرد بۆ پێشبڕکێ •

کەروێشك زۆر بڕوای بە غاردانەی خۆی هەبوو ؛ بۆیە هیچ ترسی لەپێشبڕکێکە نەبوو • لارێ بوو ، پاڵی دایەوەو خەوت • کیسەڵیش لە بەر ئەوەی دەیزانی پێی گرانەو خۆشبەزنی‌یە ، بە تەپە تەپ ڕۆیشتو لە هیچ شوێنێ ڕانەوەستا • بەپێش کەروێشکی نووستوو کەوتو گرەوەکەی بردەوە •

● یەکی بەهرەیەکی زگماکی هەبێو نەتوانێ بەکاری بێنێ ، بێ بەهرەیەك دەیبەزێنێ •



Scanned with CamScanner

## ٦٧ ــ سزای پەیمان شکێنی

هەڵۆیەك و ڕێوی‌یەکی مێیە بوونە هاوڕێ بڕیاریان دا لە نزیك یەك بژین تا باش شارەزای یەکتر بن و پەیوەندی بەینیان پتەوتر بێ • هەڵۆ فڕی ، چوو لە سەر چلە پۆپەی درەختێکی بەرز هێلانەی کردو هێلکەی دانا ، کەچی ڕێوی مێیە لە کونێکی تاریکی ژێر زەوی ترەکی •

ڕۆژێکیان ، ڕێوی بۆ خواردن چوە دەرێ • هەڵۆ چاوی لێ‌بوو ، جا لەبەرئەوەی زۆر برسی بوو خۆی گەیاندە لانەی ڕێوی و بێچوەکانی فڕاندو بردنی لە گەڵ بێچوەکانی کەوتنە سەریان ، هەموویان خوارد • کە ڕێوی هاتەوەو چاوی بەم کارەساتە کەوت زۆر پێ تێك چوو بەڵام هێندە خەمی بێچوەکانی نەبوو ئەوەندەی خەمی تۆڵە کردنەوەی بوو • ڕێوی کە ناتوانێ لە زەوی جودا بێتەوە چۆن ڕاوی هەڵۆ بنێ و بە سزای خۆی بگەیەنێ ؟ هەر هێندەی لە دەست دێ ــ وەك بەستەزمانێکی بێ دەسەڵات ــ دوور بە دووری جوێنی پێ بدا • بەڵام زۆری نەبرد هەڵۆ سزای شکاندنی حورمەتی دوستایەتی وەرگرت : هەندێ کەس بزنێکیان کردبوە قوربانی خەریك بوون دەیانبرژاند ، هەڵۆ وورشەی هات دابەزی‌یە خوارێ و پڕی دایە پارچە گۆشتێکی بە ئاگرو بۆ هێلانەکەی بردە لەم کاتە دا ، بایەکی توند هەڵی کرد ، چیلکە دارەکانی هێلانەکەی گڕیان گرت و ساقەتە سۆرەکانی سووتان و یەك یەك بەربوونەوە



Scanned with CamScanner

سەر زەوی‌و ڕێویش غاری دایە سەریان‌و لە بەر چاوی هەڵۆ کە یەك یەك قلووفی کردن •

ئەم هەقایەتە دەڵێ : ئەوانەی بەندیواری دۆستێنی دەشکێنن، با ئەوکەسەی خراپەیان لە گەڵ کردوە نەتوانێ سزایان بدا ، خوا سزایان دەدا •



Scanned with CamScanner

## ٦٨ ـ چاکە دانەوەی بە جێ

جوتیارێك بینی هەڵۆیەك بە تەلەوە بوو ، هەڵۆکە زۆر جوان بوو ، چوو بەرەڵڵای کرد .

هەڵۆ بە ئەمەك بوو ، مەردانە چاکەکەی دایەوە . ڕۆژێکیان، جوتیار کە لە بن دیوارێك دانیشتبوو ، دیوارەکە هات بڕوخێ ، هەڵۆ چاوی لێ بوو فڕی چوو چڕنۆکی لەکڵاوو جەمەدانــی کابرا گیر کردو بردی . کابرا هەر ڕای کردو کەوتە دوای هەڵۆ . هەڵۆ نەختێ لەولاتر کڵاوو جەمەدانی‌یەکەی بەردایەوەو کابرا هەڵـی گرتەوەو گەڕایەوە ، کە گەیشتەوە جێی جاران دیتی دیوارەکە ڕووخاوە . ئەو حالە تێ گەیشت هەڵۆ چەند بە ئەمەکەو چەند بــە سەیری چاکەکەی داوە تەوە .



Scanned with CamScanner

## ٦٩ – قەلەباچکە خۆی دەکاتە هەڵۆ

هەڵۆیەك لەسەر کەڤرێکی مەزن دابەزیو ووڕشەی هات بەرخێکی فڕاند • قەلەباچکەیەك چاوی لێبوو ، بەخێلی پێ بر، وویستی پەنجەی لەپەنجە بدا ، ووڕشەی هات باڵی لێکداو نیشتە سەرپشتی بەرانێك بەڵام چڕنۆکی لە خوری بەرانەکە گیر بوو و پەنجەی بالی لێکداو خۆی ڕاتەکاند بەرەللا نە بوو • شوان چاوی پێکەوت ، ڕای کرد ، چوو گرتی • باڵی کردو شەو بۆ منداڵەکانی بردەوە • منداڵەکان گوتیان : « بابە ، ئەمە چ باڵندەیەکە ؟ » کابرا گوتی : « خۆی قەلەباچکەیە بەڵام دەیەوێ بە هەڵۆی بزانین •»

ئەگەر ململانە لە هی لە خۆت بە هێزتر بکەی ، نەك هەر ماندوو بوونت بەلاشە ، بگرە بە چارەڕەشیشت پێ دەکەنن •

## ٧٠ ـ هیوای پاشتر

قەلەباچکەیەك لە سەر دار هەنجیرێك هەڵنیشت • کە دیتی هەنجیرەکان هێشتا کاڵن بڕیاری دا چاوەڕێ بکا تا پێ دەگەن •

ڕێوی کە بینی قەلەباچکە لەوێ ڕەق ڕاوەستاوە ، پرسی بـۆ لەوێ وەسـتاوەو چاوەڕێی چ دەکا ؟ کـە لـە حاڵو مەســەلەکە گەیشت ، پێی گوت :

« ڕاست نی‌یە ڕێ بدەی هیوا بەسەرتدا زاڵ ببێ ، هیوا تەفرەت دەداو قەت وورگت پڕ ناکا • »



Scanned with CamScanner

## ٧١ ــ ئەمیشم چوو ، ئەو یشم چوو

قەلەباچکەیەك لە هاوڕێکانی نەختێ بەکەلەشتر بوو ، بۆیە لە پێستی خۆی چوە دەرەوەو بە هاوڕێکانی ڕازی نەبوو و چوە ناو قەلانو داوای لێ کردن بە ویلداشی خۆی بزانن بەلام لە بەر ئەوەی دەنگ و ئەدگاری بیانی بوو قەلەکان تێی وەرماتن و هەلیان بری • ناچار گەڕایەوە ناو قەلەباچکەکانی هاوڕەگەزی خۆی بەلام لە بەرئەوەی کاتی خۆی بە کەمی زانین و پێیان ڕازی نەبوو، ئەوانیش لێ نەگەڕێن بچێتەوە ناویان بەم جۆرە قەلەباچکە لە هەردوو دینان بوو •

ئەوانەی وولاتی خۆیشیان بەجێ دێلن ئاوهان • لە وولاتە نوێکە ڕیزیان ناگرن چونکە بێگانەن • هاوولاتی‌یەکانی خۆیشیان ڕقیان لێیانە چونکە بە وولاتی خۆیان ڕازی نەبوون •



Scanned with CamScanner

## ٧٢ – پەڕوباڵی خەڵك

« زیۆس » كە ویستی پاشایەك بۆ باڵندان دابنێ ڕۆژێكی دیار كرد بۆ ئەوەی هەموو باڵندەكان بێنە بەردەمی‌و كامەیان لە هەموویان جوانتر بوو بیكا بە پاشای باڵندان •

هەموو باڵندەی دونیا چوونە دەم ڕووبارو كەوتنە خۆشوشتن‌و خۆتاس‌و لووس‌دان • قەلەباچكە بە خـۆی‌دا ڕوانی زانـی زۆر ناشیرینە ، گەڕا چی پەڕو تووكی باڵندەكانی تر لە خۆیان تەكاند بوو هەمووی كۆكردەوەو لـە خـۆی قایـم كـرد ، وای لێ‌هات لە هەموو باڵندان جوانتر بوو •

كە ڕۆژی خۆی هات ، هەموو باڵندەكان چوون خۆیان پێشانی «زیۆس» دا • قەلەباچكەش بەوڕیشە ڕەنگاو ڕەنـگەوە چـوو • «زیۆس» قەلەباچكەی زۆر پێ جوان بوو ، خەریك بوو عەرشی پاشایەتی تەسلیم بكا بەلاّم كـە باڵندەكانـی دی بەمەیـان زانـی پەست‌بوون‌و هەركەسە چوو پەڕی خۆی لە قەلەباچكە سەندەوە • قەلەباچكە ڕووت بووەوەو بوو بە قەلەباچكەی جاران •

● پیاوی قەردار وەكو ئەم قەلەباچكەیە • فیز بە پارەی خەڵك لێ دەدا بـەلاّم كـەداوای قـەردی لێ‌بـكەنەوە دەبزرکـێ‌و پیاوەكەی جاران نی‌یە •

## ٧٣ ـ ئەیرێکی ناو دەست

بولبولێك لە سەر دار بەڕوویەکی بەرز هەڵنیشتبوو ، دەیخوێند • کوندەبۆیەك چاوی پێ کەوتو لەبەر ئەوەی خواردنی بڕا بوو ، بۆی دابەزیو بولبولەکەی وڕاند • بولبول لە کوندەبۆ پاڕایەوە کە بەری بداو نەیخوا ، گوتی : « من باڵدارێکی زۆر بچووکم ، تۆم پێ تێر ناکرێ ، ئەگەر بەڕاستی برسی بڕۆ باڵندەیەکی لە من گەورەتر بگرە • » کوندە بۆ وەڵامی دایەوە : « ئەگەر واز لە خواردنی بەردەستم بێنمو بەدوای شتێکی وا بگەڕێم کە هەر شوێنیشی دیار نییە ، دیارە شێتم • »

● بنیادەمیش هەمان شتە • شێتانییە بە هیوای شتی گەورەو مەزن ، واز لە شتی مسۆگەری بەردەستت بێنی •

## ٧٤ – پەیمان شکێنی

قەلێك بەداوەوە بوو پەیمانی دا ئەگەر (ئەپۆللۆ) ڕزگاری بکا دەسکێ بخووری بۆ بسووتێنێ بەلاّم کە دوعای قبووڵ بوو بەڵێنەکەی هەر لە بیر نەما •

پاشان دوبارە قەلەکە بەداوەوە بوو ، ئەمجارەیان ڕووی نەهێنا لە ئەپۆللۆ بپاڕێتەوە ، لە ( هرمز ) پاڕایەوەو پەیمانیدا ئەگەر ڕزگاری بکا قوربانییەکی بۆ بکا بەلاّم هرمز پێی گوت : « بەدخوو ، چۆن بڕوات پێدەکەم ، هەرتۆ نەبووی جاری پێشوو گەورەی خۆت لەبیرکردو هەقت نەدا ؟!»

ئەوانەی بێئەمەکی بەرامبەر بەوانە دەنوێنن کە چاکەیان لەگەڵ کردوون ، کە کەوتنە تەنگانە کەس یارمەتییان نادا •



Scanned with CamScanner

## ٧٥ ـ مافی حەواندنەوە

کە یەکەمجار ( تالیشك ) سەری دەرهێنا ، پەڕەسێلکە زانی باڵندە کەوتنە مەترسی • هەموو باڵندەکانی کۆکردەوەو ئامۆژگاری کردن کە ئەم گیایە ڕیشەکێش کەن • ئەگەر پێشیان ڕیشەکێش نەکرا بە عام بچن خۆ باوێنە سەر تۆڕو بەختی بنیادەمان کە بەم گیایە داویان بۆ دانەنێنەوە • هەموو باڵندەکان گاڵتەیان بە پەڕەسێلکە کردو بە هەرزەگۆو ئاژاوەچی‌یان دایە قەڵەم • ئیدی پەڕەسێلکە بە تەنێ چوو خۆی دەخاڵەتی بنیادەم کردو بنیادەمیش زانی پەڕەسێلکە ئاقڵمەندە بەخێری هێناو کردی بە هاودەمی خۆی • بەم جۆرە بنیادەم هەموو باڵندەیەك دەگرێ‌و دەیخوا ، کەچی پەڕەسێلکە بێ‌ترس‌و پەروا هێلانە لەبن ساپیتەی ماڵان دەکات‌و بنیادەم دەیحەوێنێتەوە •

● ئەوەی پێشبینی مەترسی بکا دەرفەتی دەبێ خۆی لێ‌لابدا •

## ٧٦ ـ لەبەر ئاگردان

کابرایەك تووتی‌یەکی کڕی‌و بەری هەڵدا ناو ماڵێ • تووتی زوو کەوی بوو • ڕۆژێکیان ، چووە سەر لێـوی ئاگردان‌و کەوتـە خوێندنێکی خۆش • پشیلەی ماڵێ چاوی پێ کەوت‌و لێی‌پرسی : « ئەرێ تۆ چیت‌و لە کوێوە هاتووی ؟ » تووتی گوتی : « خانـە خوێ تازە کڕیومی •» پشیلە گوتی : « کەواتە دیارە «زۆر بڵحی» ، تۆ تازە هاتووی‌و ئەم هەموو هەراوهۆریایە دەنێیتەوە کەچی مـن خانەزای ئەم ماڵەم ڕێگەیشم نادەن بمیاوێنم• ئەگەر بماوێنم لێم‌تووڕە دەبن‌و دەرم دەکەن • » تووتی وەڵامی دایەوە : « ئـای هـای خاتوون ، بڕۆ بۆ خۆت پیاسە بکە ، ئاخر من‌و تۆ جوداین • ئەم ماڵە چەند ڕقیان لە دەنگی تۆیە سەد هێندە ئەشقی دەنگی منن • »

◉ ئەم هەقایەتە گاڵتە بەو ڕەخنەگرە بەدخوانە دەکا کە هەمیشە هەوڵ دەدەن عەیب لە خەڵك بگرن •



Scanned with CamScanner

## ٧٧ ـ تۆڵە بە تۆڵە

خراپە لەگەڵ کەس مەکە بەڵام ئەگەر یەکێ برینداری کردی شایەنی ئەوەیە.وەکو ئەم هەقایەتە تۆڵەی لێبکەیتەوە •

دەڵێ لەقلەق لە وڵاتی بێگانان هاتەوەو ڕێوی داوەتی کرد ، شۆربای بۆ لێناو شۆرباکەی لەسەر بەردی مەڕمەڕ ڕووکرد • لەقلەقی برسی هێندەی دەنووکی لەبەردی ڕەقدا هیچی پێنەخورا کەچی ڕێوی تا مڕ بوو شۆربای لەسەر مەڕمەڕ لستەوە • ماوەیەك پێچوو ، لەقلەق ڕێوی داوەت کردو خواردنەکەی لەناو گومگومەیەکی ملدرێژ کرد خۆی دەنووکی درێژ بوو ، دەنووکی دەبردە ناو گومگومەکەو دەیخوارد کەچی ڕێوی هەر بە سکی برسی دەهاتو دەچووو دەمی نەدەگەیشتێ لەقلەق بە ڕێوی گوت : « نابێ گلەییم لێبکەی ، یەکەمجار تۆ ئەم ڕێیەت شکاند ، منیش هەر هێندە پەیڕەوی تۆم کردووەو لاسای تۆم کردۆتەوە • »

⊛ خراپە خراپەی دێتەوە ڕێ •



Scanned with CamScanner

## ٧٨ ــ ئەوەی بە بەشی خۆی ڕازی نەبێ ...

کۆلارە هەر لە خۆوە دەنگی وەکو دەنگی قورینگ ناسك بوو بەڵام کە گوێی لە حیلەی ئەسپ بوو بەخێلی پێبردو ویستی لاسای بکاتەوە . کە کەوتە لاساکردنەوە : نەحیلەی ئەسپ فێر بوو، نە خوێندنی خۆیشی لەبیرما .



Scanned with CamScanner

# ٧٩ - کردەوەی ڕاستەقینە

هەوێردەیەك هێلانەی لەناو دەغڵێکی شین کرد • بێچووی هەڵهێناو بەخێوی کردن تا کلاویان لەسەر هاتو کە بینی دەغڵەکە زەرد بوەو دروێنەی هاتــوە گوتی : « ئەوە دەغڵــەکەم دروێنــەی هاتوە بچمەوە برادەرەکانم تێدەگەیەنم بێن دروێنەم لەگەڵ بکەن • » بێچوێکی سەربەکلاوە گوێی لەم قسەیە بوو ، بۆ دایکی گێڕایەوەو گوتی تا زووە با شوێنێکی تر بدۆزینەوەو لێرە بار بکەین • دایکە وەڵامی دایەوە : « کوڕم خەمت نەبێ ، بار ناکەین ؟ چونکە ئەوەی بەتەمای برادەران لە خۆی بگەڕێ هیچی پێناکرێ • »

ماوەیەك پێچوو ، دیسان خاوەنی دەغڵەکە هاتو کە بینی دەغڵەکە تەواو زەرد بوەوەو گوڵەگەنمەکان سەریان شۆڕکردۆتەوە ، گوتی : « سبەینێ زوو پاڵەو گیشەکەر بە کرێ دەگرمو دێمە دروێنە • » ئەم جارەیان هەوێردەی داکانە بە بێچوەکانی گوت : « کەلــکی بڕا ، با بارکەینو بچینە شوێنێکی تر ، مادام کابرا بە تەمای برادەران لێنەگەڕێو پشت بە خۆی ببەستێ سبەی دەگاتە سەرمان • »



Scanned with CamScanner

## ٨٠ - گۆرانی قورینگ

کابرایەك بەستبووی قورینگ دەنگیان خۆشـە ڕۆژێ دیتی قورینگێکیان دەفرۆشت ، چوو کڕی • ماوەیەك پێچوو ، ڕۆژێ، کابرا چەند برادەرێکی داوەت کردە سەر فراوینو بە قورینگەکەی گوت کە برادەرەکان هاتنو دەستیان بە خواردن کرد دەست پێ کە گۆرانییان بۆ بڵێ • بەڵام قورینگ هیچ گۆرانی نەگوت •

ماوەیەکی پێچوو ، قورینگ هەستی کرد مەرگی نزیك بۆتەوە کەوتە شینو شەپۆڕو گریان چونکە دەڵێن قورینگ لە سەرەمەرگا گۆرانی دەڵێ • کە خاوەنەکەی گوێی لە دەنگی بـوو گوتی : « مادام تۆ لە سەرەمەرگا گۆرانی بڵێی گێل بووم کاتی خۆی داوای گۆرانیم لێکردی ، دەبوایە سەرت ببڕمو هەڵبەت پێش سەربڕین گۆرانیت دەچڕی • • »

● یەکێ بە پیاوەتی ئیش نەکا ، بۆی هەیە بە کوتەکیو بـە زۆری زۆردارەکی پێی بکەن •



Scanned with CamScanner

## ٨١ ـ لەناوچوونی سەرکەوتوو

دوو کەڵەشێر بەشەڕ هاتن • ئەوەی بەزی خزی‌یە قوژبنێکی تاریك‌و خۆی شاردەوە • کەچی ئەوەی سەرکەوت‌و بردی‌یەوە چوە سەر دیوارێکی بڵندو تا هێزی تێدا بوو قووقاندی • یەکسەر هەڵۆیەك بۆی دابەزی‌و تێی ڕووهات‌و بردی • کەچی کەڵەشێرەکەی دی کە دۆڕاندبووی لە کۆڵێتی تاریکی خۆیەوە بە سەلامەتی مایەوەو بە بێ ترس دەکەوتە دوای مریشکان •

لەم هەقایەتەدا دیارە کە خوا دژی لووتبەرزی‌یە ، کەچی خێروبەرەکەت بەسەر پیاوی خاکی‌دا دەبارێنێ •



Scanned with CamScanner

## ٨٢ ـ تێگەیشتن بەشێکە لە ئازایی !

سەگ و کەڵەشێر بوونە برادەرو پێکەوە چوونە گەشت • کە شەویان بەسەردا هات کەڵەشێر چوو لەسەر درەختێکی بەرز هەڵنیشت و سەگ لەبن درەختەکە لەناو قۆرتێك وەرکەوت • کەڵەشێر بە پێی ڕەوشتی خۆی کە بووە بەیانی بانگی دا • ڕێوی یەك گوێی لەدەنگی بوو چوە ژێر درەختەکەو داوای لە کەڵەشێرەکە کرد بێتە خوارێ و گوتی زۆرم پێ خۆشە خاوەنی ئەم دەنگە خۆشە لەباوەش بکەم • کەڵەشێر گوتی : باشە ، دە جارێ ئەم دەرگەوانە واگا بێنە کە لە خوارێ نووستوەو پێی بڵێ‌ی دەرگات لێ بکاتەوە ، ئەو حەلە دێمە خوارەوە • ڕێوی لە دەرگەوانەکە دەگەڕا کت و پڕ سەگ شاڵاوی بۆ بردو پەلپەلی کرد •

پیاوی تێگەیشوو کە کەوتە بەر هێرشی دوژمن ، دوژمنەکەی حەواڵەی یەکێکی وا دەکا کە لە هەقی بێ •



Scanned with CamScanner

## ٨٣ – بیروڕای جیاواز

هەندێ دز خانوویەکیان بڕیو لە کەڵەشێرێك زیاتر هیچیان نەدۆزییەوە ، کەڵەشێرەکەیان بردو کە خەریك بوون بیکەنــە بریانی کەڵەشێرەکە پاڕایەوە بەری بدەن بەو بیانووەی کە دەیەوێ خزمەتی خەڵك بکاتو پێش ڕۆژهەڵات واگایان بێنێ بۆ ئەوەی زوو بچنە سەر ئیش • دزەکان وەڵامیان دایەوە : « تەنیا ئەم قسەیەت بەسە بۆ ئەوەی سەرت ببڕین ؛ چونکە کە تۆ خەڵکت بە ئاگا هێنـا مانای وایە لێناگەڕێی ئێمە دزییان لێبکەین • »

● ئەو شتەی قازانجی پیاوی مەردی تێدا بێ ، دەبێتە تەگەرە لە پێش پیاوی خوێڕیو بەرەڵلا •



Scanned with CamScanner

## ٨٤ ـ متمانەی نابەجێ ٠

( قاوەند ) باڵندەیەکە حەزی لە تەنیاییی‌یە ٠ هەموو ژیانی لە کەناری دەریا دەباتە سەرو لەسەر بەردی ڕەق‌وتەق لە شوێنی وا هێلانە دەکا کەس نایگاتێ ٠

قاوەندێك بە هێلکە هات ٠ زمانەیەکی ووشکاتی داکشابوە ناو دەریا ، چوو لەو زمانەیە هێلانەی لەسەر بەردێك کرد کە شۆڕ بوەوە سەر ئاو ٠ ڕۆژێکیان ، کە بۆ خواردن چوە دەرەوە ، دەریا هەڵچووو بوو بە گەرداو و شەپۆلی زلو بەتین هێلانەکەی ڕامالیو بێچوەکانی خنکاند ٠ کە قاوەند گەڕایەوەو بینی هێلانەکەی ئاوو ئاو چوە هاواری کرد : « وای لە خۆم بەدبەختێ ، من لە ووشکاتی دوور دەکەوتمەوە نەوەك داوم لێ‌دابنێنەوە کەچی ئەم دەریایەی پەنام بۆ هێناوە لەویش ناپاکتر دەرچوو ٠ »

● هەندێ کەس کتومت وان ٠ لە ترسی دوژمن خۆیان دەخەنە باوەشی برادەری وا کە زۆر لە دوژمن خراپترن ٠



Scanned with CamScanner

## ٨٥ - یاسای خۆپاراستن

ڕاوکەرێك چوە ڕاوەباڵندەو تۆڕی داناوەو کۆترە کەوی‌یەکانی خۆی بەستەوە ، ئینجا نەختێ کشایەوەو کەوتە چاوەڕوانی . پاش قەیرێ هەندێ کۆترە کێویلکە هاتن‌و بە تۆڕەکەوە بوون . کابرا غاری دا سەریان بۆ ئەوەی بیانگرێ . کۆترە کێویلکەکان سەرکۆنەی کۆترە کەوی‌یەکانیان کردو گوتیان : « ئێمەش لە ڕەگەزی ئێوەین‌و کە دەتانزانی ڕاوکەر داوی داناوەتەوە بۆ پێتان نەگوتین ؟ » کوترە کەوی‌یەکان وەڵامیان دانەوە « ئێمە مانان ڕەزای خاوەنی خۆمان پێ لە سوپاسی هاوڕەگەزی خۆمان باشترە !»

● هەر بەم جۆرەش بەندە لۆمەیان لەسەر نی‌یە ئەگەر بۆ رازی کردنی دڵی خاوەنیان چاکەیان پێ لەگەڵ خزمان نەکرێ .

## ٨٦ ـ تەماشای پێش خۆت بکە ئینجا شەقاو باوێ

کۆترێکی تینوو دۆلکە ئاوێکی لە نیگارێکدا بینی ، وای زانی دۆلکاوی بەڕاستییە ؟ لە شەقەی باڵیداو بەگوڕ چوە سەری ، خۆی بە نیگارەکە داداو باڵی شکاو کەوتە سەرزەوی‌و ڕێبوارێک هەڵی گرتەوە .

● بەسەری بۆشەوە شوێن ئیش مەکەوە . هەندێ جار هەست‌و سۆزی پیاو تەفرە دەداو وای لێ دەکا کوێرانە خۆی بفەوتێنێ .

## ٨٧ ـ بۆ گرفت هاتۆته دونیاوه •

کۆترێك گیرابووو خرابوه ناو کۆتره گیراوەکانی‌تر • شانازی بەوه دەکرد کە زۆری فەرخە کردوەو نەوەیەکی زۆری لێ‌کەوتۆتەوه • قەلێك گوێی لێ‌بوو ، گوتی : « برام ، شانازی بە شتی وا مەکە • تا فەرخەت زیاترت بێ مانای وایە دیل‌و یەخسیرت زیاترەو خەم‌و جەخارت پترە ••

بنیادەمی کۆیلەش وان : کلۆڵترین کۆیلە ئەوانەن کە بە بەندایەتی منداڵیان دەبێ •



Scanned with CamScanner

## ٨٨ ـ مەرگی ناپاك

میوانێك درەنگ گەیشتە ماڵی ڕاوکەرێك • خانەخوێ هیچی نەبوو لەبەر میوانەکەی دابنێ • ویستی کەوی ڕاوی بکوژێتەوە • کەوەکە کە زانی خاوەنەکەی بە تەمایە بیکوژێتەوە گوتی : « ناپاکی‌یە بۆ تۆ سەری من ببڕی ، چونکە من خزمەتێکی گەورەت دەکەم ، هاوڕەگەزی خۆمت بۆ دەخەمە داو ، دڵسۆزی لەمە زیاتر دەبێ ؟ » کابرا گوتی : « ئەوەندە قسەیەت بەسە بۆ ئەوەی سەرت ببڕم چونکە تۆ ناپاکی‌و خیانەت لە هاوڕەگەزی خۆیشت دەکەی ! »

● دۆستی ناپاك هەموو کەس ڕکی لێ‌دەبێتەوە : ئەوەی ناپاکی لەگەڵ دەکات‌و ئەوەی ناپاکیشی بۆ دەکات •



Scanned with CamScanner

## ٨٩ ــ لەناوبردنی بەدکار

مریشکێك هەندێ هێلکە ماری دۆزی‌یەوە ، لە سەریان کورك بوو تا هەڵیانبێنێ • پەڕەسێلکەیەك چاوی لێبوو پێی‌گوت : « تۆ گەوجی ، مێشکت لە سەری‌دا نی‌یە ! گیانداری وا پەروەردە دەکەی کە پێگەیشتن پێش هەموو کەس بەدکاری لەگەڵ تۆ دەکەن •

● ڕەفتاری هەرە نەرمیش سروشتی دڕندانەی بەدکاران نەرم ناکا •



Scanned with CamScanner

## ٩٠ – سزای خۆپەرستی ٠

ئەسپو کەر لە ژێر باری خاوەنەکەیاندا بوونو بۆ ڕێگایەکی دووری دەهاژوان ٠ کەر بە ئەسپی گوت : « برام ، وەرە ئەو چاکەیەم لەگەڵ بکە باری منیش هەڵگرە ، نەوەك دەمرم ، تاقەتم نەماوە ٠ » بەڵام ئەسپ بارەکەی بۆ هەڵنەگرت ٠ کەر ماندوێتی زۆری بۆ هێنا ، کەوتو تۆپی ٠ ئەو حەلە کابرا هەموو بارەکەی لە ئەسپەکە بار کردو پێستی کەرەکەیشی کردە سەربار ٠ ئەسپ کەوتە بۆڵەبۆڵو پاڕانەوەو هاواری کرد : تەنیا بە باری کەرەکە ڕازی نەبووم ، کەچی ئێستاکە وا هەموو بارەکەو پێستی کەرەکەیش لە منە ٠ »

÷

مەبەست ئەوەیە دەبێ بەهێز یارمەتی بێهێز بدا بۆ ئەوەی هەردوولا بە سەلامەتی بژین ٠



Scanned with CamScanner

## ٩١ ـ له كاتی تەنگانەدا ڕزگارمان كە !

سەربازێك ئەسپێكی هەبوو ، تا لە شەڕدا بوو ئەسپەكەشی لەگەڵ خۆی لە مەترسیو ناخۆشیدا بوو و جۆیەكی باشیشی دەدایە. كە شەڕ كوژایەوە ، ئەم ئەسپەی وەكو كۆیلە دەڕەتاندو باری گرانی لێدەناو بە تەواوی ( كا )یشی نەدەدایە .

جاری دوەم شەڕ داكەوت . كە تەپڵو كەڕەنای شەڕ لێدرا ، كابرا ئەسپەكەی زینو لغاو كردو چەكی لە خۆی داو سوار بوو . بەڵام ئەسپەكە هیچ شەنگی لەبەردا نەما بوو ، هەر شەقاوێكی دەهاویشت ڕەتی دەبردو بەردەبووەوە ، ئیدی بە خاوەنەكەی گوت « وا چاكە ببیە پیادە ، چونكە من شایەنی ئەوە نیم پێم بڵێن ئەسب . تۆ دەزانی چیت لە من كردوە ؟ منت كردۆتە كەرو تازە بە تەما مەبە وەكو جارانم پێبكرێ . »

● كە لە كاتی فەرەحنایی پشتی خۆت دەكەیتەوە ، ڕۆژی تەنگانەت لە بیر نەچێ .



Scanned with CamScanner

## ٩٢ – سەودایەکی خراپ

یەکانەو ئەسپ پێکەوە دەلەوەڕان . یەکانەکە گیای تێك هەڵدەشێلاو ئاوی شێلو دەکرد . ئەسپ ویستی ئەو تۆڵەی لێ بکاتەوە ، چووە لای ڕاوکەرێك شکاتی لێ کرد . ڕاوکەر گوتی : « وەرە جلەوت بکەم و سوارت بم ، ئینجا یارمەتیت دەدەم . » ئەسپ ڕازی بوو . کابرا سواری ئەسپ بوو و چوو یەکانەکەی کوشت . بەڵام ئەسپەکەیشی بەر نەداو بردییەوە لەسەر ئاخۆڕی بەستەوە .

● ڕقی کوێرانە وا لە هەندێ کەس دەکا بۆ ئەوەی تۆڵە لە دوژمن بکەنەوە خۆیان دەخەنە ژێر ڕکێفی هەندێکی تر .



Scanned with CamScanner

## ٩٣ ـ نیازی پیس

پشیلەیەك كەڵەشێرێكی گرت ، ویستی پەلپێكی پێ بگرێ و
بیخوا ، گوتی : ( تۆ خەڵك بێزار دەكەی ، شەو هەر
قووقەقووقتەو خەویان لێ حەرام دەكەی ! ) • كەڵەشێر گوتی :
« چاكە لەوە باشتر چی دەبێ ، زوو بە ئاگایان دێنم بۆ ئەوەی بە
وەختەوە بچنە سەر ئیش • » • پاشان ئەو پەنپەی پێ گرت گوتی
بە دایك و خوشكی خۆت دادەفسی • كەڵەشێر گوتی : « ئەمەش
خزمەتی خاوەنەكەمی تێدایە ، چونكە بەمەوە هێلكەو مریشك
زیاد دەكا • » پشیلە گوتی : « تۆ بیانووی بێسەروگوێت زۆرە ،
بەڵام ڕاست نین • جا من بۆ پەكی خۆم لەسەر تۆ بخەم • »
كردی بە ژەمێكی خۆش •

● لەم حەقایەتەوە دیارە كە ئەوەی نیازی پیس بێ ، هەنجەتی
بە دەست بێ یان نا بەدكاری خۆی هەر دەكا •



Scanned with CamScanner

## ٩٤ ـ ئەزموونو پەند

خانوویەك پڕ مشك بوو . پشیلە پێی زانیو چوو کەوتە ناویان یەك یەك قلووفی کردن . ئەوانەی مابوون لەم کوشتو بڕە سامیان لێ نیشتو کشانەوە کون ، ئیدی پشیلە دەستی پێ نەدەشکان . پشیلە بڕیاری دا شتێکی وا بکا ئەم مشکانەی ماون ترسیان بشکێو بێنە دەرەوە . چوو بە دیوار هەڵگەڕاو خۆی بە سنگولکەیەکدا شۆڕ کردەوە گوایە مردوە . بەڵام یەکێ لە مشکەکان سەری لە کون دەرهێناو چاوی بە پشیلە کەوتو گوتی : « بڕام ، خۆت ماندوو مەکە ، کەلکی نییە ، ئەگەر خۆت بکەیتە کەچەپەڕۆش هەر خۆت لێ دەپارێزم . »

ئەم هەقایەتە لەسەر پیاوی تێگەیشتوە . پیاوی تێگەیشتوو پەند لە ئەزموون وەردەگرێو قەت بە دوژمن هەڵناخەڵەتێ .



Scanned with CamScanner

## ٩٥ - ڕسواکردنی بەدکار

پشیلەیەك بیستی هەندێ مریشکی نەخۆش لەناو کێلگەیەك هەن ، خۆی گۆڕیو بەرگی دختۆرانی کردە بەرو جانتایەکـــی بەدەستەوە گرتو ڕووی کردە کێلگەکە • لە دوورەوە ڕاوەستاو بانگی مریشکەکانی کردو لەسەرو سحەتی پرسین • مریشکەکان وەلامیان دایەوە : « ئەگەر تۆ وازمان لێبێنی ، ئێمە زۆر باشین »•

● بەدکارێ هەر چەندە بیەوێ پیاوی چاك تەفرە بدا ، پیاوی ژیرو تێگەیشتووی پێ لە خشتە نابرێ •



Scanned with CamScanner

## ٩٦ - گۆڕان

پشیلەیەك ئەشقی گەنجێکی قۆز بوو ، لە (ئەفرۆدیت) پاڕایەوە کە بیکاتە کچ • ئەفرۆدیت سکی پێ‌سووتاو کردی بە کچێکی جوان‌و نازدار • کە گەنجەکە چاوی پێ کەوت حەزی لێ کردو خواستی‌و گواستی‌یەوە • کە پێکەوە خزانە ژوورێك ، ئەفرۆدیت ویستی بزانێ داخۆ پشیلەکە چۆن شێوەو ئەدگاری گۆڕاوە ، ئاوا خووو ڕەوشتیشی گۆڕاوە یان نەء ؟! بۆ تاقی‌کردنەوە مشکێکی بەردا ژوورێ • کچە کە چاوی بە مشکەکە کەوت لە بیری نەما ئێستا چی‌یەو لە کوێیە ؟ یەکسەر لەناو نوێنەکەی دەرپەڕی‌و بەری دا دوو مشکەکە بۆ ئەوەی بیگرێ‌و بیخوا • ئیدی ئەفرۆدیت لێی لە ڕك ڕاچووو کردی‌یەوە پشیلەی جاران •

● هەر بەم شێوەیەش : پیاوی خراپ ئەدگاری دەرەوەیشی بگۆڕێ ، خووی ناوەوەی ناگۆڕێ •

## ٩٧ ــ ئارام‌گرتنی لە ترسان

گایەك کە شێر تەنگاوی کرد بوو خۆی کوتایە ناو ئەشکەوتێك • هەندێ بزنەکێوی لەناو ئەشکەوتەکە بوون دایانە بەر قۆچان • گاکە هیچ خۆی تێ‌نەگەیاندن ، ئەوەندە نەبێ پێی‌گوتن :

« لە ترسی ئێوە نی‌یە خۆم کپ کردوە • لە ترسی ئەو دڕندەی دەرەوەیە خۆتان تێ‌ناگەیەنم • »

خەڵك لە ترسی پیاوی بەهێزو زەبربەدەست ، گوێ ناداتە هێرشی پیاوی بێ‌هێز •



Scanned with CamScanner

## ٩٨ – بێ‌زیان

دوو ئێستر لە کاروانی بوون‌و یەکەو باری گرانیان لێ‌بوو • یەکێ باری پارە بوو ، ئەوەی‌دی باری جۆ بوو • ئەوەی باری پارە بوو کە دەڕۆیشت ملی قیت دەکردەوەو سەری بڵند دەکرد ، زەنگوڵی ملی دەلەراندەوە تا باش بزرنگێتەوە • کەچی ئەوەی‌تر بە کپ‌و بێ‌دەنگی لۆژلۆژ لە دووی دەڕۆیشت • کت‌وپڕ کۆمەڵێ جەردەو ڕێگر لە مەکۆیەکدا لێیان دەرپەڕین • بوو بە شەڕو شیرێکیان لە ئێستری یەکەم داو پارەکەیان برد بەڵام خۆیان بە بارە جۆی ئێستری دوەمەوە ماندوو نەکرد ، هەر خۆیشیان تێ‌نەگەیاند • پاشان ئەو ئێسترەی ڕووت کرا بوو کەوتە دەردەدڵی لە دەست چارەڕەشی خۆی • کەچێ ئێسترەکەی‌دی گوتی : « من بەش بەحاڵی خۆم شادو بەختەوەرم • چا بوو منیان بە هیچ نەزانی‌و تخوونم نەکەوتن • بارەکەم بەدەقی خۆیەتی‌و هیچم لە دەست نەچوە • • »

● پیاوی هەژار بە هێمنی دەژی کەچی پیاوی دەوڵەمەند هەمیشە ژیانی لە مەترسی دایە •

## ٩٩ ــ لە مەنجەنیقی خۆیدا سووتا •

بزن‌و کەر یەك خاوەنیان هەبوو • بزن بەخیلی بە کەر دەبرد چونکە بەشی خۆی خواردنی هەبووو زیاتریش • ڕۆژێکیان چووە بن هەنگڵی‌و پێی گوت : « بەدبەخت ، تۆ ژیانت هەمــووی ڕەتان‌و چەوسانەوەیە ، هەمووی دنگ‌سووڕاندن‌و باربردنە ، بە گوێی من بکە خۆت بەردەوە ناو قۆرتێك بۆ ئەوەی نەختێ بحەسێیتەوە•» کەر بە قسەی بزنی کردو خۆی بەزدایەوە ناو قورتێك‌و بریندار بوو • خاوەنەکەی بەیتاڵی هێنایە سەرو بەیتاڵ گوتی کەر شرپە بە مەرەگەی سپیەلاکی بزن نەبێ چاك نابێتەوە • کابرا ناچار بوو بزنی سەربڕی بۆ ئەوەی کەرەکەی پێ‌چاك بکاتەوە •

● ئەوەی داو لە خەڵك دابنێتەوە خۆی پێوە دەبێ •



Scanned with CamScanner

## ١٠٠ – برادەری کۆنو نوێ

ڕۆژێکیان ، بزنەوانێك کە بزنی لێ‌خوڕی‌یە ناو پاوان دیتی هەندێ بزنەکێوی هاتن‌و خۆیان لەگەڵ بزنەگەلەی لێك‌دا • ئێوارێ هەمووی بردنەوە ناو ئەشکەوت‌و دایکردن • ڕۆژی پاشی ، بوو بە ڕۆژێکی دژو هەوا ناخۆش بووو نەیتوانی بزنەگەل بباتە ناو پاوان‌و ناچار بوو لە ماڵەوە ئالیکیان بدا • کە ئالیکی لەبەر کردن هەر ئەوەندەی دا بزنەکانی خۆی کە قنیاتی پێ‌بکەن کەچی زۆری لەبەر بزنەکێوی‌یەکان ڕوو کرد بۆ ئەوەی دەستەمۆیان بکات‌و وا نەکا بدەنەوە کێو •

پاش چەند ڕۆژێ ، کە هەوای خۆش کرد بزنەوانەکە هەموو بزنەکانی هاژواو باڵای پاوانان بوو ، هەر هێندە گەیشتە ناو شاخان بزنەکێوی‌یەکان هەموو تێیان تەقاندو دەرپەڕین • بزنەوانەکە سەرکۆنەی کردن گوتی من زۆرم خزمەت کردوون ، بۆچی بەبێ‌ئەمەکی جێم دێلن ؟ بزنەکێوی‌یەکان گوتیان : « ئاخر لەبەر ئەو خزمەتە جێمان هێشتی • ئێمە هەمووی دوێنێ بوو هاتینە لای تۆ ، تۆ لەبەر خزمەت کردنی ئێمە بەرت بە بزنەگەلی خۆت نەما • بێ‌گومان ئەگەر سبەینێ یەکێکی‌تر بێ ئاگات لە ئێمە نامێنێ‌و لەسەر حسێبی ئێمە ئالیکی لەبەر دەکەی •

● ئەگەر دۆستێکی نوێ ئێمە لە دۆستی دێرینی خۆی پەسندتر



Scanned with CamScanner

بکا ، دەبێ گومانمان لە خەڵات و دیاری هەبێ . نابێ لە یادمان بچێ هەر کاتێ ئێمەش بووین بە برادەری کۆن و دێرین پشت گوێمان دەخاو برادەری تازە لە ئێمە پەسندتر دەکا .

## ١٠١ ـ هەر کەسەو ئیشێك ٠

گیسکێك لە دوای بزنەگەل لاکەلاکی بوو ، گورگ لێی ڕاست هات ٠ بە گورگی گوت : « دەزانم دەمکەیتە قاوەڵتی بەڵام حەزم لێیە بە ئاهەنگ‌و شادی بمرم ٠ » کە دەنگی زوڕناو بەزم‌و شایی بەرز بوەوە سەگ لە دوورەوە گوێیان لێ‌بوو، تەقڵەت هاتن کە چاویان بە گورگ کەوت ڕاویان نا ، گورگ ئۆڕی دایەوەو گوتی : « هەقەمستم ، مادام ئیشم قەسابی بێ نابێ خۆم بکەمە زوڕنازەن ٠ »

● ئەوەی واز لە ئیشی خۆی بێنێ‌و ئیشێکی‌تر بکا ، ئیشەکەی خۆیشی لە دەست دەچێ‌و هیچیشی پێ‌نابڕێ ٠



Scanned with CamScanner

## ١٠٢ ـ نەشارەزا

جەوازێك بە نەشارەزایی مەڕێکی دەبڕی یەوە ۰ مەڕەکە لێی‌هاتە دەنگ‌و گوتی : « ئەگەر خوریت دەوێ هێندە لە بنی مەدە ، ئەگەر گۆشتیشت دەوێ سەرم ببڕەو ڕزگارم کە ، بۆی ناوێ وا هێدی هێدی بەو ئازایە گیانم دەربێنی ۰ »

## ١٠٣ – دەنگ‌و گاڵە هیچ نی‌یە !

شێرو کەر بوونە هاوڕێ‌و چوونە ڕاووشکار • ڕێ‌یان کەوتە ناو ئەشکەوتێك هەندێ بزنەکێوی تێدا بوو • شێر دەرگای لێ گرتن‌و کەریش چوە ناویان‌و بە زۆرەزۆر ترسی خستە ناویان‌و هەموو لەترسان دەردەپەڕین‌و شێر لەبەر دەرگا دەیگرتن • بەم جۆرە شێر زۆربەی بزنەکێوی‌یەکانی گرت • پاشان کەر هاتە دەرەوە ، خۆی هەڵکێشاو گوتی : « ئەرێ بزنەکانم باش دەرپەڕاند ، وا نی‌یە ؟ » شێر وەڵامی دایەوە : « پێم باوەڕ بکە ، ئەگەر نەمزانیبوایە کەری منیش گوێم لە دەنگت بوایە لێت‌دەترسام • »

● ئەوەی خۆی لە کن ناسیاران هەڵبکێشێ ، دەبێ بزانێ کە پێ‌ی‌دەکەنن •

## ١٠٤ ـ هەر تەیرەك بە ڕەوەی خۆی !

- کابرایەك ویستی کەرێك بکڕێ ، چوو کەرێکی مامڵەی کردو بۆ تاقی کردنەوە بردی لەناو کەرەکانی خۆی لەسەر ئاخوڕی بەستەوە • کەرەکە خۆی نەدا ناو کەران، چوو لە تەنیشت کەرێکی لە هەموو کەران تەوەزلترو نەوسنتر ڕاوەستا • ڕاوەستاو گوێی بەردایەوەو هیچی نەکرد • کابرا قەڕاسەی لە سەری کردو بۆ خاوەنەکەی بردەوە • خاوەنەکەی گوتی : « چۆنی تێدەگەی ؟ باشە ؟ » کابرا وەڵامی دایەوە : « تاقی کردنەوەی پێناوێ • دەزانم وەکو ئەو کەرەی من وایە کە هەر زوو بوو بە هاوڕێی • • »

● ڕەوشتی پیاو لە ڕەوشتی برادەرەکانییەوە دیارە •

## ١٠٥ - نرخی خۆشی

کەرێکی کێوی کەرێکیماڵی دی خۆی دابوە بەر ڕۆژێ ٠ جوو پیرۆزبایی لێ کرد کە گوزەرانی باشەو خوارنی لە مشەیە ٠

پاش ماوەیەك دیتی یەوە ، ئەمجارەیان باری لێ بوو ، کابرایەك بە پێش خۆی دابو نەقیزەی تێ دەوەژەندو بە داران لێی دەدا ٠ جوو پێی گوت : « ئێستا ناکرێ پیرۆزبایی ئەم وەزعەت لێ بکەم چونکە دەزانم خواردنی باش نرحی گرانە ٠ »

کەس بەخیلی بەو خۆشی یە نابا کە بە ئازارو مەترسی دەست بکەوێ ٠



Scanned with CamScanner

## ١٠٦ - زیرەکی یەکی سەیر

کەرێك بارە خوێیەکی لێبوو ٠ لە ڕوبارێکی دا ٠ خلیسکی بردو بەربوەوە ناو ئاوو بارە خوێکەی هەمـوو توایـەوە ٠ کـە هەستایەوە ئەم بارە قورسەی لە کۆڵ بووبوەوە زۆر شادو بەختەوەر بـوو ٠

جارێکی تر ، هەمان کەر دیسان بـاری لێبـوو ٠ گەیشـتە ڕوبارێك و وای زانی ئەگەر وەکو جاری گۆڕین بکەوێتە ناو ئـاو باری سووك دەبێ ٠ بە قەستی خۆی بەردایەوە ٠ تومەز ئەم جارە باری ئەسفەنج بوو ٠ ئەسفەنج ئەوەندەی ئاو هەڵمژی کەرەکـە نەیتوانی لەبن قیت بێتەوەو تۆپی ٠

هەندێ کەس وەکو کەرەکەی ناو ئەم هەقایەتە وان ٠ هەر هێندەیان ئاگا لێیە پیلانی خۆیان سەریان دەخوا ٠

## ١٠٧ ـ شانازی گێلانە

کەرێك پەیکەری خوایان لێ بار کرد بوو بۆ شار • لە ڕێگادا تووشی هەر ڕێبوارێ دەبوون ، ڕێبوارەکە کڕنۆشی بۆ پەیکەری خوا دەبردو کەری نەفام وای دەزانی ئەم خەڵکە ڕیزی ئەم دەگرن و کڕنۆشی بۆ ئەم دەبەن • زۆری هەوەس و شایی بە خۆی هات و کەوتە زۆڕەزۆڕو غەزری و چیتر پێی لەبەر پێی نەنا •

ئەو کابرایەی لە دوو کەرەکە بوو ، کەری دا بەر داران گوتی : « خوێڕیو نەفام ، دونیا قات بوە ، چ نەماوە خەڵـــك کڕنۆشی بۆ بەرن کەری وەك تۆ نەبێ ؟ »

● ئەوەی سەرفرازی خەڵك بە هی خۆی بزانێ و شاناری پێوە بکا ، دەبێتە قەشمەرجاڕی دۆست و ناسیاران •

## ١٠٨ – کەرەو لە پێستی شێر دایە (١)

کەرێك پێستە شێرێکی لەبەر خۆی هەڵکێشاو کەوتە ناو گیاندارە کێوی یەکانو زەندەقی بردن . شاڵاوی بۆ ڕێوی بردو ویستی ئەویش وەکو ئەوانەی تر بترسێنێ بەڵام ڕێوی پێشتر گوێی لە دەنگی ببوو ، زانی بووی کەرە ، پێی گوت : « پێی لێ دەنێم ئەگەر پێشتر گوێم لە دەنگت نەبوایە منیش لێت دەترسام . »

● مرۆی کۆڵەوار دەیەوێ بە خۆگۆڕین خەڵك فریو بدا بەڵام لەبەر ئەوەی دەمی خۆی پێ ناگیرێ زوو ڕسوا دەبێ .

## ١٠٩ ـ كەرەو لە پێستی شێر دایە (٢)

کەرێك پێستی شێرێکی کردە بەر • بنیادەمو گیاندار هەموو بە شێری تێ گەیشتنو لەبەری هەڵاتن بەڵام کە کزەبایەك هاتو پێستەکەی لەبەر دادڕیو ڕسوای کرد ، هەموو لا ڕایان کردە سەرو تێیوەرهاتنو دایانە بەر تۆپزو بەرچیخان •

● نابێ پیاوی هەژار لاسای دەوڵەمەندان بکاتەوە ؟ ئەگەر لاسایان بکاتەوە دەبێتە قەشمەرجاڕ •



Scanned with CamScanner

## ١١ – سەرسەدەی خۆت بزانە !

کابرایەك توولەیەكو کەرێکی هەبوو • هەموو جارێ یاری لەگەڵ توولەکە دەکردو کە نانی دەخوارد توولەکە دەهاتە لایەوەو ئەویش خواردنی دەدایە • کەر حەسوودی پێبرد • ڕۆژێکیان ئەویش ڕای کردە لای خاوەنەکەیو لە دەوری کەوتە هەڵتیزانو دایە بەر لووشکان • کابرا زۆر تووڕە بوو ؛ بە کارەکەرەکەی گوت کە بە لێدان هەڵیبرێو بیبا لە ئاخوڕی ببەستێتەوە •

- سروشت بەهرەو بەشی هەموو کەسی وەکو یەك دانەناوە • شت هەیە بە هەندێ کەس دەکرێ ، بە هەندێکی تر ناکرێ •

## ١١١ ـ هەر کەسبە بە ئیشی خۆی

کەرێك لە مێرگێکی خۆش دەلەوەڕا ، لەناکاو گورگێکی لێ پەیدا بوو • کەر خۆی شەلاند ، کە گورگ گەیشتنە کنی لێی پرسی بۆ دەشەلی ؟ کەر وەلامی دایەوە ، گوتی : « لەسەر دیوارێك بازم داو پێم لە بنەدڕکێك ناو دڕکێکم لە بنی پێی چەقی• تکایە پێش ئەوەی بمخۆی دڕکەکەم لە پێ دربێنە بۆ ئەوەی کە منت خوارد لە دەمت ڕانەچێ • » گورگ تێکەوت ، چوو پاشووی کەرەکەی بەرزکردەوە ، سمەکانی پشکنی • کەر لووشکەیەکی لە دوڕ دەمی داو هەموو ددانی هەڵوەراند • گورگ کە خۆی لەم هەڵوێستەدا بینی گوتی : « هەقی خۆمم وەرگرت ، لێ گەڕێ. با بیخۆم ، باوکم فێری قەسابی کردووم ، نەدەبوایە خۆم لە دختۆراتی هەڵقورتێنم • »

● ئەوەی خۆی لە شتی خەڵك هەڵقورتێنێ ، تووشی گێچەڵ دەبێ •

## ١١٢ ـ سەرۆکم هەر کەسە بێ بۆ من یەکە !

پیاوی ساویلکە وا دەزانن کە گۆڕانی فەرمانڕەوایی هــەر ئەوەندەیە سەرۆکێك بڕواو سەرۆکێکی‌تر جێی بگرێتەوە • وەك لەم هەقایەتەدا دیارە :

پیرەمێردێکی خاکی کەرەکەی لە مێرگێك دەلەوەڕاند ، لە هیکەوە هەندێ جەندرمــەی دوژمنی لێ‌پەیــدا بــوو • دەنگیان دا نەبزوێ • کابرا هاواری کردە کەرەکەی : « کەرەکە دەرپەڕە ، تا نەیانگرتووی • » کەر هیچ خۆی لە گوورە نەبرد ، گوتی : « ئەتو وەرە پێم بڵێ ئەگەر بکەومە بەردەستی دوژمنان بارم دوو هێندەی ئێستا گران دەبێ ؟ » کابرا گوتی : « نەء ، هەر بە دەقــە خۆی دەمێنێ ، هیچ ناگۆڕێ • »

کەر گوتی : « دە کەواتە چ فەرقی هەیە بۆ من ، مادام ئەو بارەی لە منە هەر لە من بێ ، خزمەتی هەر کەسێ بکەم بۆ من هەر یەکە • »



Scanned with CamScanner

## ١١٣ - ئەوەی پەند وەربگرێ تێناکەوێ !

جوتیارێك لەبەر ساردو سری و تەڕوتووشی خۆی لە ماڵەوە مات کردو پێ‌ی‌نەکرا بۆ نان پەیداکردن بچێتە دەرەوە • کەوتە سەر خواردنی مەڕەکان‌و هەر ڕۆژە یەکێکی سەردەبڕی تا قڕی کردن • کرێوەوتۆف نەبڕایەوە ناچار کەوتە سەرخواردنی بزنان‌و ئەوانیشی براندەوە ، لەبەر ئەوەی هەر خۆشی نەکرد بە ناچاری گاجووتیشی کوشتەوە • کە سەگەکان ئەمەیان بینی لە ناوەخۆ گوتیان : « وا چاکە تا زوە خۆمان قوتار کەین ، مادام خاوەنەکەمان لەسەر گاجووتی باز نەدا کە زەوی بۆ دەکێلێ هەڵبەت دەست لە ئێمەش ناپارێزێ •

۞ پێش هەموو شتێ ووریای ئەوانە بە کە بەرامبەر بە برادەری خۆیان لە خراپە ناپەنگێنەوە •



Scanned with CamScanner

# ١١٤ – خواردنی نانی تەمبەڵی

کابرایەك دوو سەگی هەبوو : یەکێ مەشقدا بوو بـۆ ڕاوو ئەوەیدی دانا بوو بۆ پاسکردنی ماڵێ ٠ سەگی ڕاوێ زۆر بـە گازاندە بوو ، چونکە هەر جارێ نیچیرێکی بگرتایە دەبوایە بەشی سەگەکەیتری لێبدا ٠ دەیگوت : « دادو ڕەوا نییە من بچمە ڕاو ماندوو ببم کەچی تۆ هەر پاڵ بدەیتەوەو لەسەر بەری ڕەنجی من بلەوەڕێی ٠ » سەگی پاسەوان گوتی : « تۆ ناهەق نی ، بەڵا لۆمەی منیش مەکە ، چونکە سووچی من نییە ، سووچی خاوەنەکەمانە ، ئەو فێری نەکردووم ئیش بکەم ، وای ڕاهێنـاوم چاوم لە بـەری ڕەنجی خەڵك بێ ٠ »

● منداڵیش وان : کە دایكو باوکیان لە تەمبەڵییان ڕابێنن ، ئەوان چ لۆمەیان لەسەر نییە !



Scanned with CamScanner

## ١١٥ - چاکەی لەسەر حیسابی خەڵك

کابرایەك برادەرێکی داوەت کرد ، کە سەگەکەی بەمەیزانی ئەویش چوو سەگێکی هاوڕێی داوەت کرد • کە سەگی میوان گەیشتە جێو تەماشای کرد ئەو هەمـوو خواردنە خۆشـە ئامادە کراوە خەنی بوو ، لە دڵی خۆیدا گوتی : « پەککو ! چتۆ داوەتی بە تەنتەنەیان بۆ کردووم ! دەبێ بایی سبەینێش بخۆم • » ئیـدی دەهاتو دەچووو مرتومـۆی دەکردو کلکی بـادەدا بۆ ئـەوەی دڵسۆزی خۆی بۆ برادەرەکەی بنوێنێ • لەو کلك بادانەیەدا بوو کە چێشتکەرەکە هەستی پێ کرد ئەم سەگە لایدەیە هاتۆتە ناو ماڵو پڕی پیا کـردو فڕێی دا دەرەوە • سەگەکـە بـە لوورەلـوور گەڕایـەوە ماڵێ ، لە ڕێگادا تـووشی سـەگێك بوو ، سـەگەکـە لێیپرسی : « داوەتەکە چۆن بوو ؟ خواردنەکەت بەدڵ بـوو ؟ » سەگەکە وەڵامی دایەوە : « هەر مەپرسە ، خواردنو خواردنەوە لە بڕان بوو ، ئەوەندەم خواردەوە سەرخۆش بوومو نەمزانی چۆن لەو ماڵە هاتمە دەرەوە • »

● باوەڕ بەو کەسانە مەکە کە دەیانەوێ لەسەر حیسابی خەڵك چاکەت لەگەڵ بکەن •



Scanned with CamScanner

## ١١٦ ــ بە ڕەنگی نی‌یە •

سەگێك هەبوو دالغەی لە هێلکە خواردندا بوو • ڕۆژێکیان، پوولەکە ماسی‌یەکی دی بە هێلکەی تێ‌گەیی‌و لمووزی گەیاندێ‌و قووتی دا • پوولەکەکە قوڕس بوو ، لەناو گەدەی بوو بــەگرێ‌و ئازاری دا ، گوتی : « هەقی خۆمە وام لێ‌بێ ، چونکە وام دەزانی هەر شتێکی خڕ بێ هێلکەیە • »

● ئەوانەی بێ‌لێکدانەوە خۆیان بە شت دادەدەن ، دیارە خۆیان تووشی مەترسی دەکەن •



Scanned with CamScanner

## ١١٧ ـ پەند وەرگرتن لە تاقی کردنەوە ٠

سەگێك لە پێش خانوویەك وەرکەوتبوو ، کتوپڕ گورگێکی لێ پەیدا بوو ٠ هەنکەناهەنکە قووتی دەدا ٠ سەگەکە کەوتە پاڕەپاڕی لە گورگەکە بۆ ئەوەی نەیخوا ، گوتی : « ئێستا لەڕولاوازم ، هیچ گۆشتم پێوە نی یە ، چەند ڕۆژێ مۆڵەتم بدە ، خاوەنەکەم خەریکە ئاهەنگی زەماوەند دەگێڕێ ٠ لەو ئاهەنگەدا خواردنم زۆر دەست دەکەوێو پێ قەڵەو دەبم ، ئەو حەلە بمخۆی باشترە ٠٠ » گورگ ڕازی بوو ، وازی لە سەگەکە هێناو ڕۆیشت ، پاش بەینێ هاتەوە دیتی سەگەکە لەسەر بانی وەرکەوتوە ، بانگی کردو بەڵێنەکەی وەبیر هێنایەوەو داوای لێ کرد بێتە خوارەوە ٠ سەگەکە وەڵامی دایەوە : « ئەگەر جارێکی دی هاتیتە سەرمو دیتت لەسەر عەرد خەوتبووم لەسەرم باز مەدەو خۆت بۆ پاش زەماوەند هەڵمەگرە ٠٠

● پیاوی ژیر کە لە تەنگایەك دەرباز بوو ، تا ماوە خۆی لە هیچ تەنگانەیەك نادا ٠

## ١١٨ ــ سگ و سێبەر

سەگێك لە ڕوبارێك دەپەڕی‌یەوە ، پارچە گۆشتێكی بە دەمەوە بوو • وێنەی خـۆی لەنـاو ئاودا دی‌و وای زانی ئـەوەی نـاو ئـاو سەگێكی‌ترەو پارچە گۆشتێكی گەورەتری بەدەمـەوەیە • ئیـدی گۆشتەكەی خۆی فڕێ‌داو خۆی بە ئاوەكە دادا بۆ ئـەوەی پارچـە گۆشتەكە لە سەگەكەی دی بسەنێ • سەرەنجام هەردوو لای لـە دەست چوو : پارچەگۆشتەكەی خۆی فڕێ داو شەپۆل بردی پارچە گۆشتەكەی‌تریشی بۆ نەبوو ، چونكە هەر وجودی نەبوو •

● لەم هەقایەتەوە دیارە ، ئەوەی چاوی بە چ تێر نەبێ‌و هەر بـە تەمای پتر بێ چی بەسەر دێ •



Scanned with CamScanner

## ١١٩ – شەرمەزاری

سەگێك بە دزی خەڵكی دەگرت • جا خاوەنەكەی زەنگوڵێكی بە ملیەوە كرد بۆ ئەوەی بۆ هەر كەسێ چوو كابرا ئاگادار بێ •

سەگەكە زەنگوڵی ملی دەزرنگاندەوەو لە بازاڕ دەهاتو دەچوو و خۆی بادەدا •

دیلەسەگێك پێی گوت : « ئەوە بۆ وا دەكەی ؟ هەوەسی چیت بەم زەنگوڵەیە دێ ، خۆ میدالیای ڕەوشتبەرزی نییە ، بۆیە ئەم زەنگوڵەیان پێوەكردووی تا نیازپیسیت بۆ خەڵك دەربكەوێ •

ﷺ شانازیكردنی پیاوی تاوانبار ، تاوانی خۆی دەردەخاتو هیچی تر •



Scanned with CamScanner

## ١٢٠ ــ ئاوڕدانەوە

تاژی یەك شێرێکی دیو بەری دا دوایەوە بەڵام شێرەکە سەنگرایەوەو ئاوڕێکی توندی لێدایەوەو نەڕاندی • تاژی زارەترەك بووو لە ترسان پاشەوپاش کشایەوە •

ڕێوی یەك بەم حاڵەی بینی ، پێی گوت : « هەی بەستەزمانی بێ کەلك ، بە تەما بووی ڕاوی شێر بنێی کەچی بەرگەی نەڕەکەیشت نەگرت • »

هەندێ کەس وەکو ئەم تاژی یە وان : هێندە گەوجن دەیانەوێ پیاوی لە خۆیان بەهێزتر ڕاو بکەن بەڵام هەر هێندە کابرا لێیان هەڵقۆزی یەوە ، پاشەوپاش دەکشێنەوەو مات دەبن •



Scanned with CamScanner

## ١٢١ - بە دڵی نەبوو

کەرێك و سەگێك پێکەوە دەگەڕان کاغەزێکی مۆرکراویان دیتەوە • کەرەکە هەڵی گرتەوەو شکاندی و بە دەنگێکی بەرز خوێندی یەوە سەگیش گوێی ڕادێرا • کاغەزەکە باسی ئالیکی تێدا نووسرا بوو - کا ، جۆ ، کەپەك •••

سەگەکە زانی نووسینەکە بە دڵی ئەو نی یە ، گوتی : « برای دڵێرم ، نەختێ خوارتر بڕوانە ، هەندێ دێر بازدە ، بزانە باسی گۆشت و ئێسقانی تێدا نی یە •• »

بەڵام کەرەکە هەمووی گەڕاو هیچ شتی وای لە نامەکە نەدۆزی یەوە •

ئیدی سەگەکە هاواری کرد : « فڕێی دە ، چ نی یە ، بە کەڵك چ نایە •• »



Scanned with CamScanner

## ١٢٢ ـ گەمەی دڵپیسی

شوانێك سەگێکی خورت و زلی هەبوو ، بەرخی بەراویتەوە مەڕی مرداری دەدایە .

ڕۆژێکیان ، کە شوانەکە چوە ناو هۆری مەڕان ، بینی سەگەکە چەپۆك لە مەڕان دەداو گەمەیان لەگەڵ دەکا ، شوانەکە هاواری کرد : « هۆ ! سەگی بەرەڵلا ، دەزانم حەزت لێیە ئەو مەڕانە چییان لێ بێ . یاخوا ، حەز دەکەی ئەوان چییان لێ بێ خۆت وات لێ بێ . »

## ١٢٣ - خەوتنی چاوێک

ئاسنگرێک سەگێکی هەبوو ، کە ئیشی دەکرد سەگەکە دەنووست بەڵام کە نانی دەخوارد دەهات لە تەنیشتی ڕادەوەستا •

جارێکیان ، ئاسنگرەکە ، کە نانی دەخوارد پارچە ئێسکێکی فڕێدا پێشو پێی گوت : « تەمبەڵی خەوۆک ، کە سندان بخەمە کار دەچی دەخەوی بەڵام کە بدانم دەخەمە کار واگای ! ! »

ئەم هەقایەتە لەسەر ئەوانەیە کە خەوۆکو تەوەزەلن و بە ڕەنجی شانی خەڵک دەژین •

## ١٢٤ ـ لەخشتە ناچێ

لەوانەیـە پیـاوی گێلو گـەمژە هەوەسـی بە سـەخاوەتو دەستبڵاویی کتوپڕ بێ بەڵام پیاوی دونیادیتەو بەئـەزموون بـەم شتانە هەڵناخەڵەتێ •

دزێك شەو چوو پارێزی لەماڵێك ستاند ، کە سەگەکە پێحەسیا زەلامە پێیوەڕیو کابرا پارچەنانێکی هاوێشتە بەرێ بۆ ئـەوەی دەمی قەپات بکاتو بەو نانە واز لە پاسەوانێتی بێنێ •

سەگەکە پێیگوت : « تواهوو ! دەتەوێ بەم نانە دەمم بگری بۆ ئەوەی پێت نەڕەومو ناپاکی لەگەڵ خاوەنەکەم بکـەم ؟ ! زۆر سەهووی ! کە کتوپڕ ئەم چاکەیـەم لەگەڵ دەکـەی ، دەزانـم بەلاش نییەو دەبێ زۆر ووریا بمو لێنەگەڕێم دەسـت بۆ هیـچ شتێ بەەی • »

## ١٢٥ ـ سەگێکی ناو ئاخوڕ

سەگێك لەناو ئاخوڕێك وەرکەوتبوو ، نە خۆی جۆی ناو ئاخوڕەکەی دەخوارد ، نە لێ‌دەگەڕا ئەسپی جۆخۆریش لە ئاخوڕەکە نزیك بێتەوە ٠



Scanned with CamScanner

## ١٢٦ ـ تەواو جیایە

سەگێك کەروێشکێکی لەناو داروباران هەستاند بەڵام هەر چەندە مەشقیش درا بوو هەستی کرد کەروێشکەکە لەم بەبەزترەوە ماوەیەکی زۆری بەجێهێشت • شوان ما پێی پێ بکەنێ : « بزانە، بزانە ، ئەم گیاندارە بچووکە لە تۆ بەبەزترە ! »

سەگ وەڵامی دایەوە : « وایە ، بەڵام شتێك هەیە : من بۆیە ڕا دەکەم تا ئەو بگرم کەچی ئەو بۆیە ڕا دەکا تا گیانی خۆی دەرباز بکا • »



Scanned with CamScanner

## ١٢٧ – گازاندەی بەجێ

بەرازێك چوە ناو مێگەلە مەڕێكو لەگەڵیان کەوتە لەوەڕ • ڕۆژێ ، شوان بەرازی گرت ، بەراز کەوتە گازاندەو پڕ کێشو پەلەکوتێ • مەڕەکان ئەم هاتو هاوارەیان لێ بە عەیب گرتو گوتیان : «ما ، چ قەوماوە وا دەکەی ! شوان زۆر جار ئێمە دەگرێ، ئێمە هەر فزەش ناکەین • »

بەرازەکە گوتی : « وایە ئێوەش دەگرێ ، بەڵام کە ئێوە دەگرێ جودایە • شوان خوری‌و شیری لە ئێوە دەوێ کەچی گۆشتی لە من دەوێ • »

● پیاو ، کە نەك ماڵو سامانی بەڵکو سەرو گیانی کەوتە مەترسی ، هەقیەتی هاوار بکا •



Scanned with CamScanner

# ١٢٨ – ئیشی نیوەچڵ

دەڵەبەرازێکو دەڵەسەگێک لێیان بوو بە مشتومڕ داخۆ کامەیان زووترو سانانر بێچووی دەبێ •

دەڵەسەگ گوتی : « من لە هەموو چارەوی‌یەك زووتر تووتکەم دەبێ • »

بەراز گوتی : « ڕاستە ، بەڵام ئەوەش بزانە تووتکەکانت کە یەکەم جار دەبن هێشتا چاویان نەپشکووتوە ، کوێرن • »

ئیش بە خێرایی نی‌یە ، بە پوختەیی‌و تەواوی‌یە •



Scanned with CamScanner

## ١٢٩ - ناکەس بەچە

شەڕێکی درێژخایەن و ئومێدبڕ کەوتبوە ناو هەندێ نەهەنگ و هەندێ بزدێمك • هەندێ ووردە ماسی وەسەر ئاو کەوتن و ویستیان ئاشتیان بکەنەوە بەڵام بزدێمك لە دەمیان دانەوەو گوتیان : « تا یەك توخمی ئەوەی تر دەبڕینەوە شەڕ بکەین باشترە نەك ئێوە ناوبژیمان بکەن • »

هەندێ ناکەس بەچە کە دێنە ناو پیاوان خۆیان بە زۆر دەزانن بەڵام کەس گوو بە کڵاویان ناپێوێ •

## ١٣٠ ـ قەت خەڵکی سادە بە کەم مەگرە !

کەرویشکێك کەوتە بەر هێرشی هەڵۆ ، یەکێکی دەویست فریای بکەوێ ، چاوی گێڕا تەنیا قالۆچە دیار بوو . خۆی دەخالەتی قالۆچە کرد ، قالۆچە تانی تێدا بۆ ئەوەی زاتی بێتەوە بەر . کە هەڵۆ هات و نزیك بووەوە قالۆچە تکای لێ‌کردو گوتی : « ئەم جارە بیکە خاتری من ، کەروێشك جەب دە ؛ چونکە خۆی هاویشتۆتە ماڵی من . » بەڵام هەڵۆ قالۆچەی بە هیچ زانی و لەبەر چاوی ئەوەوە کەروێشکی قلووف کرد . قالۆچە زۆری لێ‌تووڕە بوو . تەماشای کرد بزانێ هەڵۆ هێلانە لە کوێ دەکا . هەر گاوێ هەڵۆ هێلانەی دەکرد قالۆچە دەفڕی ، دەچووە سەر هێلانەکەی و هێلکەکانی غلۆر دەکردەوەو دەیشکاندن . هەڵۆ چەندەی جێ‌گۆڕی کرد کەڵکی نەبوو ، چ جێی پێ‌جێ نەبوو . ناچار پەنای بردە بەر زیۆس و گوتی من کە باڵندەیەکی پیرۆزو خۆشەویستی تۆم هاتووم شوێنێکی بێ‌ترسم بدەیتێ هێلانەی لێ‌دابنێم و بێچووی لێ‌هەڵبێنم .. زیۆس گوتی : وەرە هێلکەت لەسەر ڕانی من دانێ .

قالۆچە چاوی پێ‌کەوت هەڵۆ هێلکەی لەسەر ڕانی زیۆس دانا تۆپە شیاکەیەکی کۆکردەوەو فڕی چوە سەر سەری زیۆس و شیاکەکەی بەردایەوە سەر ڕانی . زیۆس لەنکاوڕا بێ‌بیرکردنەوە هەستایەوەو خۆی داوەشاند ؛ هەموو هێلکەکانی هەڵۆ بەربوونەوە .



Scanned with CamScanner

دەڵێن لەو کاتەوە تا ئێستا ، ئەو وەرزەی قالۆچە هەروەدەر بێ هێلانە هێلانە ناکات •

- ئەم هەقایەتە لەسەر ئەو کەسانەیە کە خەڵك بە کەم دەگرن• نابێ لە بیرمان بچێ ئەگەر بێدەسەلاتترین کـەس لە قـوڕ وەربدەی ڕۆژێ هەر تۆڵەی خۆیت لێبکاتەوە •



Scanned with CamScanner

## ١٣١ ـ سەرمەشق لە ئامۆژگاری ڕووت باشترە !

کیسەڵێکی داکانە بە بێچوەکەی گوت : « کوڕم ، لەسەر تەنیشت مەڕۆو تەنکێشت لە بەردی تەڕ مەخزێنە • » بێچوەکە وەڵامی دایەوە : « باشە ، دایە ، مادام دەتەوێ من وا بم دە خۆت ڕاست بڕۆ ؛ چونکە من تەماشای تۆ دەکەمو لاسای تۆ دەکەمەوە • »

● ڕەخنەگر دەبێ خۆی ڕاست بڕواو ڕاست بڕژی ئینجا ئامۆژگاری خەڵك بکا •



Scanned with CamScanner

## ١٣٤- كەس هەستیشی پێ ناکا

قرژنەیەك چوە سەر قۆچی گایەكو ماوەیەك خۆی مات کردو دەتگوت بە تەما نیی‌یە بڕوا ... پاش ماوەیەك لە گاکەی پرسی داخۆ پێی خۆشە بڕوا یان نا ؟

گاکە وەڵامی دایەوە، گوتی : « کە هاتی هیچ هەستم پێ نەکردی، ئەگەر بشڕۆی هەر هەستت پێ ناکەم .

هەندێ کەس ئەوەندە بێدەسەڵاتو بێهێزن ، بوون و نەبوونیان یەك شتە ؛ چونکە نە چاکەیان لە دەست دێو نە خوایە .



Scanned with CamScanner

## ١٣٥ ـ سزای زگرەشی

مێشەنگوین سوویان لێ‌بوو بنیادەم هەنگوینیان بخوا ؛ چونکە هەنگوینیان بۆ خۆیان دروست دەکرد • جا چوونە لای زیۆس‌و لێ‌ی‌پاڕانەوە ئەو توانایەیان بداتێ کە هەر کەسێ لە شانەکەیان نزیك بوەوە پێ‌ی‌وەبدەن‌و بیکوژن • زیۆس کە ئەم زگرەشی‌یەی لێ‌دیتن زۆر پەست‌و تووڕە بوو ، لە ڕکان وای لە مێشەنگوینان کرد ؛ بە هەر کەسێکەوە بدەن نەك هەر چزوەکەیان بڕوا بەڵکو یەکسەر لەگەڵ پیوەدانەکە بمرن •

● ئەم هەقایەتە توانجە بۆ ئەوانەی کە هەر چەندە زەرەری خۆیشیان بێ نیازی گلاویان هەر دەردەبڕن •

## ١٣٦ - مێروو بۆچ دزه ؟

یەکەم مێروو وەکو بنیادەم دەژیا ، جوتیار بوو ؛ بەلام قنیاتی بە بەرهەمی ڕەنجی شانی خۆی نەدەکرد ، هەر چاوی لە بەروبوومی دراوسێکانی بوو بۆی هەلکەوتبا دزی لێدەکردن .

زیۆس لەم چاوچنۆکی‌یەی مێروو تووڕە بوو ، کردی‌یە ئەو مێروەی ئێستا دەیبینین . مێروو هەر چەندە بچمو ئەدکاری گۆڕا بەلام ڕەوشتی نەگۆڕا ، تا ڕۆژی ئەمڕۆش لەناو زەوی‌یان دێو دەچێو گەنمو جۆی خەلك کۆ دەکاتەوەو بۆ خۆی دادەکا .

● مەبەست لەم هەقایەتە ئەوەیە کە توندترین سزاش ڕەوشتی چەسپاوی پیاوی خراپ ناگۆڕێ .

## ١٣٧ ـ تەمبەڵ ، بڕۆ لای مێروو (١)

مێروو ، هاوین هەموو هاوین ، لەناو زەویو کێلگان دەڕەتاو گەنمو جۆی کۆدەکردەوەو بۆ زستان دایدەکرد• قالۆچە کە چاوی بە مێروو کەوت بە سەرسامی‌یەوە گوتی زۆرم پێ‌سەیرە بەم وەرزە خۆشە ، کە هەموو گیاندار لە حەسانەوەو پشوودان ، تۆ هەر خەریکی‌و داناکاسێی ! مێروو هیچ خۆی لە گوورە نەبرد• بەڵام کە زستان هاتو باران ڕێخو تەرسی ڕامالی قالۆچە لە برسان وێك هاتەوەو چوو تکای لە مێروو کرد نەختێ خواردنی بداتێ • مێروو وەڵامی دایەوە : « هاوین کە دونیا خۆش بووو ئەمن ئیشم دەکرد ، لەباتی ئەوەی گاڵتەم پێ‌بکەی دەبوایە تۆش خەریکی ئیشێك بی بۆخۆت • ئەگەر ئیشێکت بکردایە ئێستا خواردنت لێ‌نەدەبڕا • »

● مێروو ڕێگامان پێشان دەدا بۆ ئەوەی لە وەرزی خۆش‌و حەسانەوەدا خەمی بەیانیمان لەبەر بێ ، نەوەك وەرز بگۆڕێ تووشی تەنگانەیەکی کوشندە دەبین •



Scanned with CamScanner

# ١٣٨ – تەمبەڵ ، برۆ لای مێروو (٢)

زستان بوو ، عەمباری دانەوێڵەی مێروان ئاوی دزی بوو ، دانەکەیان هێنابوە دەرێ ، ڕایان کرد بوو بۆ ئەوەی ووشک بێتەوە • زیکزیکەیەکی برسی داوای لێکردن نەختێ دانەوێڵەی بدەنێ بیخوا ، گوتیان : « ئەدی بۆچی هاوینێ تۆش وەکو ئێمە خواردنت بۆ خۆت کۆنەدەکردەوە ؟! »زیکزیکەکە وەڵامی دانەوە: « هەینێ دەرفەتم نەبوو • هەر خەریکی ئاوازلێدان بووم •» مێروەکان پێیپێکەنین و گوتیان : « زۆر باشە مادەم هاوینێ بلوێرت لێدەدا ، دە ئێستاش کە زستانە تێر شایی بکە •»

- ئەگەر دەتەوێ لە ناخۆشی و مەترسی دەرباز ببی ، هیچ شتێ بە نەزانی مەکە •



Scanned with CamScanner

# ١٣٩ ـ چاکە چاکەی دێنەوە ڕێ

مێرووویەکی تینوو چوە دەم ڕووبارێکو ڕووبارەکە ڕایمالی • کۆترێك چاوی لێبوو مێروو وەختە بخنکێ خێرا چوو چلەدارێکی هێناو بۆ مێروەکەی هاویشتە ئاو • مێروەکە خۆی هەڵدایە سەر چلەدارەکەو لە ئاوەکە هاتە دەرەوەو دەرباز بوو •

ماوەیەك پێچوو، ڕاوکەرێك ویستی تۆڕ لە کۆترەکە دابنێتەوە• مێروو چاوی لێبوو چوو. بە پێی ڕاوکەرەکەی وەداو ڕاوکەر لە حەژمەتان داروبارەکەی لە دەست بەربووەوەو کۆترەکە هوشیار بووەوەو لە شەققەی باڵیداو فڕی •



Scanned with CamScanner

## ١٤٠ ـ تەورو درەخت

دارجاوو بنەدرِك مشتومڕیان بوو • دارجاو بە شانو باڵی خۆیدا هەڵدەگوتو بە درِكی گوت : « من نازدارو باڵابەرزم ، دەمهاوێنە ساپیتەی کلیسەو کەشتیم لێ دروست دەکەن ، تۆ چۆن پەنجە لە پەنجەی من دەدەی ؟! » درِك وەڵامی دایەوە : « ئەگەر ئەو تەورو مشارانەت لەبیر بێ کە دەتبڕنەوە ، سەت خۆزگەت بە بنەدرِك دەبێ • »

● پیاو نابێ قەت مەغرور بێ ؛ چونکە پیاوی خاکیو بێ‌نــــاز هەمیشە ژیانی هێمنو ئاسوودەیە •



Scanned with CamScanner

## ١٤١ ــ چەمانەوە لەبەر ( با ) ٠

قامیش‌و دارزەیتوون لە بارەی هێزو توانـای خۆڕاگرتنـەوە لێیان بوە مشت‌ومڕ • دارزەیتوون تانەی لە قامیش‌دا کە هیچ هێزی لەبەردا نی‌یەو بە ئاسانی بە دەم هەموو کزەبایەکەوە دەشەکێتەوە • قامیش خۆی لێ‌کڕ کرد • هەر وەڵامیشـی نەدایـەوە • زۆری نەبرد ، بایەکی توند هات • قامیش لەگەڵ وورشەی (با)کە دەهات‌و دەچوو ، سەری دەگەیشتە عەردو هەڵدەستایەوەو تێك دەئاڵا ، بەم جۆرە بەبێ زەڕ (با)ی بەڕێ کرد • کەچی دارزەیتوونەکە لە ڕووی (با)دا چەقی‌و سەری بۆ شۆڕ نەکرد ، (با) تێکی شکاندو لە بن‌و بۆتکەوە هەڵی‌تەکاند •

مەبەست ئەوەیە : خەڵك بەو هەڵوێستە ڕازی بن کە تێیدان‌و سەر بۆ هێزی گەورە دابنەوێنن باشترە لەوەی کە بەلاش خۆیان بە فەتارەت بدەن •



Scanned with CamScanner

## ١٤٢ – گوڵێکی ئەفسانەیی جاویدان

گوڵێکی ئەفسانەیی لە تەنیشت گوڵەباخێك ڕوا بوو • ڕۆژێکیان پێی گوت : « گوڵەباخ ، تۆ لەبەر چاوی خەڵكو خوا زۆر جوانو نازداری ، ئەم بۆنو جوانی‌یەت پیرۆز بێ ! » گوڵەکە وەڵامی دایەوە : « وایە ، بەڵام ئەمن عومرم کورتە ، ئەگەر کەسیش نەمقرتێنێ خۆم هەڵدەوەرێم ، کەچی تۆ هەمیشە هەر وەکو ئێستا گەشو جوانی‌و هەتا هەتایە هەر دەمێنی • »

● قەناعەت بە شتی کەم بکەی‌و زۆر بژی باشترە ، نەك ماوەیەکی کەم لە خۆشی دابی‌و پاشان لێت ببێتە ناخۆشی •



Scanned with CamScanner

# ١٤٣ ــ بە قسەی خۆش

بای باکوورو ڕۆژ لێیان بوە حەفتو هەشت داخۆ کامەیان بە هێزو تواناترە • لەو دەمە ڕێبوارێك هات • گوتیان ئەوەی بتوانێ جل لەبەر ئەم ڕێبوارە بکاتەوە ئەو بەهێزترە •

یەکەم جار (با) خۆی تاقی کردەوە • کە (با) وورشەی هات کابرا جلەکانی زیاتر بە خۆیەوە قرساندو کە (با) توندتری کرد کابرا لەسەرمان هەندێ جلی زیادەی تریشی کردە بەر • (با) چەندەی کردی چی لەدەست نەهات • ماندوو بوو ، مەیدانی بۆ (ڕۆژ) چۆل کرد •

ڕۆژ یەکەمجار نەختێ گەرمی کرد ، کابرا ساقۆی فڕێ دا ، پاشان جۆشیداو دونیای کوڵاند کابرا بەرگەی گەرمای نەگرتو خۆی ڕووت کردەوەو بە پەلە چوە دەم ڕوبارێكو کەوتە مەلەوانی •

● لەم هەقایەتەدا دیارە کە قسەی خۆش لە زەبروزەنگ بەکارترە • ( مار بە قسەی خۆش لە کونێ دێتە دەرێ ) •



Scanned with CamScanner

## ١٤٤ ـ بەهارو زستان

زستان گاڵتەی هاویشتە سەر بەهارو گوتی : « کە تۆ دەردەکەوی کەس ناحەجمێ • هەندێ کەس دەچنە ناو مێرگ و دارستانان ، کولووکو گوڵەمێلاقە دەکەن ، گوڵەباخ دەگرنە دەست یان لەبەر پرچیان ڕادەکەن • هەندێکیتر بە سواری کەشتی دەچنە ناو دەریاو ڕوو دەکەنە دوورەووڵاتان • ئیتر کەس پەکی بە باران و ڕەشەبا نییە ؛ کەچی من وەکو فەرمانڕەوایەکی دکتاتۆر وام • لێناگەڕێم کەس سەیری ئاسمان بکا ، دەبێ بە ترس و لەرزەوە چاو لە زەوی ببڕن • هەندێ جاریش ناچاریان دەکەم بە درێژایی ڕۆژ خۆیان لە ژوورێ مات بکەن • »

بەهار وەڵامی دایەوە : « ڕاستە ، هەر بۆیەشە خەڵکی زۆر شادو بەکەیفن کە تۆ لە کۆڵیان دەبیتەوە ، بەڵام بەرامبەر بە من وا نین • ناوی منیان زۆر لەسەر زار خۆشە • ئەرێ بە زیۆس کەم ناوی منیان پێ لە هەموو ناوان خۆشترە • کە دیار نەبم غەریبیم دەکەن • کە دەرکەوم پێم شادو بەختەوەر دەبن • »



Scanned with CamScanner

## ١٤٥ ـ چارەسەرێکی ناخۆش

ڕووبارەکان قسەیان کردە یەکو چوون گلەیی‌یان لە دەریا کرد، گوتیان : «ئێمە ئاومان سازگارەو هەر زێنەتە خەڵك بیخواتەوە، بۆچی کە تێکەڵ ئاوی تۆ دەبین ئێمەش دەبینە خوێواوکو کەس ناتوانێ بمانخواتەوە .»

کە دەریا گوێی لەم گلەیی‌یە بوو وەڵامی دانەوە : « کە دەزانن وایە بۆ دێن ؟ مەیێن تا سوێر نەبن ! ؟ »

ئەم هەقایەتە لەسەر ئەوانەیە کە بیانووی ناماقووڵ دێنتەوە دژی ئەوانەی سوودیان پێ گەیاندوون .



Scanned with CamScanner

## ١٤٦ ـ لەسەر وورگ ڕۆیشتن

وورگ‌و پێ لێ‌یان بوو بە مشت‌ومڕ داخۆ کامەیان بەهێزترە • پێ گوتی : « وورگ ، من زۆر لە تۆ بەهێزترم ، چونکە من تۆ هەڵدەگرم • »

وورگ وەڵامی دایەوە : « برام ڕاستە ، تۆ من هەڵدەگری ؛ بەڵام ئەگەر من خواردنت نەدەمێ تۆ منت پێ‌هەڵناگیرێ • »



Scanned with CamScanner

## ١٤٧ – فرۆشیارێکی بێ ویژدان

جارێکیان ، کابرایەك پەیکەری ( هرمز ) ی لە دار تاشی‌و بردی‌یە بازاڕ بیفرۆشێ • هیچ کڕیاری لێ‌نزیك نەبوەوە • جا بۆ ئەوەی کڕیاران ڕابکێشێ بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد : خوایەکم خستۆتە مامڵەت هەر کەسێ بیکڕێ خێرو بەرەکەتی بەسەردا دەبارێنێ‌و شادو بەختەوەری دەکا • »

کابرایەك لەوێ وەستابوو ، گوتی : « ئۆی ، ئەوە تۆی ؟ ئەگەر ڕاست دەکەی ، ئەدی باشە بۆ دەیفرۆشی ؟ بۆ بۆ خۆتی دانانێی هەر خێرو بەرەکەتت بەسەردا بڕێژێ • » کابرا وەڵامی دایەوە : « ئاخر ئێستا من پارەی کاشم پێ دەوێ‌و تا ئەمە گیرفانی پیاو ئاوەدان دەکاتەوە وەختێکی زۆری دەوێ • »

● کابرای ناو ئەم هەقایەتە یەکێکە لەوانەی هیچ بیر لە خوا ناکەنەوەو بۆ بەرژەوەندی خۆیان هەموو کارێکی بەدو خراپ دەکەن •



Scanned with CamScanner

# ١٤٨ ـ تۆ کێی ئەم حوکمە دەکەی !

کابرایەك ، بینی کەشتی‌یەك نقووم بووو هەموو خەڵکەکە ناڕەزایی‌یان لە بێدادی خواکان دەربڕی ، گوتی : « تەنیا یەك کەس لەناو ئەم کەشتی‌یە تاوانبار بوە خوا بێ‌تاوانەکانیشی لەناو برد • » لەم قسەیەدا بوو کۆمەڵە مێرووویەکی تێوەرهات بەڵام تەنیا یەکێ پێ‌ی‌وەدا ، کابرا کەوتە سەریان‌و هەمووی کوشتن • یەکسەر هرمز لە پێشی پەیدا بوو ، کەوتە سەروپۆتەڵاکی‌و گوتی : « تۆ خۆت بەم شێوەیە حوکمی مێروان دەکەیت‌و ڕازیش نی خوا بەم جۆرە حوکمی خەڵك بکا • »

● لێمەگەڕێ کەس لە ڕۆژی تەنگانە جوێن بە خوا بدا ، وای لێبکە لە عەیبی خۆی وورد بێتەوە •



Scanned with CamScanner

## ١٤٩ ـ بنیادەم یەك پارچە ئیشە !

بە پێی دەستوور ، گیاندارەکانی تر پێش بنیادەم دروست کراون ـ زیۆس یەك یەك هەموو چەشنە توانایەکی پێبەخشین وەك : بەهێزی ، پێ سووکی ، باڵ ••• مایەوە بنیادەم ، بنیادەم بە ڕووتی لەبەردەمی وەستاو گزاندەی کرد کە تەنیا ئەو بێ بەخشیش ماوەتەوە • زیۆس گوتی : « تۆش بەشت دراوە ، بەڵام نرخی بەشی خۆت نازانی • بەهرەیەکی لە هەموو بەهران باشترت وەرگرتوە ـ تۆ ئەقڵت وەرگرتوە ، ئەقڵ لە عەردو عاسمان لە هەموو شتێ بەهێزترە ، لە بەهێزی بەهێزترە ، لە بەرزی بەرزترە••»

ئیدی بنیادەم تێگەیی چ بەهرەیەکی دراوەتێو بە سپاسەوە ڕۆیشت •

● هەرچەندە کە خوا ئەقڵی داوەتە هەموو کەس بەڵام هەندێ کەس بەم بەهرەیە نازانن و بەخیلی بە گیانداران دەبەن کە تێگەیشتن و بیر کردنەوەیان نی یە •



Scanned with CamScanner

## ١٥٠ – قبووڵبوونی دوعا

گاوانێك گاڕانی لێ‌خوڕی • كاتێك هەستی كرد گوێرەكەیەكی دیار نی‌یە ، ئەوەندەی گەڕا نەیدۆزی‌یەوە • بەڵێنی دا ئەگەر بزانێ كێ گوێرەكەی دزیوە كارژۆڵەیەك بۆ زیۆس بكاتە قوربانی • چوو لەناو دارستان گەڕا • لە شوێنێكدا بینی شێر بەربۆتە سەر گوێرەكە وا دەیخوا • گاوان بە ترس‌و لەرزەوە دەستی بۆ ئاسمان بەرز كردەوەو ناوڕایەوە : « زیۆسی گەورەو مەزن ، بەڵێنم دا بوو ئەگەر دزە بدۆزمەوە كارژۆڵەیەك بكەمە قوربانی ، ئێستا بەڵێنت دەدەمێ گایەك بكەمە قوربانی هەر هێندە لە دەست ئەم دزە چەپاڵەم بدەی ! »

● پیاو كە كەوتە تەنگانە بۆ شتی وا دەپاڕێتەوە كە شتەكە هاتە جێ لەبەری هەڵدێ •



Scanned with CamScanner

## ١٥١ - زۆر هەرزانە

هرمز ویستی پێبکەوێ داخۆ خەڵك چەند ڕێزی دەگرن‌و چەندی نرخ بۆ دادەنێن • خۆی کردە بنیادەم‌و چوە بەر دوکانی پەیکەرتاشێك پەیکەری زیۆسی مامڵەت کرد ، کابرا گوتی : « نرخی درهەمێکە •» هرمز پێکەنی ، ئەمجارەیان پەیکەری (هێرا)ی مامڵەت کرد ، کابرا گوتی : ئەمەیان گرانترە • دواجار هرمز چاوی بە پەیکەری خۆی کەوت‌و ئەویشی مامڵەت کرد • لەبەر ئەوەی خۆی پێغەمبەری زیۆس‌و خودای بەرهەم بوو ، وای دەزانی بنیادەم زۆری ڕێز دەگرن ، پرسی : « ئەدی پەیکەری هرمز بە چەندە؟» پەیکەرتاش وەڵامی دایەوە : « ئا ! ئەگەر دوەکەی‌تر بکڕی ، ئەمەت بەلاش دەدەمێ •»

● ئەم هەقایەتە گاڵتە بەو تڕگەورانە دەکا کە خەڵك بە هیچیان نازانێ ••

## ١٥٢ ـ بارە عارەبانەی ئازار

جارێکیان ، هرمز عارەبانەیەکی پڕ خراپەو بەدکاری و ساختەو درۆ کرد بوو بە دونیادا دەیگێڕاو دەگەیشتە هەر وولاتێك هەندێکی بۆ بەجێ دەهێشتن ، بەلام دەڵێن کە گەیشتە وولاتی پێخواسان عارەبانەکەی تێکشکاو پارچە پارچە بوو ، خەڵك هەموو تێ ی وەرهاتن و بارەکەیان پێ زۆر شتی گرنگ و بەهادار بوو ، هەموویان لێ دزی و هرمز هیچی پێ نەما بۆ شوێنی دی بباتو بە سەرسووکی لێ ی دا ڕۆیشت .

● پێخواس لەم دونیایەدا لە هەموو کەس درۆزن و ساختەچی ترن ، قەت زەمانیان بە ڕاست ناگەڕێ .



Scanned with CamScanner

## ١٥٣ – بۆچی پیاوی زل تامگێلان ؟

زیۆس که قالبی بنیادەمی دارشت هرمزی نارد بۆ ئەوەی زیرەکی‌یان پێ‌ببەخشێ • هرمز بڕیاری دا نەرق‌و جیاوازی نەکا• کەوچکێکی هێناو هەر بنیادەمێکی گەیشتێ کەوچکێکی زیرەکی تێ‌کرد • جا لەبەر ئەوەی پیاوی قوتـه بـچووك بوو بـەکەوچکە زیرەکی‌یەك پڕ بووەوەو تێرئاقڵ دەرچوو کەچی ئەو کەوچـکە زیرەکی‌یە بۆ پیاوی زل‌و کەتە زۆر کەم بوو ، هەموو ئـەندامی لەشی پڕ نەکردەوە • کابرا تامگێل دەرچوو •



Scanned with CamScanner

## ١٥٤ ـ هەمووی چوو تەنیا (هیوا) مایەوە !

زیۆس هەرچی شتی باشە هێنای کۆی کردەوەو خستی‌یە ناو جەڕەیەكو سەرقاپەیەکی لەسەر داناو نۆبەتدارێکی لە دیار دانا • کابرای نۆبەتدار مەراقی گرت بزانێ ئەم جەڕەیە چی تێدایـە ، سەرقاپەکەی هەڵدایەوە ، یەکسەر هەرچی لەناو جەڕەکەدا بـوو دەرپەڕی‌و بەرەو ئاسمان هەڵکشاو تا کابرا بە پەلەپەل سەرقاچەکەی دادایەوە هەموو شتەکان ڕۆیشتن تەنیا ( هیـوا) لەنـاو جـەڕەکە مایەوە •

بنیادەم کە شتێکی لە دەست چوو ، تەنیا ( هیـوا )ی هەیـە دڵی خۆی پێ‌خۆش بکا •

## ١٥٥ - بۆ پێشەوە

زیۆس گایەکی دروست کردو پرۆمیتۆس بنیادەمێکی دروست کردو ئەسینا خانوویەك • ( مۆموس )یان کردە حەکەم بزانێ دەستکردی کامەیان لە هەموویان باشترە • ئەویش حەسوود بوو ، کەم و کورتی لە هەموویان دیتەوە • گوتی : زیۆس نەیزانیوە ، دەبوایە چاوی گا لە قۆچەکانی بنێ بۆ ئەوەی ئەو جێگایە ببینێ کە قۆچی لێ دەدا • بنیادەمەکەی پرۆمیتۆسیش نەدەبوایە مێشکی قەپات بێ ، بۆ ئەوەی بیروبۆچوونی دیار بێ و نەتوانێ چاکەو خراپە بشارێتەوە • هەندی ئەسینایشە هەق وا بوو خانوەکەی لەسەر پێچکان بکردایە بۆ ئەوەی ئەگەر دراوسێیەکی خراپی هات بتوانێ بێ کێشەو بێشە ، بە ئاسانی خانوەکەی بگوازێتەوەو لێی دوور کەوێتەوە •

زیۆس لەم زگرەشی‌یەی مۆموس توورە بوو ، لە ئولیمپ دەری کرد •

● هیچ شتێ نی‌یە ئەوەندە باش بێ ، هیچ کەم و کورتی نەبێ •

# ١٥٦ ــ سەرڕاستی لە هەموو شتێ باشترە !

کابرایەك لە دەم ڕوبارێك داری دەکرد • تەورەکەی لەدەست بەربوەوەو کەوتە ناو ڕوبارەکە • لە تەورەکەی بێ‌هومێد بوو ؟ لە ڕۆخ ڕوبارەکە هەڵکونجاو دەستی بە گریان کرد • هرمز گەیشتە هانای‌و گوتی مەسەلە چی‌یە ؟ کە لە مەسەلەکە گەیشت زۆری سك بە کابرا سووتاو چوە ناو ڕوبارەکەو خۆی نقووم کرد ، تەورێکی زێڕی دەرهێناو گوتی : ئەم تەورەیە بزرت کردوە ؟ دارکەرەکە گوتی : « نەخێر ئەمە تەوری من نی‌یە • » هرمز دوبارە خۆی نقووم کرد ، ئەمجارە تەورێکی زیوی دەرهێنا • کابرا گوتی : « ئەمەش تەوری من نی‌یە • » بۆ جاری سێ‌یەم هرمز خۆی نقووم کرد ئەمجارەیان تەورەکەی دارکەری دەرهێنا • دارکەر کە چاوی بە تەورەکە کەوت ، هاواری کرد : « خۆیەتی ، ئەمە تەوری منە • » هرمز زۆری کەیف بە سەرڕاستی کابرا هات • دوو تەورەکەی تریشی پێ‌کەرەم کرد •

دارکەر گەڕایەوە ناو هاوڕێ‌و هەواڵەکانی‌و حاڵ‌و مەسەلەکەی بۆ گێڕانەوە • یەکێ لە دڵی خۆی‌دا بیری کردەوە کە بچێ دەرفەتێکی ئاوا بۆ خۆی بڕەخسێنێ • چوە ڕۆخ ڕوبارەکەو بە ئەنقەس تەورەکەی بەردایەوە ناو ڕوبارو لە دیاری دانیشت‌و گریا• پاش نەختێ ، هرمز هات‌و لێی‌پرسی داخۆ بۆچی دەگری • کە لە

مەسەلەکە گەیشت وەك جاری پێشوو چوە ناو ڕووبارو خۆی نقووم کرد • تەورێکی زێڕی دەرهێناو گوتی : « ئەم تەورەیە بزرت کردوە ؟ » کابرا لە خۆشی‌یان هاواری کرد : « بەڵێ خۆیەتی • » هەرەز ئەوەندە لە ساختەچێتی‌و بێ‌ئابڕوویی کابرا پەست‌و تووڕە بوو ، نەك هەر تەورە زێڕەکەی نەدایە ، بگرە تەورەکەی خۆیشی نەدایەوە •

لەم هەقایەتەدا دیارە، خوا چۆن سزای پیاوی بەدکار دەدا ئەواش یاریدەی پیاوی سەرڕاست دەدا •



Scanned with CamScanner

## ١٥٧ ـ خەتای بەختمان نی‌یە ، خەتای خۆمانە

کابرایەك ماوەیەکی زۆر بوو لە گەڕان بوو ، ماندوو بوو ، چوو لە لێواری بیرێك ڕاکشاو خەوی لێ کەوت • لەخەودا گەوزی دا خۆی ، هەر وەخت بوو بەربێتەوە ناو بیر ، ( بەخت ) گەیشتە سەریو بە ئاگای هێناو پێی گوت : « هەستە برام ، ئەگەر ئێستا بکەوتایتە ناو بیر ، لەباتی ئەوەی لۆمەی کەمتەرخەمی خۆت بکەی، لۆمەی منت دەکرد • »

● زۆر کەس هەن کە لە ئەنجامی هەڵەی خۆیان تووشی بەدبەختی دێن ، لۆمەی کاری خوا دەکەن •



Scanned with CamScanner

## ١٥٨ – زۆرداری سەر ناگرێ ٠

کابرایەك هەندێ پارەی برادەرێکی بە ئەمانەت لە کن بوو ، ویستی لێی زەفت بکا ٠ برادەرەکەی ملی گرت ، گوتی وەرە سوێند بخۆ کە هیچ پارەت لە من وەرنەگرتوە ٠ کابرا لە ترسی سوێند ویستی وەدەشتێ بکەوێو کە گەیشتە بەر دەرگای شار تووشی کابرایەکی شەلە بوو لە شار دەچوە دەرەوە ، لە شەلەی پرسی ، گوتی : « تۆ کێی ؟ و دەچیتە کوێ ؟ » شەلە وەڵامی دایەوە : « من ناوم – سوێند – ە و دەچم سوێندخۆری درۆزن سزا دەدەم ٠ » کابرا لێی پرسی : « باشە چەندت پێ دەچێت تا دەگەڕێیتەوە ٠ » شەلە گوتی : « سی چل ساڵم پێ دەچێ ٠ »

کابرا کە ئەمەی بیست پەشێمان بووەو گەڕایەوە بێ ئەوەی دڵ لە دڵ بدا ڕۆژی پاشی سوێندی خوارد کە هیچ پارەی لە برادەرەکەی وەرنەگرتوە ٠ کە لە سوێندخواردن بووەوە کابرای شەلە لە بەردەمی حازر بووو ویستی ڕای بکێشێو بیبا لە سەر بەردێکی بڵند بەری بداتەوە ٠

کابرای تاوانبار کردی یە هات و هاوار : « تۆ گوتت تا (٣٠) سی ساڵی تر ناگەڕێمەوە ، لە کوێ لە من پەیدا بووی ، ڕۆژێك مۆڵەتت نەدام ٠ »

شەلە وەڵامی دایەوە : ( وایە ، بەڵام ئەگەر یەکێ بیـــەوێ تەفرەم بدا عەینی ڕۆژ دەگەڕێمەوە سەری • »

● کەس نازانێ خوا کەی سزای پیاوی خراپ دەدا •



Scanned with CamScanner

## ١٥٩ – بۆچی هەندێ کەس چوارپێن ؟

پرۆمیتۆس بە فەرمانی زیۆس بنیادەمو گیانداری دروست کرد • کە زیۆس بینی گیاندار زۆر لە بنیادەم زیاترن • (پرۆمیتۆس)ی ڕاسپارد هەندێ گیاندار هەڵوەشێنێتەوەو بیانکاتە بنیادەم • ئەویش فەرمانەکەی بەجێ هێنا • جا ئەوانەی کە لە بنیاد بە بنیادەم دروست نەکرابوون هەرچەندە ئێستا لە ئاسکەلتی بنیادەم دان بەڵام هەر مێشکی چوارپێیان لە کەللە دایە •



Scanned with CamScanner

## ١٦٠ ـ شاری درۆ

کابرایەك لە بیابان‌و چۆڵەوانی دەگەڕا ، ژنێکی بینی بە تاقی تەنێ ڕاوەستا بوو ، چاوی لە زەوی بڕی بوو ، لێی پرسی : « تۆ کێی ؟ » ژنە وەڵامی دایەوە : « من ـ ڕاستی ـ م » کابرا پرسی : « ئەدی بۆ شارت بەجێ هێشتوەو هاتووی لە چۆڵ‌و بیابان دەگەڕێی ؟ ! » ژنە وەڵامی دایەوە : « چونکە زەمانە گۆڕاوە • جاری جاران درۆکردن زۆر کەم بوو • بەڵام ئێستاکە وا نەماوە • هەر کەسێ بدوێنی دەبینی درۆزنە • »

● کە درۆ لە ڕاستی زیاتر بوو ، ژیانی بنیادەم دەبێتە شتێکی پیس‌و بۆگەنی •



Scanned with CamScanner

## ١٦١ – دختۆری چاوان

پیرەژنێك چاوی كەم بینا ببوو ، بەڵێنی بە دختۆر دا ئەگەر بێت و چاكی بكاتەوە پارەیەكی باشی بداتێ • دختۆر بەیین بەیین دەهاتە سەری و مەڵحەمی لە چاوان دەكرد • هەموو جارێ كە مەلحەمی تێدەكردو پیرەژن چاوی دەقوچاند دختۆر تێڕوو دەهات شتێكی دەدزی • كە ماڵی پیرەژنی هەموو دزی ، گوتی : پیرەژن ئەوا چاك بوویتەوە بێنە هەقم بدە • پیرەژن هیچی نەدایە • دختۆر شكاتی لە پیرەژن هیچی نەدایە • دختۆر شكاتی لە پیرەژن كردو ڕایكێشا بەر دادگا • پیرەژن لە بەردادگادا گوتی : « من بەڵێنم بە دختۆر دا ئەگەر چاكم بكاتەوە پارەیەكی باشی بدەمێ ، كەچی پاش چارەسەری چاوم لە جاران خراپتر بوە • » ئینجا گوتی : « پێش ئەوەی دختۆر بێتە سەرم هەموو كەل‌وپەلی ناو ماڵم دەدی كەچی ئێستاكە هیچێكی نابینم • »

● هەندێ كەس چاویان لە كاروكاسبی ناڕەوایەو ئاگایان لێ نی‌یە كە خۆیان بەڵگەی تاوان و خراپە دەدەن دەست خەڵك •

## ١٦٢ - چارەی نی‌یە

ژنێك مێردی ئارەقخۆر بوو ، تەگبیرێکی کرد بۆ ئەوەی ئارەقی بێ‌ئەرخ بکا • ڕاوەستا تا مێردی زۆری خواردەوەو شرار بوو ، وای لێ‌هات چاوی نەیدەبینی ، هەڵی‌گرت‌و خستی‌یە سەرباسکی‌و بردیە قەبرستان‌و لەوێ بە عـەردی داداو گەڕایـەوە • کـە زانی وەختی وەخۆ هاتنەوەی هات چوو لە دەرگای قەبرستانی دا کابرا گوتی : « کێ‌یە ؟ » ژنـە وەڵامی دایەوە : « منـم • خـواردنم بۆ مردوان هێناوە • » کابرا گوتی : « من بەش بەحاڵی خۆم خواردنم ناوێ • هەناوم بۆ خواردنەوە دەسووتێ • چ لە خواردن بکەم ؟ ! »

ژنە کە ئەمەی بیست کەوتە سنگ کوتان‌و هاواری کرد : « وای لە خۆم سەر بە هەشێ ! هەموو تەگبیرەکەم بە فیڕۆ چوو • پیاویژگەنەك هەر نەمتوانیوە چارەت بکەم بگرە بەم حاڵـە لـە جـاران خراپـتر لێ‌هاتـــوە • بـێ‌وورەی تـەواو پشـتی لێ‌سەندووی ! »

● ئەم هەقایەتە دژی پێ‌داگرتنە لەسەر کـردەوەی ناپەسـند ؛ چونکە ئاخری وای لێ‌دێ ئەگەر خۆیشی بیەوێ ناتوانێ لەم کردەوە ناپەسندە ڕزگار بێ •



Scanned with CamScanner

## ١٦٣ – گومڕاو قۆڵبڕ

پیرەژنێکی عەییار هەبوو ، کشتەکو سیحری دەکرد گوایە غەزەبی خوا دەڕەوێنێتەوە • بە هەموو دەمێك سەری قاڵ بوو • گوزەرانی خۆش بوو •

بە گومڕاو لادەرو حەشەری تاوانباریان کردو ڕایانکێشا بەردەم دادگاو حوکمی کوشتنیان دا • کە لە دادگا بردیانە دەرەوە کابرایەك پێی گوت : « پیرەژن ، تۆ دەڵێی من غەزەبی خوا دەڕەوێنمەوە ئەدی بۆ ناتوانی غەزەبی بنیادەم بڕەوێنیتەوە ؟!»

● دەستخەڕۆدانی ژنی گومڕا ئاوایە ، وا پێشان دەدا موعجیزە دەنوێنێ کەچی شتی زۆر ئاسانیشی لە دەست نایە •



Scanned with CamScanner

## ١٦٤ ــ بوختنان باش نی‌یه !

ڕێگرێك ڕێی له كابرایه‌ك گرت‌و كوشتی • هه‌ندێ ڕێبوار چاویان لێ‌بوو ، كه‌وتنه دووی • ڕێگره‌كه كابرای له‌ناو خوێن‌و خوڕ به‌جێ هێشت‌و به‌ده‌ستی به خوێنه‌وه ده‌رپه‌ڕی‌و هه‌ڵات • تووشی هه‌ندێ كه‌س بوو پرسیان بۆ ده‌ستت به خوێن بووه ؟ گوتی : تازه له‌سه‌ر دارتوویه‌ك خۆم هه‌ڵدا خوارێ‌و ده‌ستم بریندار بوو • له‌و قسانه‌دا بوو ئه‌و ڕێبوارانه‌ی له دووی بوون هاتن گه‌یشتنه سه‌ری ، گرتیان‌و بردیان له دارتوویه‌كیان به‌ستەوه‌و به سنگان له‌شیان ئه‌نجن ئه‌نجن كرد • دره‌خته‌كه پێی گوت : ببووره كه له سه‌رت وه‌جواب نایه‌م ، له‌به‌ر ئه‌وه‌یه كه تۆ خۆت كابرات كوشتووه‌و ده‌ته‌وێ خوێنه‌كه‌ی به‌سه‌ری من بسرێته‌وه • »

● پیاوی به‌ته‌بیعه‌ت باشیش ئه‌گه‌ر كه‌سێتی ڕووت بكه‌یته‌وه ، خۆی وا پێشان نادا كه ناته‌واوی هه‌یه •

## ١٦٥ - پێغەمبەرێکی نەزان

فاڵچی‌یەك لە بازاڕ دانیشتبو، فاڵی بۆ خەڵك دەگرتەوە ، بازاڕی گەرم بوو • کت‌وپڕ کابرایەك هات‌و گوتی : « مام فاڵچی دەرگای خانوویان لە ڕێسمە بردووی‌و هەرچی هەتە هەموویان بردوە • »

فاڵچی دەرپەڕی‌و هاواری کردو غاری‌دا بزانێ چ بوە • کابرایەك لەوێ وەستا بوو کە بەم جۆرەی بینی ، گوتی : « تۆ داوای ئەوە دەکەی گوایە دەزانی خەڵك چی‌یان لە نێوچەوانی نووسراوەو چی‌یان بەسەر دێ ، ئەدی بۆ نەتدەزانی داخۆ خۆت چیت بەسەر دێ • »

● ئەم هەقایەتە ئەو گێلانە ڕسوا دەکات کە خۆیان ژیانیان شڕو شێواوە ، کەچی پێشبینی بۆ خەڵك دەکەن •

## ١٦٦ – ڕاستی‌و درۆ

دوو کوڕ پێکەوە چوونە دوکانێك گۆشت بکڕن • کە قەساب پشتی کەوتە ئەوان • یەکێکیان هەندێ بەزو ڕێخۆڵەی دزی‌و خستی‌یە بەرکی هاوڕێ‌کەی • کابرا لە بەزو ڕیخۆڵەکە گەڕا نەیدۆزی‌یەوە، بە منداڵەکانی گوت : « ئێوە دزیوتانە ! » ئەوەی دزی بووی سوێندی خوارد کە هیچی پێ‌نی‌یەو ئەوەی پێ‌ی‌بوو سوێندی خوارد کە نەیدزیوە • کابرا لە ئۆینیان گەیشت‌و گوتی : « دەتوانن بە درۆ سوێند بخۆن‌و ئەمن تەفرە بدەن بەڵام ناتوانن خوا تەفرە بدەن ! »

● ئەوەی بە درۆ سوێند بخوا، بەوە لەسەری ناچێ کە بە درۆ پینەو پەڕۆی بۆ بکا •



Scanned with CamScanner

## ١٦٧ - ناپاكی

كابرایەك چوە سەفەرێكی دوورو لە خۆی گرت لەو ڕێیە هەر شتێكی دەست كەوت نیوەی بۆ هرمز بێ • ڕۆژێ ، جانتایەكی دۆزی یەوە ، هەڵی گرتەوە ، گوتی هەبێو نەبێ پڕ پارەیە بەڵام كە كردی یەوە و هەڵی ڕشت لە هەندێ لۆزو قەسپ زیاتر هیچی تێدا نەبوو • لۆزو قەسپەكەی خواردو قەپێلكی لۆزو ناوكی قەسپی خستە سەر مەزبەحو گوتی : « هرمز ، چۆنم لـە خـۆم گرتبوو ، وام كرد • بەشم دای • لە لۆزو قەسپەكە ، ناوكو پەلكێك بۆ منو ناوكو پەلكێك بۆ تۆ ! »

ئەم هەقایەتە ئەو دزو گیرفانبڕانە ڕسوا دەكا كە هێندە چڵێس تا ناپاكی دەرهەق خوایش دەكەن •



Scanned with CamScanner

## ١٦٨ ـ تەختە خۆش بێ باکور بفەوتێ •

قوتابی‌یەك تەختەی نووسینی هاوڕێکەی دزی‌و دایە دایکی • لە بری ئەوەی سەرزەنشتی بکا ، دەستی لە پشتی دا • جارێکی‌تر قاپووتێکی دزی‌و بۆی هێنا دایکی زیاتری هان دا • کوڕە کە گەورە بوو بووە دزێکی گەورەو ناقۆلا • ڕۆژێ لە دزی گیرا • دەستیان بەست‌و بردیان لە سەری بدەن • دایکیشی چوە دیاری‌و وەرگەڕا خۆی لە سنگی خۆی دا • کوڕەکە گوتی : « دایە ، نەختێ لێم‌نزیك بکەوە دەمەوێ بە دزی قسەیەکت بچرپێنمە گوێ • کە دایکی لێی‌نزیك بوەوە ، کوڕە تا هێزی تێدا بوو قەمپالێکی لە چیچیلەی گوێی‌دا • دایکی سەرزەنشتی‌کردو گوتی : « کوڕم چۆن کاری وا ناپاکانە دەکەی ، دڵت بە تاوانەکانی‌تر دانەکەوت دایکیشت ئەزیەت دەدەی ؟ » کورە گوتی : « ئێستا سەزرەنشتم مەکە • تازە چوو • کاتێ خۆی کە بە منداڵی یەکەمجار تەختەکم دزی‌و بۆم هێنای هەیێ سەرزەنشتت بکردبام ئێستا نەدەکەوتمە بەر دەستی جەلادان • »

● کە سزا نەبێ ، تاوانبار ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێ •



Scanned with CamScanner

## ١٦٩ — ساختەچی

پینەدۆزێك هەبوو ئیشی باش نەبوو هەمیشە هەر برسی بوو • لێیدا چوە جێگایەکی وا کەس نەیدەناسی‌و لەوێ خۆی کردە دختۆر • هەندێ کەل‌وپەلی کڕی‌و وای بڵاوکردەوە کە تریاقی دژی ژەهری پێیە • کابرایەکی ئەوەند زمان لووس‌و ئەوەندە ئەڕباب‌و قسەزان بوو ، ناوبانگێکی زۆری پەیدا کرد •

ڕۆژێ ، نۆکەرێکی دڵسۆزی پاشا نەخۆش کەوت • شەپ بوو • پاشا ناردی‌یە دوو دختۆرەکەو ویستی پێشتر تاقی بکاتەوە • ناردی پەرداخە ئاوێکیان بۆ هێنا‌و بە دختۆری گوت بێنە تریاقەکەت لەم پەرداخە کە ، پاشان شتێکی بە ناوی ژەهر لە پەرداخەوە کە کردو بە دختۆری گوت : « وەرە ئەم ژەهراوە بخۆوە ، ئەگەر تریاقەکەت کاری کردو چت لێ‌نەهات چی بڵێی دەتدەمێ • »

کابرا لە ترسی گیانی خۆی پێی لێنا کە هیچ لە دختۆراتی نازانێ و لەبەر نەفامی خەڵکە ئەم ناوبانگەی پەیدا کردوە • پاشا گەل‌و ڕەعیەتی کۆکردەوەو چیرۆکی دختۆری بۆ گێڕانەوە‌و گوتی : « توخوا شێتایەتی نی‌یە ئێوە ئاوها بەبێ سێ‌و دوو گیانی خۆتان دەخەنە بەر دەستی یەکێکی وا کە کەس پێڵاویشی لەکن بە کردن نادا • »

(٭) توخوا هەقم نی‌یە بڵێم زۆر کەس هەن هێندە نەزانن ، نەزان پارەیان لێ‌دەردێنن •



Scanned with CamScanner

## ١٧٠ ـ لە تۆ هەرەکەت لە خوا بەرەکەت •

ئەسینایی‌یەکی دەوڵەمەند لەگەڵ خەڵك لە سەفەرێکی دەریا بوو • ڕەشەبایەکی توند هات‌و کەشتی‌یەکەی وەرگێڕا • هەموو لا کەوتنە مەلەوانی‌و بەرەو کەنار وووشکانی ملیان نا بەڵام کابرای ئەسینایی هەر هاواری ( ئەسینا )ی دەکردو دەستی لەبەر پـــان دەکردەوە ، پەیمانی دا ئەگەر لەم تەنگانەیە رزگار ببێ قوربانی‌یەکی باش بکا •

یەکێ لەو برادەرانەی لەگەڵ کەشتی‌یە شکاوەکە دا بوون ، بە مەلەوانی بە تەنیشت کابرادا تێپەڕی‌و بانگی کرد: « هەمووی هەر بە تەمـای ( ئەسینا ) لێمەگـەڕێ ، نـەختی قـــۆڵ‌و باسـکیشی لێ‌بخەکار ! »

● دەبێ وا بکەین • چـاومان لـە قاپی خـوا بـێ‌و خۆیشمان بیربکەینەوەو ئیش بکەین •



Scanned with CamScanner

## ١٧١ – بە ئاگری خۆی دەسووتێ !

ڕێوی‌یەك ماڵی جوتیارێکی کاوڵ کرد ، جوتیار زۆر بەستەو تووڕە بوو • ڕۆژێ جوتیارەکە ڕێوی گرت‌و بڕیاری دا تۆڵەیەکی باشی لێ بکاتەوە :

پارچە پەڕۆیەکی لە نەفت هەڵکێشاو لە کلکی ڕێوی بەست‌و ئاگری تێ بەردا • خوا وای کرد ڕێوی هەڵات‌و چووە ناو تەبارە دەغڵی کابرا • تەبارەکەی زەرد ببوو ، دروێنەی هاتبوو • کابرا هەر هێندەی بۆ مایەوە ڕایکردە دوای ڕێوی‌و کەوتە دوعاو پاڕانەوە دەغڵەکەی نەسووتێ •

⦿ ئەم هەقایەتە پەندێکی مرۆڤایەتی تێدایە : پیاو هوشیار دەکاتەوە بۆ ئەوەی کە زۆر تووڕە بوو جڵەوی لە دەست بەر نەبێ‌و ئازاری خەڵك نەدا •



Scanned with CamScanner

## ١٧٢ ــ دۆزینەوەی گەنجینە

جوتیارێك لە گیانەلادا بوو ، لە کوڕەکانی ویست پاش خۆی ببن بە جوتیاری چاك ، بانگی کردن‌و گوتی : « کوڕم ، ئەمن وا دەمرم‌و دونیای ڕون بەجێ دێلم . هەرچی گەنج‌و خەزێنەم هەیە لەناو ڕەزم شاردۆتەوە . بڕۆن بگەڕێن دەیدۆزنەوە . »

کوڕەکان وایان زانی ئەوەی باوکیان باسی دەکا گەنج‌و خەزێنەی هیشکەیەو لەناو ڕەز ژیر گڵی کردوە . دوای مردنی کابرا کوڕەکانی بست بە بست خۆڵی ڕەگەزەکەیان هەڵکێشایەوە ، هیچ گەنجینەیان نەدۆزی‌یەوە بەڵام میوەکان ئەوەندە باش تەربیشە کرابوون ئەو ساڵە بەرێکی زۆریان دا .

● لەم هەقایەتەدا تێدەگەین کە بەری ڕەنج باشترین گەنجی مرۆڤە .



Scanned with CamScanner

# ١٧٢ – یەکگرتن هێزە

جوتیارێك كۆمەڵە منداڵێكی هەبوو • منداڵەكانی هەمیشە لە ناكۆكی دابوون • ویستی تێیان بگەیەنێ كە باشتر وایە پێك بێنەوەو لەگەڵ یەك تەبا بن • بەڵام زانی هەر بە قسەو ئامۆژگاری تێ ناگەنو نایەنە ڕایێ، بڕیاری دا بە كردەوە پەندێكیان دابدا بە چاوی خۆیان ببینن :

داوای كرد كۆمەڵە دارێكیان بۆ هێنا هەمووی بەستو كردی یە دەسكێكو دایە دەست منداڵەكانیو گوتی ئەم دەسكە دارەم بۆ بشكێنن • هەر چەندەی كردیان پێیان نەشكا • كابرا دەسكە دارەكەی وەرگرتو كردییەوەو هەر جارەی دارێكی دانێو یەك یەك شكاندیان • ئینجا ڕووی كردە منداڵەكانو گوتی : « كوڕم ، ئێوەش ئاوهان : تا لەگەڵ یەك تەباوتفاق بنو پشتی یەك بگرن هیچ دوژمن دەرەقەتتان نایە ، خۆ ئەگەر بەینتان تێك بچێو لموزتان لێكخوار بێ دوژمن بە ئاسانی زەفەرتان پێدەبا • »

● گەل بە دووبەرەكیو ناكۆكی دەبێتە نێچیری دوژمنو بە یەكێتی دەبێتە خاوەن هێزو دەسەڵات •



Scanned with CamScanner

# ١٧٤ – قۆپەنی جورجەکوێرە دەبێ بە چیا

هیراکلیس بە ڕێگایەکی تەنگەبەردا دەڕۆیشت • شتێکی وەکو سێوی لەسەر زەوی دی پێی لەسەر دانا بۆ ئەوەی ووردی بکا کە پێی هەڵگرت شتەکە دوو هێندەی جارانی لێهات • پێی سەیر بوو بە پێلەقان کەوتە سەری ، ئینجا دایە بەر گورزان • شتەکە هەر لێك کشاو گەورە بوو تا ڕێگای قەپات کرد • هیراکلیس گورزی فڕێداو بەسەرسامی لە دیاری ڕەق ڕاوەستا• ( ئەسینا ) لە بەردەمی پەیدا بوو ، گوتی : « بەسی کە برام • ئەوشتەی دەیبینی ئەوە گیانی ناکۆکیو دووبەرەکییە ئەگەر کەس دەستی لێنەدا باشە چۆنە وەکو خۆی دەمێنێتەوە ، بەڵام ئەگەر لەگەڵی بەشەڕ بێی تەماشاکە چۆن هەڵدەدەفێ • »

● جێی داخە کە شەڕو دەمەقاڵی دەبێتە هۆی ئازارێکی بێبن •



Scanned with CamScanner

## ١٧٥ – تیشك و تۆزقاڵ

کاتی خۆی کە پرۆمیتۆس بنیادەمی دروست کرد تێرکەیەکی بە ملییەوە کرد • ئەو لاتێرەی کەوتبوە پێشەوە پڕ عەیبی خەڵك بوو ، ئەو لاتێرەی کەوتبوە پشتەوە پڕ عەیبی خۆی بوو •

جا بۆیەیە کە پیاو عەیبی خۆی نابینێ بەڵام هێشتا میلێك دوورە عەیبی هاوڕێکانی دەبینێ •

ئەم هەقایەتە گاڵتە بەو چاوبرسیانە دەکا کە لە ڕاست شتی خۆیان کوێرن ، هەر چاویان لە شتی خەڵکە •



Scanned with CamScanner

## ١٧٦ ــ برادەری ڕاستەقینە ئەوەیە لە تەنگانە بەکەلکت بێ

دوو بــرادەر پێــکەوە لە دارستانێـك دەگــەڕان • لەناکاو وورچێکیان لێ پەیدا بوو • یەکێ خێرا بە درەختێك هەڵگەڕاو خۆی لەسەر درەختەکە شاردەوە • ئەوەی تر هیچ مەفەری نەما • ناچار لەسەر زەوی ڕاکشاو خۆی مراند •

وورچ گەیشتە سەری ، لمووزی لێ خڕاندو هەموو لەشی بۆن کرد • کابرا هەناسەی ڕاگرت ــ چونکە دەڵێن وورچ دەست لە مردوو نادا •

کە وورچەکە ڕۆیشت کابرا لە سەر درەخت هاتەخوارێو لــە برادەرەکەی پرسی : « ئــەوە وورچــەکە چــی چــرپانــدە بناگوێت ؟ » •

کابرا وەڵامی دایەوە : « ئەوە پێی گوتم لەمــەودوا لەگــەڵ برادەری وا نەگەڕێم کە لە تەنگانە پشتم بەر بدا • »

● برادەری ڕاستەقینە لە تەنگانە دەردەکەوێ •



Scanned with CamScanner

## ١٧٧ ـ خێرو شەڕمان بەنیوە

دوو کەس پێکەوە لە سەفەر بوون • لە ڕێگادا یەکێ تەورێکی دۆزی‌یەوە • هاوڕێ‌کەی گوتی : « ئێمە بەختمان هەیە ! »

کابرا گوتی : « مەڵێ ـ ئێمە ـ ، بڵێ ـ تۆ ـ بەخت هەیە •• »

پاش نەختێ خاوەنی تەورەکە هاتە دوویان • ئەوەی تەورەکەی دۆزیبوەوەو لە کنی بوو ، کە چاوی بە خاوەنی تەورەکە کەوت ، گوتی : « برام ، ئێمە لێمان قەوما •• »

هاوڕێ‌کەی وەڵامی دایەوە : « مەڵێ ـ ئێمە ـ ، بڵێ ـ من ـ لێم قەوما ! چونکە کاتێ تەورەکەت دۆزی‌یەوە نەتهێشت بەشداریت بکەم •• »

● ئەگەر لە سەروسامانی خۆمان بەشی برادەران نەدەین ، لە تەنگانەدا دڵسۆزمان نابن •



Scanned with CamScanner

## ١٧٨ – چاوی تێر نابێ ٠

هرمز قازێکی بە بەندەیەکی زۆر دینداری خۆی بەخشی ٠ قزەکە هێلکەی زێڕی دەکرد ٠ بەڵام کابرا دەرووەست خۆی نەهات نەیتوانی دان بە خۆیدا بگرێو هێدی هێدی سامانێکی زۆر پێکەوە بنێ ٠ لە دڵی خۆیدا گوتی لەوانەیە ئەم قازە هەناوی پڕ زێڕ بێ ، خێرا کوشتی‌یەوە ٠ کە کوشتی‌یەوە نەك هەر خەیاڵەکەی پووچ دەرچوو بگرە هێلکەی زێڕیشی لە کیس چوو چونکە هەناوی قازەکە لە گۆشتو خوێن زیاتر هیچی تێدا نەبوو ٠

● پیاوی چاوچنۆك ، کە چاوی لە چڵێسی بوو ، ئەوەی هەیشی بێ دەڕوا ٠



Scanned with CamScanner

## ١٧٩ ـ لە كاتی خۆشی ناخۆشییت لە بیر بێ !

کەشتی‌یەك بارو نەفەری بار کردو ڕۆیشت کە گەیشت ناو دەریا گەرداوێکی سەخت هەڵی‌کرد • کەشتی کەوتە حەلاوەلای نقووم بوون • نەفەرەکان یەك یەك جلیان لەبەر خۆیان دادڕی‌و هەرکەسە لە خوای خۆی پاڕایەوەو گوتی خوایە ئەگەر ئەمجارە دەربازمان بکەی قەت لە چاکەت دەرناچین‌و تا ماوین هەر سوپاس بژێریت دەکەین •

پاش ماوەیەك گەرداوەکە نیشتەوەو دونیا هێمن بوەوەو بوو بە فەرەحنایی • خەڵکەکەش لەو خۆشی‌یەی کە لە تەنگانە ڕزگار بوون کەوتنە شایی‌و هەڵپەڕکێ‌و سەیران‌و خۆشی ، کەچی کەشتیوانەکە هیچ خۆی تێك نەدا ، پێی گوتن : « برادەرینە ، کە ئێستا باشین‌و لە خۆشی داین نابێ لەبیرمان بچێ کە دوور نی‌یە بکەوینەوە ناو گەرداوو گێژەنێکی تووش‌و لە جارانیش تووشتر • »

● کە بەختت یار بوو زۆر بە هەوەس مەبە ، ئەوەت لەبیر بێ کە بەخت زۆر بە ئاسانی دەگۆڕێ •



Scanned with CamScanner

# ١٨٠ – گەنجینەت لە کوێ بێ دڵت لەوێیە

قرچۆکێک هەرچی هەی بوو فرۆتی وهەمووی بە زێڕداو کردیە یەك پارچەو لە شوێنێکی پەنی سوڕگومی کرد • مێشك‌و دڵی هەر لای زێڕەکە بوو • هەموو ڕۆژێ دەچوو سەری لێ‌دەدا • جوتیارێك سێرەی لە کابرا هەڵگرت‌و زانی شتەك لە گۆڕێ هەیە کە کابرا ڕۆیشتەوە جوتیارەکە چوو شوێنەکەی هەڵکۆڵی‌و زیڕەکەی برد • ئەمجارەیان کە کابرای قرچۆك هاتەوەو دیتی قورتەکە بەتاڵەو زێڕەکەی دزراوە، کەوتە فیغان‌و واوەیلا •

ڕێبوارێك چاوی پێ‌کەوت‌و لە هۆی ئەم فیغان‌و واوەیلایەی پرسی‌و کە بە مەسەلەکە کەوت، گوتی: «گەورەم، هێندە خەمان لە خۆت بار مەکە • کە زێڕیشت هەبوو هەر بە نەبوو حسێب بوو • ئێستا لەباتی زێڕەکە بەردێك لە ژێر زەوی بشارەوەو وای دانێ زێڕە • بەلای منەوە کە زێڕەکەشت لەوێ شاردبوەوە وەکو بەرد وا بوو هیچ سوودی نەبوو • »

● هەبوون بە بێ سوودلێ‌وەرگرتن وەکو نەبوون وایە •



Scanned with CamScanner

## ١٨١ - بروا بەوە دەکەن کە دەیبینن

وەرزشـــەوانێك هەبـــوو هەمـــوو کـــەس دەیزانـــی چرووك و بێتوانایە • ماوەیەك چوە دەرەوەی وولات و کە گەڕایەوە خۆی هەڵدەکێشا گوایە لە زۆر وولاتدا ئاهەنگی گێڕاوە بەتایبەتی لـە رۆدس بازدانێکی کردوە شتی وا قەت نەبوەو هیچ پاڵەوانی ئۆلۆمپی خۆی لێنەداوە • دەیگوت : ئەگەر یەکێ لەوانەی لەوێ بـــوون بێتە ئێرە شایەتیم بۆ دەدا چتۆ پاڵەوانیم نواندوە • »

یەکێ لەوانەی لەوێ ڕاوەستا بوون گوتی : « برام ، ئەگەر ڕاست دەکەی وایە ، شایەتی پێناوێ ، لە کوێ ڕاوەستاوی با ئەوێ ڕۆدس بێ ، فەرموو بازدە ، بزانین بازت چۆنە • »

● پوختەی ئەم هەقایەتە ئەوەیە کە شتێ بە ئاسانی ئیســپات ببێ قسەکردن زیادەیە •



Scanned with CamScanner

# ١٨٢ ـ هەموو مووی سەریان دەرکێشا

کابرایەك سەری ماش‌و برنج بوو • دوو ژنی هەبوو • یەکی گەنج‌و یەکی پیر •

کە دەچووە کن ژنەپیرەکە ، ژنە پێی شەرم بوو لەگەڵ کابرایەکی لە خۆی گەنجتر بنوێ دەکەوتە بەرێ داوە موە ڕەشەکانی سەری مێردی دەردەکێشا •

کە دەچووە لای ژنە گەنجەکە ، ژنە حەزی نەدەکرد مێردی پیرو بەختیار بێ دەکەوتە بەرێ موە سپی‌یەکانی سەری مێردی دەردە کێشا •

لەم بەینەدا ، بە هەردوولا سەریان تەواو ڕووتاندەوە •

● هاوڕێی ناتەبا بە کەڵك هیچ نایە •



Scanned with CamScanner

## ١٨٣ – دەست لێدانی کوێرێک

کوێرێک هەبوو هەرچی گیانداریێکیان بدابوایە دەستو دەستی لێ بکوتایە دەیزانی چیی‌یە •

جارێکیان بەچکە گورگێکیان دایە • نەیزانی چیی‌یە • پاش دەست لێ کوتانێکی زۆر ، گوتی : نازانم ئەوە بێچوە گورگە ، بێچوە ڕێوی‌یە ، یان بێچووی گیانداریێکی وایە ؟ بەڵام سوور دەزانم لەگەڵ مەڕان تەبا نی‌یە • »

هەر بەم جۆرەش ، سروشتی بەدکارانەی بنیادەم بە زۆری لە دیمەنی‌یەوە دیارە •



Scanned with CamScanner

# ١٨٤ ـ لەناو ئاوەوە بۆ ناو ئاگر

ئاغەژنێکی ئیشکەر هەبوو ، کە کەڵەشێر بانگی دەدا قەرەواشەکانی لەخەو ڕادەپەڕاند بۆ ئیش • قەرەواشەکان زۆر ماندووبوونو دابێزران ، بڕیاریان دا سەری کەڵەشێر هەڵکێشن چونکە وایان دەزانی ئەم هەموو ڕەتانەیان خەتای کەڵەشێرە کە سبەینان زوو پێش ڕۆژەڵات ئەغەژن بەخەبەر دێنێ •

بەڵام خراپتر لە پاشتر بوو چونکە کە کەڵەشێریان کوشت ، ئیتر ئاغەژن چاوەڕێی بانگی کەڵەشێری نەدەکرد • هەر زوو زوو دەچوە زگ قەرەواشانو ڕاستی دەکردنەوە بۆ ئیش •

● زۆر گیروگرفتی خەڵك هەیە ، لەبەر نەزانی خۆیان تووشیان بوە •



Scanned with CamScanner

## ١٨٥ – قسەی قەڵەو

ڕاوکەرێك لە شوونی شێر دەگەڕا • لە دارکەرێکی پرسی داخۆ شێری نەدیوەو لانەی شێر پێنازانێ • کابرا گوتی : « وەرە شێرەکەت پێشان بدەم • »

ڕاوکەر کە ئەمەی بیست ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاو لە ترسان چەقوهۆڕی ددانی بوو ، گوتی : « ئەمن لە شوونی شێر دەگەڕێم ، نەك شێرەکە خۆی • »

مەبەست لەم هەقایەتە ئەوەیە کە پیاوی ترسنۆك هەر بە قسەی قەڵەو خۆی هەڵدەکێشێو بەکردەوە هیچ نییە •



Scanned with CamScanner

## ١٨٦ – پێش هەموو شتێ گردەوە

(دومادز)ی خەتیب جارێکیان قسەی بۆ خەڵکی ئەسینا دەکرد • هەستی کرد خەڵك گوێی لێڕاناگرن • داوای لێ کردن ماوەی بدەن هەقایەتێکی ئیزۆپیان بۆ بگێڕێتەوە • خەڵکەکە ڕازی بوون ، ئەویش دەستی پێ کردو گوتی : « دیمێتێر لەگەڵ پەڕەسێلکەو ماسی بوونە دارڕێ • کە گەیشتنە دەم ڕوبارێك پەڕەسلکە لە شەققەی باڵیداو فڕی، ماسیش خۆی بە ڕوبار داداو نقووم بوو••» لێرەدا ڕاوەستا • خەڵکەکە گوتیان : « باشە ، ئەدی دیمێتێر ؟! » گوتی : « دیمێتێر لێتان تووڕەیە ، چونکە ئێوە بە هەموو گیانتان گوێ لە هەقایەتی ئیزۆپ دەگرن کەچی ڕیزی کاروباری دەوڵەت ناگرن •• »

● گلەیەتی‌یە کە خەڵك بۆ شتی خۆش واز لە ئیشی گرنگ بێنن •



Scanned with CamScanner

## ١٨٧ - ڕقی کوشنده

دوو ناحەز لە ناو کەشتی‌یەك بوون • یەکێ لەسەر سوکان‌و یەکێ لەسەر کەوان بوو • گەرداوێك هات وەخت بوو کەشتی‌یەکە نقووم بێ • کابرای سەرسوکان بە ڕابەری کەشتی گوت داخۆ چ بەشێکی کەشتی پێش هەمووی نقووم دەبێ ، رابەر گوتی : « یەکەمجار کەوانەکەی نقووم دەبێ • » کابرا گوتی : « باشە ، کە ناحەزەکەم پێش من بخنکێ ، باکم بە مردنی خۆم نی‌یە • »

● زۆر کەس هەن هەرچی‌یان لێ‌بێ باکیان پێ نی‌یە ، بەو مەرجەی ئەوەی بەسەر خۆیان دێ بەسەر دوژمن‌و ناحەزیشیان بێ •



Scanned with CamScanner

## ١٨٨ - سامانی ناپەسند

که هیراکلس پایەی بەرزکرایەوەو گەیشتە مەرتەبەی خوایەتی • چوە سەر خوانی زیۆس و زۆر بە ئەدەبەوە سلاوی لە هەموو خواکان کرد • پلوتوس پاش هەموویان هاتە ژوورەوە ، کە ئەو هاتە ژوورەوە هیراکلیس سەری شۆڕکردو ڕووی لێوەرچەرخاند • زیۆس سەری سوڕماو لێی پرسی بۆچی هەندە بە ڕووخۆشی بەخێرهاتنی هەموویانی کرد کەچی ڕووی نەدایە پلوتوس و بەخێری نەهێنا ؟

هیراکلیس وەلامی دایەوە : « لە سێرەی ئەوەبوو ، کاتی خۆی کە من لەناو بنیادەمان بووم دەمدی پلوتوس برادەری خراپی دەگرت • »

● ئەم هەقایەتە وەبیرمان دێنێتەوە کە دەوڵەمەندی بە بەختەوە بۆی هەیە بەر پیاوی خراپیش بکەوێ •



Scanned with CamScanner

## ١٨٩ – بوختانی بەلاش

دختۆرێکی ساختەچی خەریك بوو چارەی نەخۆشێکی دەکرد • ئەو دختۆرانەی پێشتر هاتبوونە سەر نەخۆشەکە پێیان گوتبوو نەخۆشی‌یەکەی درێژە دەکێشێ بەڵام خەتەر نی‌یە • کەچی دختۆری ساختەچی پێی‌ڕاگەیاند تا زووە هەموو ئیشی خۆی ڕێك بخات‌و چی وەسیەتی هەیە بیکا ، گوتی : « تۆ لە سبەینێ زیاتر ناژی ! » وای گوت‌و ڕۆیشت‌و نەخۆشەکەی بەجێ‌هێشت •

پاش ماوەیەك نەخۆشەکە وەسەر پێیان کەوتەوەو هەروەدەر بوو بۆ ئەوەی بای باڵی خۆی بدا بەڵام ڕەنگ‌زەرد ، هەر ئەوەتە دەجولایەوە • دختۆری ساختەچی تووشی هات‌و لێی‌پرسی :- « ڕۆژباش برام ، لەو دونیا چ باسە ؟ » کابرا وەڵامی دایەوە : « زۆر باش ، ئاوی لیتی‌یان هەیە بیخۆنەوە • بەڵام ئەو ڕۆژە ( مەرگ ) و ( هادیز ) هەڕەشەیان لە دختۆران دەکرد ؛ چونکە نەخۆش چەند کەنەوەو لێ‌ناگەڕێن بمرێ • ئیدی‌خەریك‌بوون ناویان لە لیستەی ڕەش دەنووسین • بەتەمابوون ناوی تۆش بنووسن بەڵام من لێیان پاڕامەوە ناوی تۆی تێ‌نەکەن • سوێند دەخۆم هەر



Scanned with CamScanner

کەسێ بڵێ تۆ دختۆری بەلاش بوختانت پێدەکا • »

● لەم هەڤیەتەدا مەبەست ئەو دختۆرە ساختەچی‌یانەیە کە هەر قسەی خۆش‌و بۆشیان هەیەو هیچی‌تر •



## ١٩٠ ـ هاوین بە پەڕەسێلکەیەك نابێ •

گەنجێکی خوێڕیو شەللاتی هەرچی میراتی باوکی بۆ مابووەوە هەمووی پەرتو بڵاوکردەوە تەنیا یەك قاپووتی ما • پەڕەسێلکەیەکی دی زوو هاتبوو ، لە پێشی دابوو ، وای زانی ئیدی هاوینەو چیتر پێویستی بە قاپووت نییە • قاپووتی بردە بازاڕو هەڕاجی کردو فرۆتی •

هێندەی نەبرد زستان زستانی خۆی کرد • هەڵی گێڕایەوە • بوو بە سەرماو زوقمو شەختەو بەستەلەك • ڕۆژێکیان کابرا بە ڕێدا دەڕۆیشت بینی پەڕەسێلکە لەسەرمان ڕەق بۆتەوە ، گوتی : « وای بەستەزمان ، تۆ خۆیشت کوشتو منیشت بە هیلاك دا • »

● جێی مەترسییە ئیش لەکاتی ناهەمواردا بکەی •



Scanned with CamScanner

## ١٩١ – نیشانەی چابوونەوە

نەخۆشێك لەناو جێ کەوتبوو کە دختۆر هاتە سەرێ‌و لە ویسحەتی پرسی ، گوتی : « ئارەقەیەکی زۆر دەکەم ، هەموو لەشم لە ئارەقە هەڵاتوە • » دختۆر گوتی : «نیشانەی چابوونەوەتە ! »

جاری دوەم کە هاتە سەرێ‌و لە تەندروستی پرسی ، کابرا گوتی : « لەرزێکی خراپم لێیە • هەر ئەوەتە شەق نابەم • » دختۆر دیسان گوتی : « نیشانەی چابوو نەوەتە ! • »

جاری سێیەم کە هاتە سەرێ‌و لە حاڵی پرسی کابرا گوتی : سکم دەچێ ! « دختۆر دیسان گوتی : « نیشانەی چابوونەوەتە ! » ئیدی ڕۆیشت •

پاشان ، نەخۆشەکە خزمێکی هەبوو هاتە سەردانی‌و لە چاك‌و چۆنی پرسی • نەخۆش وەڵامی دایەوە : « ڕاستت دەوێ ئەوەندە نیشانەی چابوونەوەم لێ‌دەرکەوتوە وەختە بمرم • »

● زۆر جاری وا هەیە دۆست‌و برادەر نازانن بارمان خوارە ، پیرۆزبایی شتی وامان لێ‌دەکەن کە خۆمان ناتوانین بەرگەی بگرین •



Scanned with CamScanner

## ١٩٢ – چارەنووس ناگۆڕێ

پیرەمێردێکی هەزارو خاکی لە داری دونیا یەك تاقە کوڕی هەبوو • کوڕە منداڵێکی ئازاو دلێر بوو ، زۆری حەز لە ڕاووشکار بوو •

پیرەمێرد لە خەودا دیتی شێر کوڕەکەی کوشتوە • زۆر ترسا خەونەکەی بەڕاست بگەڕێ جا بۆ ئەوەی کوڕەکەی لەم چارەنووسە دوور بخاتەوە هەستا خانوویەکی گەورەو بڵندی بۆ دروست کردو کوڕەی خستە ناوو نۆبەتداری لەدیار داناە بۆ ئەوەی کوڕە بەتەنێ عاجز نەبێ کابرا دیواری ژوورەکانی بە وێنەی هەموو جۆرە گیاندارێك ڕازاندەوە ، هەلبەت وێنەی شێریشی لە دیوار دابوو • بەڵام کوڕە دڵی لەم دیمەنە گوشراو ڕۆژێ چوو بەرامبەر وێنەی شێرەکە وەستاو هاواری کرد : « هەی نەعلەتت لێ‌دا ، شێر ! سەبارەت بە تۆو بە خەونی باوکمە وەك ژنان لێرە بەندیان کردووم • نازانم چۆن تۆڵەت لێ‌بکەمەوە ؟! »

بەدەم ئەم قسانەوە مستێکی ڕاوەشاندە دوڕچاوی شێری سەردیوارو پەلووکە دارێکی لەبن نینۆکی چەقی‌و چزەی لە جەرگی هەستاند • ئەوەندەی ئازار دا نەبێتەوە • تای هاتێ‌و زۆری پێ‌نەچوو ئەمری هەقی بەجێ گەیاند •

هەر چەندە کوڕە بە وێنەی ڕەنگاوڕەنگی شێر لەناو چوو بەڵام پلانی ساکاری کابرا لە بەردەم چارەنووس‌دا هەر پووکایەوە.

● پیاو دەبێ بە مەردی مل بۆ چارەنووس شۆڕ بکا چونکە بە هیچ بارێك خۆی پێ لێ دەرباز ناکرێ.



Scanned with CamScanner

## ١٩٣ - سەرزەنشتی پێش وەخت

منداڵێك لە ڕووبارێك مەلەوانی دەكرد . ئاو ڕای پێچاو وەخت بوو بخنكێ . ڕێبوارێكی لە كەناری ڕووبارەكە دی . هاواری كردێ .

ڕێبوارەكە ما سەركۆنەی بكا : مادام مەلەوان نی بۆ دەئاوێ دەكەوی ؟

منداڵەكە هاواری كرد : « تكایە جارێ زوو ڕزگارم كە ، كە ڕزگار بووم ئەو حەلە تێر سەرزەنشتم بكە . »

ئەم هەقایەتە بۆ هوشیاركردنەوەی ئەو كەسانەیە كە ئیشی وا دەكەن قسەی خەڵكیان بێتەسەرو بە خراپی لەگەڵیان بجووڵێنەوە .



Scanned with CamScanner

## ١٩٤ - ڕاهاتن

دەوڵەمەندێك بوو بە دراوسێی دەباغێك . لەبەر ئەوەی دەوڵەمەندەکە بۆنی دەباغخانەی پێناخۆش بوو ، هەموو ڕۆژێ لەگەڵ دەباغەکە مشتومڕی بوو ، پێیدەگوت ماڵی بار بکا . دەباغ هەموو جارێ بیانووی دەهێنایەوەو دەیگوت پاش بەینێکی دی دەگوازمەوە . ئەم سەین و بەینە ئەوەندە دەوامی کرد کابرای دەوڵەمەند لە بۆنەکە ڕاهات و وازی لە دراوسێکەی هێنا .

● کە یەکێ لە شتێ ڕاهات ، شتی ناخۆشیشی لا ئاسان دەبێ .

## ١٩٥ ــ پەند وەرگرتن لە ئەزموونی ناخۆش

شوانێك مێگەلەکەی لە دەم دەریـا دەلەوەڕانـد ، تەماشـای دەریای کپ‌و هێمنی کردو بڕیاری دا واز لە مەڕداری بێنێ‌و ببێ بە بازرگانی ناو دەریا • چوو مەڕەکەی دۆبڕ فرۆت • پارەکەی بە خورما داو لە کەشتی بار کردو ملی بە دەریاوە نا • ماوەیـەك ڕۆیشت ، گەرداوێکی سەخت هەڵی‌کردو کەشتی کەوتە ترلزەو هات نقووم بێ • کابرا ناچار بوو هەموو بارەکەی فڕێدا نـاو دەریاو پاش ماندووبوونێکی زۆر ئینجا توانی کەشتی‌یەکە بە سەلامەتی بێنێتەوە سەر کەنار •

زۆری پێ‌نەچوو ، شوان بووەوە شوانی جاران ، ڕۆژێ دیسان لە دەم دەریا مەڕی دەلەوەڕاند ، ڕێبوارێکی تووش هات ، ئەو حەلە دەریا هێمن‌و ئارام بوو • ڕێبوارەکە گوتی : « مام شوان تەماشا کە دەریا چەند کپ‌و ئارامە ! »

شوان گوتی : « برام ، دیارە ئەم دەریایە هێشتای خورمـا لە من دەوێ بۆیە وا هێمنە • »



Scanned with CamScanner

# ١٩٦ ـ هاواره گورگه !

شوانێك هەبوو حەزی لە سوحبەت‌و بازی بوو • مێگەنەکەی نەختێ لە دێ دووردەخستەوەو دەیکردە هات‌و هاوار گوایە گورگ لە مێگەلی ناوەو بانگی گوندی‌یەکانی دەکرد بێنە هانای • گوندی‌یەکان دوو سێ جار بە پرتاوی هاتن ـ شوانەکە پێیان پێدەکەنی‌و بە ساردی دەگەڕانەوە •

دوا جار ، گورگ بەڕاستی لە مەڕی نا ، شوان‌و مێگەلی شپرزە کرد • شوان بانگی گوندی‌یانی کرد بگەنە فریای بەلام خەلکەکە وایان زانی دیسان گالتەیان پێدەکاو هیچ خۆیان تێك نەداو کەس بە دەنگی‌یەوە نەچوو • بەم جۆرە شوانەکە مێگەلەکەی تەفرو توونا بوو •

● درۆزن هیچی لە درۆ چنگ ناکەوێ ، وای لێدێ ڕاستیش بلێ کەس بڕوای پێ ناکا •

## ١٩٧ – سەرڕووتی زۆرزان •

کابرایەکی سەرتاوسی هەبوو بارۆکەی لەسەر دەنا • ڕۆژێ ، لە سواری ئەسپ بوو بایەك لە بارۆکەکەی داو بردی • ئەوانەی لەوێ بوون هەموو دایانە قاقای پێکەنین •

کابرا جلەوی ئەسپەکەی گرتو گوتی : « براینە ، پێتان سەیر نەبێ کە ئەو پرچەم پێ ناپارێزرێ کە هی خۆم نی‌یەو لەسەریشی دەکەم ؟ چونکە خاوەنەکەی ئەسلی ، کە ئەم پرچە لەسەری خۆی بوو ، نەیتوانیوە بیپارێزی ، جا من چۆن بیپارێزم ؟»

● باش نی‌یە کەس لە شتی وا دڵی بشکێ ؟ چونکە ئەو شتەی لە بنەچەوە هی خۆمان نەبێ نابێ بە هی ئێمە •
بە ڕووتی دێینەدونیاو بە ڕووتیش دونیا جێ دێڵین •



Scanned with CamScanner

# ١٩٨ ـ برادەری ڕاستەقینە !

ناوی دۆستێنی هەمیشە لەسەر زاری خەڵکە بەڵام دۆستی دڵسۆز زۆر کەمە •

خانوویەکیان بۆ سوکرات دروست کرد ـ سوکرات ئەو کابرایە کە ئەگەر بە زیندوویی بە خزمەتی بگەیشتبام بەدڵ دەبوومە هاوبەشی چارەنووسی ، بەڵام ئێستا بۆتە خۆڵەمێش • کاتی خۆی بەلاش تاوانباریان کردو ناویان زڕاند ـ ڕێبوارێك کە چاوی بە خانووەکە کەوت قسەیەکی زۆر ماقووڵی کرد ، کەس قسەی وای نەکردوە ، گوتی : « پیاوێکی وەکو تۆو ئەم خانوە بچووکەیان نەگوتوە ! »

سوکرات گوتی : « خوا بکەم ئەوەندە برادەری ڕاستەقینەم هەبێ ئەم خانوە بچووکە پڕ بکەن ، بەسمە • »



Scanned with CamScanner

## ١٩٩ – وەسیەتەو بۆتە مەتەڵ !

زۆر جار وا دەبێ یەك تاکە کەس لە کۆمەڵە کەسێك تێگەیشتووترە • بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەم ئەم هەقایەتەی خوارەوە بۆ نەوەی دادێ دەگێڕمەوە :

کابرایەك مردو سێ کچی لە پاش بەجێما : یەکیان (جوان) بوو ، تەماشای هەر پیاوێکی بکردایە شێتی دەکرد ، دووەم وەرزێڕێکی بە ئابوورەو خوایڕیسێکی بەتوانا بوو ، سێیەم مەیخۆرێکی زۆر ناشیرین بوو • کابرا پێش مردنی وەسیەتی کرد بوو ، دایکی کچەکانی کردبوە وەکیلی خۆی ، پێی گوتبوو چی سەرو سامان‌و میراتی هەیە بە یەکسانی بەسەر هەر سێ کچەکانی دابەش بکا بەڵام بە جۆرێکی وایان بداتێ کە ( سوود لە میراتەکە نەبینن ) و ( ئەگەر میراتەکەشیان لە دەست دا یەکەو هەزار دینار بدەنە دایکیان ) •

ئەم وەسیەتە لە ئەسینا دەنگی دایەوە ، دونیا پڕ بوو • دایکە پرسی بە یاساناسان کرد بەڵام کەس پێی‌لێك نەدرایەوەو میراتەکەی پێ‌بەش نەکرا بەو شێوەی کە کچەکان سوود لە میراتەکە وەرنەگرن‌و کە میراتەکەشیان فۆتاند یەکەو هەزار دینار بدەنە دایکیان •

ماوەیەکی زۆر پێوە هەژانەوەو مەسەلەکەیان بەراو پشت کرد ،

کەس سەری لێ دەرنەکرد • دایکە هوێـدی بەیاسانـاسـان نـەماو بڕیاری دا بە پێی ویژدانی خۆی میراتەکە دابەش بکا :

کەوتە بەرێ ، ویستی جل‌وبـەرگ‌و خشـل‌و کەرەستەی حەمام‌و نۆکەری خەساوو قەرەواش بداتە جوانەکەو زەوی‌و پاوان‌و کەوێڵ‌و جوتیـارو گاجـوت‌و ماڵاتـەکە بداتـە وەرزێری ئیشکەرو بنداڤێـکی پڕ قەڕابە شـەڕاب‌و قەسرێـکی خۆش‌و باخچەیـەکی بەرهەڵدای بۆندار بداتە ئارەقخۆری هەنوسووتاو • دایکە خەریك بوو بەم چەشنە میراتەکە بەش بکاو خەڵکەکەش هەموو پەسندیـان کرد ؛ چونکە ڕەوشتی هەر سێ کچەکەیان باش دەزانی • کت‌وپڕ ئیزۆب لەناو قەرەباڵغی‌یەکە دەرکەوت‌و گوتی : (ئەگەر باوکی ئەم کچانە بیزانیایە بە هەموو ئەسینی‌یەکان نەیانتوانیـوە وەسیەتـەکەی جێبەجێ بکەن لە گۆڕەکەی دەهاتە دەرێ • »

خەڵکەکە گوتیان : ( بـۆ وا دەڵـێی ، فەرموو قسـەکەت بسەلمێنە • ) ئیزۆپ هەستاو ئەو مەتەڵەی بە چاکی هەڵهێنا کـــە سەری لە هەموویان شێواند بوو ، گوتی : « قەسرەکە بە هەمـــوو کەرەستەکانەوە ـ بە باخچـەی خـۆش‌و ئارەقی کۆنـەوە بدەنـە وەرزێری ئیشـکەر ، جل‌وبـەرگ‌و مرواری‌و قـەرەواش بـدەنە ئارەقخۆرەکە ، زەوی‌و گەوڕی ڕەشەوڵاغان‌و مێگەل‌و شوان بدەنە جوانەکە ؛ لەبەر ئەوەی ئەم شتانە لەگەڵ ڕەوشتی خۆیان ناگونجێ پێیان بەڕێوە ناچێ ـ کچە ناشیرینەکە خشلی دەفرۆشێ‌و ئارەقـی



Scanned with CamScanner

پێدەکرێ ، جوانەکە زەوی دەفرۆشێو بەرگی جوانی پێدەکرێ، وەرزێرەکەش لەبەر خەمی زەویو تەشیڕێسی قەسرەکەی لە دەست دەچێ • بەم جۆرە هەرکەسە چیدراوەتێ دەیچوێنێو وەسبەتەکە چی بۆ دایکیان داناوە دەیدەنێ • »

● بەم جۆرە ئەوەی بە زۆر کەس ساغ نەدەبووەوە ، یەك کەسی زیرەك ساغی کردەوەو قوڕی بنی دەرهێنا •



Scanned with CamScanner

## ٢٠٠ ـ ترسنۆکی خۆهەڵکێش

دوو سەرباز تووشی ڕێگرێك هاتن • یەکێکیان هەڵات بەڵام ئەوەیتر چەقیو مەردانە دەستی کردەوە • کە ڕێگرەکە بەزیو دەستیدا ، ترسنۆکەکە بەغار هاتەوەو شیری هەڵکێشا ، ساقۆی فڕێ داو قۆڵو باسکی لێهەڵکردو گوتی : « بەرم دە ، بۆ منی لێگەڕێ ، پێیپێشان بدەم ڕێ نەکێ دەگرێ • »

ئەو سەربازەی دەستوەکەری کرد بوو • گوتی : « بریا پێشتر وات گوتبا ، هەر هیچ نەبایە قسەکەت دەبوە پاڵپشتێك بۆ من ، بڕوام زیاتر بە خۆم دەبوو • چونکە پێمباوەڕ دەکردی ! ! ئێستا شیرت بخەوە کالانو زەانت بگرە ـ چونکە هەردووکیان لەیەك بێسوودترن • ڕەنگە بتوانی خەڵکیتر تەفرە بدەی چونکە ناتناسن بەڵام من باشت دەناسم ، بە چاوی سەری خۆم دیم چۆن پڕ بە پێ هەڵاتی ، ئیدی بڕوام بە ئازایەتیت نییە • »

ئەم هەقایەتە ئەو کەسانە ڕسوا دەکا کە تا چ لە گۆڕێ نەبێ ئازاو نەبەردن بەڵام کە ترسیان گەیشتێ پشت دەدەنو هەڵدێن •

## ۲۰۱ ـ ئەوەی حەز نەکا گوێی لە شتێ بێ خۆی لێ کەڕ دەکا

زۆر جار (لاملی) پیاو دەخاتە هەلە • کە یەکێ پێی لەسەر بیروباوەڕی چەوتی خۆی دابگرێ حەز ناکا ڕاستەقینەی تەواو دەربکەوێ •

دەوڵەمەندێک خەڵکێکی زۆری داوەت کردو بڕیاری دا هەرکەسێ لەم داوەتە شتێکی نوێو سەیر پێشکەشی بکا خەڵاتی بکا • ئەوانەی پیشەگەرو دەستنەخشین بوون هیوایان پەیدا کرد لەم پێشبڕکێیە ببەنەوە •

قەشمەرجار ( مهرج )ێکی زەین ڕۆنو مێشک کراوە هاتو گوتی شتێکی واتان پێشکەش دەکەم لە هیچ شانۆیەک پێشان نەدرابێ • کە ئەم دەنگو باسە بڵاو بوەوە شار هەموو شادو خەندان بوو ، خەڵکێکی ئەوەندە زۆر هاتبوو کورسی نەبوو لە سەری دابنیشن • قەشمەرجارەکە بەبێ کەرەستەو بەبێ یاریدەر چوە سەر شانۆ • دونیا کشو مات بوو ، هەموو دەمیان بەش کردبوەوە بزانن چ دەکا • کتوپڕ کابرا سەری بردەوەناو پێچی قاپووتەکەیو هێندە بە زیرەکی لاسای دەنگی کودەرە بەرازی کردەوە خەڵکەکە گوتیان هەبێو نەبێ ئەمە کودەرە بەرازی ڕاستییە لە ژێر قاپووتی شاردۆتەوە • چوون پشکنییان ، هیچیان نەدۆزییەوە • ئیدی

پارەیان بەسەر داباراندو کە لەسەر شانۆ ڕۆیشت چەپڵەیان بـۆ لێ دا •

کابرایەکی دەشتەکی لەناو حەشامەتەکە ڕاست بووەوە ، گوتی: « جا ئەمە چی‌یە ، من لەوە باشترم » بەبێ دوودلی بڕیاری دا ڕۆژی پاشی لەم جۆرە یاری‌یە لە قەشمەرجاڕەکە تێ‌بپەڕێنێ •

ئەمجارە حەشامەتێکی زۆرتر کۆبووەوە ، زۆر کەس هێندەیان ڕا لە قەشمەرجاڕەکە بوو تەنیا بۆ ئەوە هاتبوون گاڵتە بە کابـرای دەشتەکی بکەن •

هەروەوو غەنیم چوونە سەرشانۆ • یەکەم جار قەشمەرجاڕەکە وەکو کودەرە بەراز بۆڕاندی ، وای بۆڕاند خەڵکەکە کردیانـــە چەپڵەڕێزان • ئینجا بوو بە نۆرەی کابرای دەشتەکی • کابرا قۆڵی ڕەپ ڕاوەستا بوو دەتگوت بەرازی لە بن شمەکان شاردۆتەوە ؛ بەلام خەڵکەکە شکیان بۆ شتی وا نەچـوو چونـکە کاتی خـۆی کـــە ئەوەی‌تریان پشکنی هیچیان نەدۆزی‌یەوە ، گوتیان ئەمە بە قەستی وا دەکا ، بەلام ڕاستی‌یەکەی کابرا کودەرە بەرازێکی لە بن شمەکی نابوو • کە گوێی بادەدا بەراز دەیبۆڕاند • لەگەڵ ئەمەشـدا خەڵکەکە گوتیان گوایە لاساکردنەوەی قەشمەرجاڕەکە زیاتر بـە دەنگی بەراز دەچێو کابرای دەشتەکی‌یان لەسەر شانۆ وەدەرنا •

ئیدی کابرای دەشتەکی کودەرە بەرازە ڕاستەقینەکەی لەبن



Scanned with CamScanner

جلکی دەرهێناو بۆی سەلماندن کە حوکمەکەیان ڕاست نییەو بە پێکەنینەوە گوتی :

« فەرموو ، با ئەمە پێتان بڵێ کە ئێوە حوکمتان چەند ڕاستە ! ) »



Scanned with CamScanner

## ٢٠٢ – زوڕنا بۆ خۆی لێدەدا ٠

کابرایەك هەندێ شتی قۆڕی نووسی بوو ، بە شان و باڵی خۆیدا هەڵگوتبوو ٠ بۆ ئیزۆپی خوێندەوە بۆ ئەوەی بزانێ ڕای چییەو گوتی : « هیوادارم وا تێنەگەی کە من زیاد لە پێویست بە توانای خۆم دەنازم ! »

ئیزۆپ لەم قسە پووچو بۆشە پەست بووو گوتی :

« ڕاست دەکەی ، هەقتە مەتحی خۆت بکەی چونکە کەس دەستناکەوێ مەتحت بکا ٠ »



Scanned with CamScanner

## ٢٠٣ ـ چرووك ، ناوت ژنه !

له (ئیفیسوس) پێش چەند ساڵێ ، ژنێك هەبوو مێردی خۆی، زۆر خۆش دەویست • كه مێردی مرد تەرمەكەی خستە ناو تابووتو بۆی دەگریاو دەیلاواندەوە • شەوو ڕۆژ له دیاری بوو • بەم جۆره بێوەژن به دڵسۆزیو وەفاداری ناوی دەركرد ••

ڕۆژێكیان هەندێ كەس دزیان له ئابیدەی زیوس كرد بوو ، به پیس كردنی شوێنی پیرۆز تاوانبار كرانو سزایان ئەوه دانـان كه له خاچ بدرێنو ماوەیەك به دارەوه بن • جا بۆ ئەوەی كەس مەیتیان نەدزێ ؛ هەندێ سەربازیان له دیـــار كرده پاســەوان • شوێنەكەش له نزیك گۆڕی ئەو كابرایه بـوو كـه بیوەژنـەكەی بەجێی نەدەهێشت •

شەوێكیان ، سەربازێك تینوو بوو ، چوو داوای هەندێ ئاوی له قەرەواشی بێوەژنەكه كرد • ئەو كاته بێوەژن تا درەنگی شەو خەریكی ئیش بوو لەو ساتەدا خەریك بوو خۆی لەبەر چرا ڕێـك دەخست بچێ بخەوێ • سەربازەكه له درزی دەرگـاوه تەماشای ژوورەوەی كردو بیوەژنی بینی • بێوەژن ئەوەنده ڕێكوپێك بوو سەربازەكه یەكسەر ئەشقی بوو ••• ئەشقی بێـوەژن لەســەری دابوو ، خۆی پێ نەدەگیرا ، هەنجەتی دەدیتەوه بۆ ئەوەی بچـی تەماشای بـكا •



Scanned with CamScanner

هات‌و چۆی سەربازەکە دڵی بێوەژنی نەرم کرد • بوو بە دۆست‌و دڵداری کابرا • وای لێ‌هات سەربازەکە شەو تا بەیانی لەگەڵ بێوەژنەکە ڕایدەبوارد ـ شەوێ سەربازەکە خەریکی بەزم‌و ڕابواردن بوو تەرمێکی سەر خاچیان دزی • کابرا زۆر ترسا • مەسەلەکەی لە بێوەژن گەیاندو گوتی خراپم لێ‌قەوماوە، بزانن لەسەرم دەدەن • بێوەژنی وەفادار چارەی کرد، گوتی: «مەترسە، ئاسانە» مەیتی مێردی خۆی دایە بۆ ئەوەی بیبا لە جێی تەرمی دزراو بیخاتە سەر خاچ تا سزای نەدەن •

بێوەژنەکە بەم کردەوە ناشیرینە ناوبانگی بەرزی پێشووی خۆی زڕاندو بوو بە نموونەی بێ‌ئەمەکی‌و تاوانباری •



Scanned with CamScanner

## ٢٠٤ ـ ماسی گەورەو ماسی بچووك

ماسیگرێك لە ڕاو بوو ، تۆڕی ڕاكێشا ، چی ماسی ووردو بچووك بوو لە كونی توورەكە هەڵاتن‌و كەوتنەوە دەریا ، ماسی‌یە گەورەكان پێوە بوون‌و نەیانتوانی دەربازبن ، كابرا ڕایكێشانە سەر ووشكاتی •

● پیاوی دەست كورت سەری سەلامەتە كەچی پیاوی داراو ناودار بە دەگمەن لە تەنگانە ڕزگار دەبێ •



Scanned with CamScanner

## ٢٠٥ - ڕاوەماسی لە ئاوی شێلو !

کابرایەك بۆ ڕاوە ماسی چوە سەر ڕوبارێك تۆڕی هاویشتو لەو کانارەوە تا ئەو کەنار پانی کردەوە ٠ بەردێکی لە پەتێـــك خستو لە ئاوەکەی دا بۆ ئەوەی ماسی‌یان بترسێنێو ماسی ئاگایان لە خۆیان نەمێنێو بکەونە ناو تۆڕەکە ٠

کابرایەکی خەڵکی ئەو ناوە چاوی لێ‌بوو ، چوو سەرزەنشتی ڕاوکەرەکەی کرد ، گوتـی : « بۆچـی ئـاوی ڕونمـان لێ‌شێلو دەکەی ؟ »

ڕاوکەر وەڵامی دایەوە : « ئاخر ئەگەر ڕوبارەکە وا شێلو نەکەم لە برسان دەمرم ٠ »

● دەرهەق میللەتانیش هەر وایە ٠ سەرکەوتنی ئاژاوەچی لـە لە کووکە هەڵکردن دایە ٠



Scanned with CamScanner

## ٢٠٦ ـ ڕاهاتن ترس دەڕەوێنێتەوە

بنیادەم کە یەکەم جار چاوی بە حوشتر کەوت زراوی لەم کەلەشە گەورە چوو ، تا هێزی تێدا بوو لەبەری هەڵات • بەڵام پاشان وورده وورده زانی گیانداریکی هێمنە ئیدی زاتی دایە بەر خۆی و لێی نزیك کەوتەوە • پاشان کە زانی حوشتر پشووی درێژەو قەت تووڕە نابێ جڵەوی لەسەر کردو دایە دەست منداڵان بیهاژۆن •

● شتی ترسناك کە لێی ڕاهاتی ترست لێی نامێنێ •



Scanned with CamScanner

## ٢٠٧ ـ خۆناسین

شایەرێك هەبوو دەنگی کەرخو بێهێز بوو • لە ژوورێکی باغە بەدەم ڕەبابەوە گۆرانی دەگوت‌و ژوورەکە دەنگی زل‌و قەبە دەکرد • کابرا وای دەزانی دەنگی زۆر نێرو گەورەیە • هەوای چوونە سەرشانۆی پەڕیە کەللە ؛ بەڵام کە چوە سەرشانۆو لەبەردەم خەڵك گۆرانی چڕی دەنگ‌و ئاوازی ئەوەندە ناخۆش بوو خەڵکەکە بە بەردە پلووکان وەدەریان نا •

◉ هەر بەم شێوەیەش ، هەندێ خەتیب هەن لە قوتابخانە بەهرەدارو سەرکەوتوون بەڵام کە دەچنە ناو خەڵك تێدەکەون‌و ڕسوا دەبن •

# پەراوێــز

(١) سامـوس – Samus – (١٥) : دوورگەیـەکە لـە گریك •

(٢) پرۆمیتۆس – Prometheus – ( ٢٢ ، ١٥٥، ١٥٩ ، ١٧٥ ) : نیمچە خوایەکی یـۆنانیان بـوە ، وەستاو شارەزا بوە ، بنیادەمو گیانداری لە قوڕ دروست کردوە • کاتێ کە زیۆس ئاگری لە بنیادەم سەندەوە ، بۆ پیشەسازی بە کەڵکی دەهات ، پرۆمیتۆس ئاگرەکەی دزیو بۆ بنیادەمی هێنایەوە •

(٣) زیۆس – Zeus – ( ٤٢ ، ٥٤ ، ٥٦ ، ٦٤ ، ٧٢ ، ١٣٠ ، ١٣٥ ، ١٣٦ ، ١٥٠ ، ١٥١ ، ١٥٣ ، ١٥٤ ، ١٥٥ ، ١٥٩ ) : ( ئاسـمان ) لـە بنـجدا خـوای ئاوو هەوا بوو • بارەگای لەسەر شاخی ئۆلیمپۆس بوو • بای پێش‌باران‌و برووسك‌و چەخماخەی دەنارده سەر زەوی •

(٤) کێپ سانیـەم – Kep Sunium – (٥٠) : شارێکی گریکی‌یە •



Scanned with CamScanner

(٥) پیراوس — Piraeus — (٥٠) بەندەرێکی گریکی‌یە •

(٦) ئەپۆللۆ (٧٤) : لە دورگەی ( ئایگین ) هاتۆتە دونیــاوە • کوڕی ( زیۆس ) و ( لیتۆ )یە • ڕەمزی جوانی‌و ئاوازو شارستانێتی‌یــــە • بنیادەمــی فــێری تیرەنــدازی‌و مــــاڵات بەخێوکردن کردوە •

(٧) هرمز — Hermes — ( ٧٤ ، ١٤٧ ، ١٤٨ ، ١٥١ ، ١٥٢ ، ١٥٣ ، ١٥٦ ، ١٦٧ ، ١٧٨ ) : کوڕی زیۆسە • یەکەم ڕۆژی ژیانی کیسەڵێکی کوشت‌و قیتارەیەکی دروست کرد • گاپانی ئەپۆللۆی دزی • قسید بوە لە بەینی خواکان‌و بنیادەم • پاسەوانی گیانی مردوانە لە ( هیدز ) •

(٨) قاوەند : جۆرە باڵندەیەکە حەزی لە تەنیایی‌یە •

(٩) ئەفرۆدیت — Aphrodite — (٩٦) شاژنی خوای جوانی‌و پیت‌و بەرەکەتە • کچی زیۆسە • هەندێکیش دەڵێن لە کەفی دەریا دروست بوە • ژنی هیفایستوس — Hephaestus — ی خوای ئاگرە • وەکو ڤینۆسی ئیتالی وایە •

(١٠) هێرا — Hera — (١٥١) : شاژنی خوای پێش‌هێلینی بوو • خوشك‌و ژنی زیۆس بوو • کاروباری ژنانی بــــە دەست بوو بەتایبەتی مێردکــردن‌و مندــاڵ بــوون • وەکــو جۆنۆی ئیتالی وایە •



Scanned with CamScanner

(١١) مۆموس – Momus – (١٥٥) : خوای حوکمو دادپەروەری‌یە •

(١٢) ئەسینا – Athena – ( ١٥٥ ، ١٧٠ ، ١٧٤ ) : شازنی خوای ئەسینا بوو • وێدەچێ لە کریتو میسینا ، میرەکان لە چاخی برۆنزی‌دا بە پارێزەری خۆیان زانیبێو پەرستبیان • خوای شەڕو هونەرو پیشە بوو • وەکو مینەرڤای ئیتالی وایە •

(١٣) ئۆلیمپۆس – Olympus – (١٥٥) : ئەو شاخەیە کە بارەگای خواکانی لێ بوو •

(١٤) هیراکلیس – Heracles – ( ١٧٤ ، ١٨٨ ) : پاڵەوانێکی بەوەجی گریکی بوە• خوا نەبوە بەڵام هەندێ جار وەکو خوا پەرستوویانە • هێزو توانایەکی لەڕادە بەدەری هەبوو • زۆر بەزمو گۆبەندی گێڕاوە •

(١٥) ڕۆدس – Rhods (١٨٨) : شارێکی یۆنانی‌یە •

(١٦) دۆمادز – Demades – (٨٦) : خەتیبێکی یۆنانی بوو •

(١٧) پلوتوس – Plutus (١٨٨) : خوایەکی یۆنانی بوە •

(١٨) هادیز – Hades ( ١٨٩) : لە ئەفسانەی یۆنانی‌دا ئەو شوێنەیە کە گیانی مردوانی لێیەو هرمز پاسەوانیانە •



Scanned with CamScanner

(١٩) لیتی ـ Lethe ـ (١٨٩) : ڕوبارێکە هەر کەسێ ئاوی لێ بخواتەوە هەموو شتێکی لەبیر دەچێ • مێشکی سپی دەبێتەوە وەك ئەوەی تازە هاتبێتە سەر دونیا •

(٢٠) ئێفیسوس ـ E,phesus ـ (٢٠٣) : شارێکی گریکی‌یە •

(٢١) سوکرات ـ Socrat ـ (١٩٨) : زاناو فەیلەسووفی هەرە ناوداری گریکی‌یە کە بە تێکدانی مێشکی گەنجان تاوانباریان کردو بە ژەهر کوشتیان •

# ئیزۆپ وچیرۆکەکانی

ئەم حەقایەتانەی مام ئیزۆپ زۆربەی هەرە زۆریان لە کوردەواری خۆمان هەنو ئەوە بە ئەوە لە گوێ ئەگرەدان بۆ یەکتری دەگێڕنەوە .

ئەم حەقایەتانە بەرهەمی بیری هەموو مرۆڤایەتینو لای هەموو نەتەوەو میلەتێک هەن . بەلام ئەوەندە هەیە ۲۰۰۰ سال پێش ئێستا بە ناوی ئیزۆپ لە یۆنانەوە بە دونیادا بلاوبونەتەوەو هەموو نەتەوەو میللەتێک سەر لە نوێ وەریان گرتوونو بە زمانی نەتەوایەتی خۆیان بۆ رۆلەکانیان گێڕاونەتەوە ... هەر بۆیەش خراپ نی یە ئێمەش هەموو حەقایەتەکان بەسەریەکەوە بخەینە بەر دەستی خوێنەرانی ئازیزی کوردەوە !

★ ★ ★

بە یارمەتی : ئەمانەتی رۆشنبیریو لاوان .
دابەشکردنی : کتێبخانەی حەیدەری ـ هەولێر

چاپخانەی الحوادث ـ بەغدا

Scanned with CamScanner